# هزری نوێ

## گۆڤارێکی روناکبیری یە

**خاوەنی ئیمتیاز**

محەمەدی مەلا صدیق

**سەرنووسەر**

م/ عومەر حەلاق

**سکرتێری نووسین**

کارزان ئەحمەد

**دەستەی نووسەران**

غەریب محەمەد — شۆرش عەلی

بەختیار مستەفا — ئاسۆ باهر

هزری نوێ گۆڤارێکی ڕووناکبیری یە - ناوەندی سلێمانی و کەرکوک
پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان دەری دەکات

لەم ژمارەیەدا


- سەرووتار ................................ سەرنووسەر ٣ --- ٤
- کورد لەبەردەم شکستی بڕیار و ................ ن_ عەتا قەرەداغی ٥---١١
- جووتیاران و کێشە کشتوکاڵییەکان ............ و_ عوسمان حەسەن ١٢---٥٥
- کورتەباسێك لەسەر خەتەنەکردنی ..................ن_ زاریا عومەر ٥٦---٦٣
- کەپیتالیزم و مارکسیزم لە ووڵاتە .......... و_ سەرکەوت پێنجوێنی ٦٤---٧٠
- بەجیهانی کردن و دەست بەسەراگرتنی ..........ن_ م/ شۆڕش عەلی ٧١---٧٧
- چەند تیشکێك بۆسەر بنیادگەرایی ..............ئا_ فەرهاد فەرەج ٧٨---٨٢
- چەند سەرنجێك دەربارەی جەنگ و.................. ن_ ئازاد خدر ٨٣---٨٩
- ئەمریکا.. کۆمەڵگای تاوان ..................و_ بەختیار مستەفا ٩٠---٩٨
- کەسێتی کورد.. لەنێوان ڕووداو ..................ن_ حەیدەر ساڵح ٩٩---١٠٨
- ئیمپریالیزمێتی مافی مرۆڤ ....................و_ نزار محەمەد ١٠٩--- ١٢٣
- کورد و بنەچەی کورد............................ن_ ئەحمەد باوەڕ ١٢٤---١٢٨
- لە تکریتەوە ... بۆ کوێت ......................و_ م/ ساڵح محەمەد ١٢٩---١٤٨
- چەوسانەوەی تەقلیدی و............................ئا_ و/ گزنا جەزا ١٤٩---١٥٤
- ئایا بە ڕاستی بیرکردنەوە گرنگە؟............ و_ سەردار محەمەد ١٥٥---١٦٠


هەواڵنامەی کتێب

هەر نووسینە و گوزارشت لە بیر و رای خاوەنەکەی دەکات

ژمارە ( 3 ) ساڵی یەکەم - نەورۆزی ٢٦٩٩ ی کوردی - نیسانی ١٩٩٩ ی زاینی

**سەرووتار:**

# کوردستان ... یەک گەل و یەک وولاتە

لە ئەنجامی شەڕی (چالدێران)ی سالی ١٥١٤ی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و صەفەوی وولاتی کوردستان بوو بەدوو پارچەوە، پەیمانی سالی ١٦٣٩ی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەت ئەم دابەش کردنەی بەرەسمی ناساند. ئیتر لەو کاتەوە هەتا ئێستا خاکی کوردستان یەک پارچەیی بە خۆیەوە نەدیوە. هەڵبەتە دابەشکردنەکە ئەو میرنشینانەشی گرتەوە کە لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان حوکمیان دەکرد و جۆرێک لە سەربەخۆیی ئیداریان هەبوو. ئەوەبوو ئەو میرنشینانە کەوتنە دژایەتی‌کردنی یەکتر بۆ بەدەست هێنانی پالپشتی سەربازی و ئابوری، هەروەها کەوتنە سەوداکردن لەگەڵ هەردوو ئیمپراتۆریەتی داگیرکەر. ئەو حالەتە بەردەوام بوو تا هەلگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨). لەگرمەی شەڕەکە وولاتە ئیستعماریەکان بەتایبەتی فەرەنساو بەریتانیا کەوتنە پیلان دانان و بەستنی ڕێکەوتن نامەی نهێنی بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەولەتی عوسمانی کەلەبەرەکەی دژیان دەجەنگا، هەڵبەتە گرنگترین ئەو ڕێکەوتنامەیە ڕێکەوتنامەی سایکس بیکۆ بو کە لە سالی (١٩١٦) مۆرکرا لە نێوانیان بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەولەتی عوسمانی بەتایبەتی عێراق و وولاتی شام. دابەشکردنی ئەم جارەی ناوچەکە کارەساتێکی جەرگ بڕبوو بەنیسبەت خاکی کوردستان و گەلی کوردەوە کە کوردستان تیایدا کرایە چوارپارچەوە، دوای کۆتای هاتنی جەنگ و تێکشکان و لێکترازانی دەولەتی عوسمانی لە سالی (١٩٢٠) پەیمانی سیڤەر لە نێوان هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان دەولەتی عوسمانی ژێر کەوتوو مۆرکرا بەمەبەستی لێک هەلوەشانەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەولەتی عوسمانی، هاوپەیمانەکان لە (٣) بەندی تایبەتدا (٦٢-٦٣-٦٤) سەپاندیان بەسەر دەولەتی عوسمانیدا قایل بێت بە دروستکردنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم بۆ ئەو بەشەی کوردستان کە لە ژێر دەستی‌دامابۆوە و لە دواتر ڕاپرسیێک ئەنجام ئەدرێت لەناو خەلکی ناوچەی ئۆتۆنۆمەکە ئاخۆ دەیانەوێت جیا ببنەوە لە دەولەتی عوسمانی یان نا. دەولەتی عوسمانی شکست خواردوی جەنگ بەو مەرجانە رازی بوو پەیمانەکەی مۆرکرد. بەلام دوای ئەوەی (کەمال ئەتاتورک) توانی پایەکانی دەولەت بەهێز بکاو سەر لەنوێ سوپاو ئیدارات بنیات بنێتەوەو پەیوەندی دەرەکی خۆی پەرەپێبدات و چەندین (امتیازات)ی ئابوری‌و سیاسی بخاتە بەردەم وولاتانی هاوپەیمان، سەرەنجام لە سالی (١٩٢٣) پەیمانی لۆزانی لەگەڵ هاوپەیمانان مۆرکرد کە تیایدا وولاتانی هاوپەیمان پاش گەز بوونەوە لە (پەیمانی سیڤەر) و دەستبەرداری ئەو بەندانەبوون کە پێشتر خۆیان دایان رشتبوو کە تایبەت بوو بە کورد. بۆ دژایەتی کردنی ئەو واقیعە تازەیەش گەلی کورد لە هەموو پارچەکان دەستیان دایە شۆڕش و ڕاپەڕین بەمەبەستی رەتکردنەوەی ئەو دابەشکردن و داگیرکردنە کەتا ئێستا بەردەوامە، گرنگترینیان ئەو ڕاپەڕینە جەماوەریەبوو کە گەلەکەمان لە بەهاری (١٩٩١) بەرپای‌کرد و تیایدا بەشێکی زۆری باشوری کوردستانی لە داگیرکەران پاککردەوە بەلام بەداخەوە بەهاری ڕاپەڕین زۆری نەخایاندو سوپای داگیرکەری عێراق کەوتەهێرشی دڕندانە بۆسەر

کوردستان که بووه هۆی ئەوەی خەڵکی کوردستان لە ریفراندۆمێکی بێ وێنەدا خاك و زێدی خۆیان جێبهێڵێ بەمەبەستی ڕەنگکردنەوەی دەسەڵاتی داگیرکەر. ئەم کارەساتە مرۆییە کەم وێنەیە وای لە وڵاتانی دنیا کرد کە بێنە دەنگ و لەسەر پێش نیاری چەند دەوڵەتێك ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ( ٦٨٨ ) دەربکات کەتایبەتە بە پاراستنی گەلانی عێراق بەگشتیو گەلی کوردستان بەتایبەتی لە داپڵۆسین کە ناوچەی ئارامی سەرو هێڵی پانی ( ٣٦ )ی لێ کەوتەوە. ئەمەش هەلی ڕەخسان بۆ گەلەکەمان لە هەڵبژاردنێکی سەرتاسەریدا لە ١٩٩٢/٥/١٩دا پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێرێت و پاشانیش حکومەتی هەرێمی کوردستان بێتە دروست بوون. بەڵام وادیارە بەهاری خۆشی کورد هەر دەبێت کەم خایەن بێت بەڵێ ئەوە بوو شەڕی ناوخۆ جارێکیتر لە ئایاری ( ١٩٩٤ ) بەرۆکی گرتینەوەوزەبرێکی گەورەی لە ئەزموونی گەلەکەمان دا چ لەسەر ئاستی ناوخۆو چ لەسەر ئاستی دەرەوە هەتا ئێستاش حاڵەتی ئەشەڕ ئە ئاشتی بەردەوامە سەرەڕای تێپەڕبوونی ( ٧ ) مانگ بەسەر مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ( واشنتۆن ) لە نێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار.

لە پارچەکانی تری کوردستانیش شۆڕش و بەرخودانی گەلەکەمان بەردەوامە بۆ ڕەنگکردنەوەی واقعی داگیرکردن بەتایبەتی لە باکوری کوردستان کە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان پێی ناوەتە قۆناغی نوێو گرنگەوە بەتایبەتی دوای دەستگیرکردنی بەڕێز ( عبداللە ئۆجەلان ) لە گەڵە کۆمەکییەکی نێو دەوڵەتیدا. ئەوەی جێی سەرنج و پرسیارە ئەمەیە کە ئەمریکا بەو پێیەی ئێستا زەبەلاح ترین هێزە لە دنیادا بانگەشەی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و مافی گەلان دەکات زۆر دوو فاقیانە مامەڵە لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلەکەمان دەکات لە پارچەیەك پشتیوانی لێ دەکات و دەیپارێزێت و لە پارچەیەکی تریش بە تیرۆریستی دەزانێت ئەم دوو فاقی‌یەی ئەمەریکا ئەوە زیاتر دەسەلمێنێت کە ئەمریکا لە ڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەی گەلەکەمان دەکات و بەرژەوەندی خۆی دەخاتە سەروی ئەو درووشمە دۆگماییانەی کە بەرزی کردۆتەوە بەمەبەستی سەرکردایەتی کردنی بۆ جیهان.

سەرگەردانی سیاسی لە کوردستاندا و ڕزگار بوونی وڵاتەکەمان ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە یەکخستن و ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی چەپی مارکسی و هێزە نیشتمانی‌یەکان هەیە لەسەرو ئەمانەش ڕێکخستنی ڕیزەکانی کرێکار و زەحمەتکێشانی گەلەکەمان کە لەهەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا لە سەنگەری پێشەوەی خەبات و شۆڕش بوون، بۆیە دەبێت داکۆکیو پاڵپشتی خەباتیان بکەین لە پێناو بەدی هێنانی مافە ڕەواکانیان لە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و پیشەیی و ... هتد.

**سەرنووسەر**

**١٩٩٩/٤/١٨**

# کورد لەبەردەم شکستی بڕیارو ئایندەی نادیاردا

نووسینی: عەتا قەرەداخی



ئێمە هەمیشە بەترسەوە سەیری ئاینده دەکەین، هەر ئەو ترسەش وای لێکردوین کە بەردەوام بۆ ئێستاو لە ئێستادا بژین چوونکە دەترسین لە چارەنووسی خۆمان لە ئایندەیەکدا کەنازنین چۆن دەبێت و چیمان پێدەکرێت تیایدا ... رەنگە یەکێك لە هۆکارەکانی مانەوەی کورد لەبازنەیەکی داخراوداو نەتوانینی دەرچوون لەو سنوورەدا پەیوەندی‌یەکی بەهێزی بەو مەسەلەیەوە هەبێت، بەهەر حاڵ ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کورد وەکو نەتەوەیەك ناتوانێت لەو حاڵەتە سەختە دەربازببێت و بنەماکانی خۆبنیادنانەوەو خۆدروست کردنەوە دەستەبەر بکات. بەڵام ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە لە مێژووی ئێمەدا تاکو ئێستا پرۆژەی هەمەلایەنەی نەتەوەیی سەری هەڵنەداوە هەتا بتوانێت هەموو کەم وکورتی‌یەکان پڕبکاتەوەو هەموو حاڵەتەکانی شکست تێپەڕبکات و کەسێتی نەتەوەیی دروست بکاتەوەو لەسەر ئەو بنەمایەش پرۆژەی رێنسانستی نەتەوەیی بنیات بنێت کە لە پشتی ئەو پرۆژەیەشەوە بێ‌گومان دەبێ‌بکەری کوردی راوەستابێت، ئاشکراشە کاتێك کورد دەبێت بەبکەر کە لە قۆناغی ترس وگومانەکانی بەردەم ترس تێپەڕی کردبێت. بێگومان تاکو ئێستا ئێمە وەکو نەتەوە خاوەنی ئەو پرۆژە هەمەلایەنە نین، خۆ ئەگەر وەها سەیری راپەڕینی کورد بکەین لەبەهاری (١٩٩١)ەوە بۆ ئێستا کەسیمای پرۆژەی زیندووکردنەوەی بدەینێ ئەوا هەر لەسەرەتاوە بۆمان دەردەکەوێت کە پرۆژەی راپەڕین پرۆژەیەکی تەواو نەبووە. ئەویش لەلایەك لە

ڕوانگەی چۆنێتی سەرهەڵدانیەوە، لەلایەکی‌ترەوە لە ڕوانگەی ئەوناستەی پێ‌ی گەیشتووە.

ڕاپەڕین لە ڕوانگەی سەرهەڵدانیەوە لە ژێر هۆکاری دەرەکی شەڕی کەنداو شکستی ڕژێمی عێراقدا سەری هەڵداو خوودی بکەری ڕاپەڕین لە کوردو گەلانی تری عێراق لەلایەك بەهاندان و لەلایەکی‌تریشەوە وەکو کاردانەوە بەرامبەر بەسیاسەتی دڕندانەی ڕژێم ڕاپەڕین و لەپشتی ڕاپەڕینەوە هیچ پرۆژەیەکی فیکری‌و ئایدۆلۆژی بوونی نەبوو، بەتایبەتی لە کوردستان کە جەماوەر بە شێوەیەکی عەفەوی ڕاپەڕینی‌کردو بزوتنەوەی‌کورد کە ئەوکاتە لەسەر ڕۆخەکانی ئاشبەتاڵی هێجگاری‌بوو، بڕوای بەزیندووبوونەوە نەمابوو نەبەرنامەی ڕاپەڕینی هەبوو، مەگەر تاکو تەرا وەکو حاڵەتی فەردی ئەگینا لە خەیاڵ‌و عەقڵی هیچ کام لە حیزبەکانیشدا بەرنامەی ڕاپەڕین بەوجۆرە بوونی نەبووە، هەمووشمان ئاگادارین کە ڕاپەڕین چۆن دەستی پێ‌کردو کێ‌کردی.

بەهەر حاڵ دوای ئەوەی کەجەماوەر کوردستانی ڕزگارکردو لە ئاخرو ئۆخردا حیزبەکانیش کە چ بەژمارەو چ لەرووی توانانی عەسکەری‌و ئیداریشەوە زۆر لاوازبوون فریای کەوتن، بەڵام بزوتنەوەی چەکداری‌کورد نەیتوانی بەرنامە بۆ ڕاپەڕین و نەبۆ دوای ڕاپەڕینیش دابنێت چونکە هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان تەنانەت خەونیش بەوەوە نەبینیبوو کە کوردستان ڕزگاردەبێت و دەبێ ئەو بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی بگرێتە ئەستۆ. بەهەر حاڵ ڕاپەڕین بۆ ساتە وەختێکی کورت توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێمەدا یەکبوون و هاوکاری دروست بکات و پەردەیەك بدات بەسەر برینە سەختەکانی ناکۆکی‌و دوژمنایەتی ناوخۆداو سەرجەم برا دژەکان لەساتە وەختی ڕاپەڕیندا هەستیان بە برایەتی‌و پێویست بوونی برایەتی دەکرد ... بەڵام هەر زوو ئەو هەستکردنە هەرەسی هێناوهەوڕێنە بەنەفرەتکراوەکە جارێکی‌تر لە بوونی هەموو ئێمەدا زیندوبووەوەو برایەتی کورت تەمەنی نێوان هەموو برا نەیارەکان هەرەسی هێنایەوە، لەو ساتە وەختەکورتەی کە ڕاپەڕین

یەکبوونی درووستکرد، ترس لە بوون و ماهیەتی ئیمەدا هیچ ئامادەبوونیکی ئەما چونکە ئەو یەکبوونە هیزیکی وەهای بۆ بەرهەم هینایین لەو کاتە کورتەدا کەترس و کاریگەری ترسی سریەوە، بەلام لەبەر ئەوەی یەکبوون نەیتوانی دریژەبە بوونی خۆی بدات و رۆحی کۆمەلایەتی کۆمەلگای کوردی یەکبخات و بۆ هەتاهەتایە لەپەرتبوون و پەرەوازەیی دەربازیبکات ... جاریکی دی ترس لەگەل هەرەس هینانی ئەو یەکبوونەدا دەسەلاتی بەسەربوون و ماهیەتی ئیمەدا کردەوەو راپەرین وەکو پرۆژەیەکی نیوەناچلو هەرەس هیناو مایەوەو رۆحی هەلچووی کورد کەبەرەو لوتکەی رەهای دەچوو بەزووی پاشەکشەی کردو هاتەخوارەوە کەدوا ئەنجامی بە کۆرەو کۆتایهات. لەهەموویشی سەیرتر ئەوەیە تاکو ئیستا عەقلی سیاسیکوردی وەها سەیری کۆرەو دەکات کە خالیکی گرنگی وەرچەرخانە لە میژووی کورددا،کە راستییەکەی بەتەواوی بەپیچەوانەوەیە و کۆرەو سەختترین هەرەسی رۆحی کۆمەلگای کوردییە، لەو روانگەیەوە کە رۆحی هەلچوی ئیمە لە لوتکەوە بە خیراییەکی بیوینە گەرایەوەبۆ حالەتی سالبی پیشتری و چووەوە حالەتی شکستی پیش هەلچوونی، بگرە لە رووی مەعنەوییەوە زیاتریش دابەزی چونکە ئەو وەلامە سەختەی دا بە گویی ئیمەدا کە دەروازەی دەربازبوونمان نییە تەنانەت ئەگەر بگەینە لوتکەش ئەوا دەشی لە زووترین کاتدا بهینریینەوە خالی سەرەتا. ئەو گەرانەوەیەش بەشیوەیەکی بەو جۆرە بەپەلە ئەوە دەگەیەنیت کە ئیمە بە خۆرسکیو بە عەفەوی ئەو بلندبوونە رۆحیەمان بەسەردا هاتووەو هیچ بەرنامەو پرۆگرامیك لەپشتەوە ئامادەبوونی نەبووە، هەر بۆیە ئەوا لە زووترین و کورترین کاتیشدا ئەو حالەتی بلندبوونەدا دەمرکیتەوە. بەهەر حال کۆرەو جاریکیتر ئیمەی سپاردەوە بەترس، کەدەشیا لەحالەتی گەیشتن بەبەرزترین پلەی راپەریندا کورد بنیای دەولەتی سەربەخۆی خۆییبکردایە ئەگەر خاوەنی بەرنامەو پرۆژەی ریسانس بوایە، ئەگەر بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد هەلگری گوتاری نەتەوەیی بوایە،بەلام دیارە لەبەرئەوەی بزوتنەوەی کورد نەهەلگری گوتاری نەتەوەیی

کوردیبووە، نەخاوەن پرۆژەی نەتەوەیی بووە، نە لە پێناوی بنیادنانی ئەو گوتارەشدا ئیشیکردووە، نەتوانیویشیەتی مەسەلەی ڕەوای نەتەوایەتی کورد بکات بەبەرنامەی خۆی...هەر بۆیەو لەئەنجامی ئەوەشدا نەیتوانیووە هەنگاوی جیدی لەبەرژەوەندی نەتەوایەتی هەلبهێنیت، ئیستا پاشی هەشت ساڵ لە ڕاپەرین...هیشتا بزوتنەوەی کورد لەبەردەم گومان و ترسیکی خنکینەردا ڕاوەستاوە، گومان لەئایندەو ترس لە ئایندە هۆکەشی ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە خۆی نەخاوەنی بەرنامەو نەخاوەنی ستراتیژی نەتەوایەتییە، بەلکو کویرانە بەدوای ڕووداوەکاندا کیش دەبیت و نەتوانای پیشبینیکردنی هەیە نە دەزانیت ئایندەی کورد بۆ کوی دەڕوات، ئەم حالەتەش لەلایەك بۆتە هۆی ترس و نیگەرانیەکی کۆمەلایەتی سیاسی نەتەوەییو توانای عەقلیو حیسی نەتەوە لە بۆ شایدا بە فیرۆداوەو کوردی خستۆتە دوای وەهم و سەرابیك کە ناشیت جگەلە جۆریك لە فریوەدان و کات بەریکردن هیچیتری لیوە بەرهەم بیت، لەلایەکیترەوە بزوتنەوەی کوردی لەبری بەرنامەدانان بۆ ئایندە تازە بەتازە باسی ئەوە دەکات کی شانەی چەکداری بۆ ڕاپەرین درووست کردوو کی نامەی بۆ سەرۆك خیلو سەرۆك جاشەکان نوسی...ئەمەش بەلگەی لاوازی هەست و هۆشیاری نەتەوایەتیەو ئەگەر بەچاوی ڕەخنەو لە ڕوانگەی پرۆژەی نەتەوایەتییەوە سەرنجی ئەوشتانە بدریت ئەوا جگە لە بی ماناىو ناهۆشیاری ئیمە هیچ لیکدانەوەیەکیتری بۆ ناکریت، گرفتی کورد ئەوەیە لەبری قسەکردن لەسەر ئیستاو داهاتوو حیکایەتی ڕابردوو دەگیریتەوە ڕابردوویەك کە نەمانتوانیوە هیچی تیدا ئەنجام بدەین. بەهەر خاڵ خەریك کردنی میشکی جەماوەری کورد بەو شتانەوە کەهەر کەس کردبنیو هەر کەس لەپشتیانەوەبووبیت بۆ ئیستای کورد جگەلەوەی کە ئیمە لەحالەتیکی قەلەقی پرلەمەترسیدا دەژین لەبەردەم دەروازەکانی ئایندەدا هیچ مانایەکیتریان نییە.

کەواتە ترسی سەرەکی لە بوونی ئێمەدا کە ئێستا ئامادەبوونی هەیە سەرچاوەکەی نەبوونی بەرنامەو ستراتیژو عەقلی نەخشەکێشانی داهاتووە، کەئەو نەخشەکێشانەش پەیوەندی بەبنەماکانی ریسانس و پرۆژەی زیندووکردنەوەی کەلتورو کەسێتی کوردی‌یەوە هەیە. هەر بەو پێیەش کورد تەنیا ئەو کاتە لەو ترسە دەربازدەبێت کەبە دلنیاییەوە بەرنامەی ئایندەی خۆیی هەبێت و لەو پیناوەدا کاربکات، ئەو بەرنامەیەش بێ هیچ گومان و دوو دلی‌یەك دەبێ بەرنامەی سەربەخۆی کوردستان و دروستکردنی دەولەت بێت، بێگومان ئەوەش بەبێ پرۆژەی یەکبوون لە کوردستاندا ناگاتە ئەنجام، ئێستا هەموومان بەترسەوە سەیری ئایندەی یەکبوون ئەکەین لە کوردستاندا ئەگەر بەپێوەری عەقلو ستراتیژو بەرنامەی حیزبە دیارو دەسەلاتدارەکانی کورد بپێوین چونکە هیچ کامیان نە ستراتیژی یەکبونیان هەیە، نەکاری بۆ دەکەن، نەهەستیش بە پێویست بوونی دەکەن، دەتوانین ئەمەش بەسادەترین نموونە بسەلمێنین ئەگەر هەستکردن بەپێویستبوونی یەکبوون لای حیزبە دەسەلاتدارەکانی کورد سەری هەلبدایە وەکو سەرەتای پرۆژەیەکی نەتەوەیی ئەوا دەبوو لە هەلویستی درندانەی شارستانیتی رۆژئاواو دیموکراتی‌و مافی مرۆڤی رۆژئاوادا بەرامبەر بە ئێمەی تەنیا کە هەلویستی ئەوان بەرامبەر بە کورد لە داخستنی هەموو دەرگاکاندا بە رووی کەسێتی ئاپۆ دا دەرکەوت کە مانای داخستنی هەموو دەرگاکان بوو بە رووی کورددا دەبوو حیزبە دیارەکانی کورد تێکرا ناکۆکی‌یەکانیان بەلاوە بنایەو بەیەك دەنگ بیانگوتایە بەلی بۆ یەك هەلویستی و یەکبوون بۆ پێکهێنانی یەکیتی کوردی، بۆ یەکخستنی سەرجەم توانای کورد، کە دلنیام ئەنجامەکەی دەبووە گەورەترین فشارو دەشیا دنیای ناچاربکردایە بۆ دایەلۆگ لەگەل کوردو دان نان بەبوونی کوردا، ئەوەش دیارە هەلویستیکە ترس دەبەزینی‌و لەرووداوەستان و تەم دا دروست دەکات، کوردیش بۆ ئەوەی لەحالەتی ئێستای دەربازبێت دەبێت موجازەفەی تەم داکردن بکات و ترس بەلاوە بنێت. کە ئەو تەمەدا کردنەش

بریتی‌یە لە زیندووکردنـەوەی رۆحـی هـەلچووی سـەردەمی راپـەرین کەبەداخـەوە بزوتنـەوەی‌کوردی لەساتە وەختـی راپەرینـەوە بـۆ ئیـستا بـەردەوام ئـەو رۆحـە هەلچووە هەرەس پی دەهێنی‌و لە ستراتیژو بەرنامەی‌دا لەبری دروستکردنی گیانی بەرگری بەهیزترو بزواندنی رۆحی کۆمەلایەتی کوردی بەرەو دەربازبوون لە ترس و دوو دلی‌و ناراستەکردنی بەرەو بەرزترین لوتکەی کە سەربەخۆی‌و دروستکردنی دەولەتە، هەمیشە ئەو رستە ترسناکانە دەدەنەوە بەگوی‌ی کورددا کەهیچ ئومیدی داهاتوویەکی گەشی لی‌ناکریت کە ئەویش لە سووربوون لە سەر ژیانی پیکەوەیی لەگەل داگیرکەرەکانی کوردستاندا خۆی دەبینیتەوە بەپی‌ی بەرنامەو تـیروانینی حیزبە دەسەلاتدارەکان...ئەم هەلویستەش بەردەوام ئەوە بەبیری ئیمە دینیتەوە کە سەرکردایەتی کوردی بەردەوام لەبەرامبەر ترسیکی سەختدا راوەستاوە کە ئەویش ترسە لە ئازادی‌و سەربەخۆیی بۆیە بەردەوام داکۆکی لە جیانەبوونەوە دەکات، کە ئەو داکۆکیەش کاریگەری هەرە نیگەتیف و خراپی لەسەر کۆنەستی کۆمەلایەتی کورد هەیەو بەرەو جۆریک لە رازی‌بوون بە واقیعی ژیردەستەیی‌و، پاشکۆیەتی دوورو دریژی دەیجولینی، چونکە هەلویستی بزوتنەوەی‌کورد بەو شیوەیە ئومیدی ئازادی‌و سەربەخۆیی دەکوژیت و رۆحی هەلچووی ئیمە بەرەو کەنارەکانی هەرەس دەبات، بی‌گومان هۆی سەرەکی ئەم هەلویستەش لە ستراتیژو بەرنامەی بزوتنەوەی کورددا دەگەریتەوە بۆ لاوازی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی کـورد و نـەتوانینی ناسینی داواکاری نەتەوایەتی کورد لە لایەن ئەو بزوتنەوەیەوە کە ئەم حالەتەش باریکی شلۆق و نیگەرانی لە بوونـی ئیمـەدا دروستکردووەو لەبەردەم ترسیکی سەختدا رایگرتووین ترسـی سـەر دەرنـەکردن لـەوەی ئایندەمـان بـەرەو کـوی دەچیت...چیمان بەسەر دیت؟، لەکاتیکدا بزوتنەوەی کوردی توانای هیچ بریارو گۆرانکارییەکی نی‌یـەو ئـەویش هـەمان شـیوەی جـەماوەر لـە چاوەروانی‌یـەکی خنکینەردایە...ئـەو چاوەروانیـە خنکینـەرەش وای لیکـردووە لەبـەردەم هـەموو بریاریکدا دەسەوسان بیت ونەنجام هەست و هوشیاری کوردیش نەک هەر بکوژیت

بەلکو لەبەردەم ترسی لەنێوچووندا هەرەسی تەواوەتی پێبهێنێت. کورد پێویستی بەوەیە لەم ترسە رزگاریببێت، ئەوەش پێویستی بە پرۆژەیەکی ریسانسی نەتەوەیی هەیە کە کورد لەم قۆناغە ترسناکە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغێکیتر کە رۆحی بکەرێتی بە کورد ببەخشێت و توانای بریاردانی لادروست بکات ئەوەش تەنیا لەسایەی پرۆژەی یەکبووندا دەگاتە ئەنجام.



# جوتیاران و کێشە کشتوکاڵیەکان لەهزری مارکسـیـدا*

نووسینی: محەمەد فەرەج*
و: عوسمان حەسەن




**پێشەکی:**

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ناسینی رەوشی جوتیاران و مەسەلەی جوتیارانە لە روانگەی مارکستی‌یەوە، ئەویش لە رێگای هەستان بەخوێندنەوەی ئەو تێکستە(دەق) مارکسیانەی کەلەم بارەیەوە لەبەردەستدان و دەتوانن بنەماکانی هەڵوێستێکی مارکسیستیمان لەبارەی جوتیاران و مەسەلەکەیانەوە بدەنێ، لەچوارچێوەی پەیوەندی‌یە ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌یە جیاوازەکاندا.
بێ‌گومان ئێمە لە چوارچێوەی ئیش کردنماندا لە پێناوی بەئەنجام گەیاندنی ئەم لێتوێژینەوەیە، بەرهەمە فیکریەکانی بیریارانی پێشەنگی مارکسی بەکاردەهێنن، ئەم بەکارهێنانەش یان وەکو بەرهەمێکی فکری ئەو مشت و مڕە

---

* ئەم لێکۆڵینەوەیە دەقی محازەرەیەکە کەلە چوارچێوەی ئاهەنگەکانی کۆمیتەی: چالاکی کۆمیتەی میسری بۆ ئاهەنگ گێران بەبۆنەی تێپەڕبوونی ١٥٠ساڵ بەسەر دەرچوونی مانیفێستی کۆمۆنیستدا لە مانگی شوباتی ١٩٩٨ دا لە قاهیرەدا، پێشکەش کراوە.

* محەمەد فەرەج: مارکسیستێکی میسری‌یە. ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆبونەوەی نیشتمانی میسرە، کە د.رەفعەت سەعید سکرتێریەتی (وەرگێڕ)

هەواڵنامەی کتێب

تیۆریانەی کەلەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە لە مەڕ مەسەلەکانی تایبەت بە جۆشدانی شۆڕشگێڕی دۆخی ئەو دەمە دەستی پێکردبوو سەرەڕای دیاریکردنی هەڵوێستەکان لەو رەوتانەی بیری سۆسیالیستی کەلەو کاتەدا شان بەشانی مارکسیزم لە ئەلمانیاو فەرەنساو بەریتانیا بڵاوبببوونەوە، دیاریکردنی هەڵوێستێکی رۆشن لەمەڕ ململانێ ی چینایەتیو چینەکۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی ئەودەمە لەلایەکی تریشەوە یان وەکو بەرهەمێکی فیکری ئەو ململانێ فکرییەی لەسەر دیاریکردنی سروشتی مەسەلەی جوتیاران و هەڵوێست وەرگرتن لەتوێژە جیاوازەکانی جوتیاران لەو کاتەدا خرابووە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە وە کێشەی جوتیاران لەچوارچێوەی پراکتیزەکرانی تایبەتییەوە لەهەردوو شۆڕشی روسیو چینیدا.

ئامانجی ئێمە لێرەدا ناسینی هەڵوێستی فکریو سیاسی بنەماداڕێژەران و دەستنیشان کردن و پێشکەش کردنیەتی لە پێناو ئاشکراکردنی سیما سەرەکییەکانیدا. لەبەرئەوە ئەم لێتوێژینەوەیە بەدرێژی ناچێتەسەر دژ بەیەک بوونەکانی (تناقظات)پراکتیزەکرانی شۆڕشگێڕانە لەرەوتی گەشەکردن و بەدرێژایی قۆناغەجیاوازەکانی هەردوو شۆڕشی روسیو چینیدا.

هەروەها هەستان بە بینینی رۆڵی رەخنەگرانە لەمەڕ پێداچوونەوە فکرییەکانی ئەو بەرهەمانە دەرچوونە لە سنووری دیاریکراوی لێتوێژینەوە کە، بەتایبەتی پاش هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤێت و رەنگدانەوەیئەو هەرەسە لەسەر هەڵوێست وەرگرتن لەمەڕ جوتیاران و مەسەلە کشتوکاڵیەکان، هەروەها لەمەڕ سروشتی هەردوو شۆڕشی روسیو چینی وئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەریاندا هاتووە هەڵوێستێکی رەخنەگرانە وەرناگرین، بەتایبەتی هەڵوێست لە لینینیزم و ماویزم و بەراوردکردنیان لەگەڵ مارکسیزم دا، ئەویش لەبەر ئەوەی ئێمە وامان بەباش زانی کەکارکردنمان لەسەر ئەو لێتۆژینەوەیە ئاراستەی ئامانجەکەی دیاری کراوبێت، کەئەویش ناسینی هەڵوێستی راستەقینەی _ اصلی _ مارکسیزمە لەسەر کێشەی جوتیاران، بەهۆی ئەو بەرهەمە فکرییانەی کەلەبەردەستدان واتە ئەو تێکستە

مارکسیانەی کەلەچوارچێوەی هەل و مەرجی دیاریکراوی مێژوویی‌دا بەرهەم هێنراون.

ئێمە بەم کارەمان خۆمان لە خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ مارکسیزم نادزینەوە جا چ پەیڕەوکردنە(تطبیق) رووسی‌یەکەی بێت یان چینیەکەی چ رێبازی لینینستی بێت یان ماوی کەنامانەوێ پەرەکانی کارەکەمان تێکەڵاوبکەین یان لە لێتوژینەوەکەوە بازبدەین بۆ سەر مەسەلە پەراویدەیی‌و لاوەکیەکان لەبەر ئەوەی ئەمە شتێکە وە ئەوەش شتێکی‌ترە، وەئەمە خوێندنەوەیەکەو ئەوەش خوێندنەوەیەکی جیاوازتر...

ناسینی هەڵوێستی مارکسیستی _ بەهۆی تێکستەکانەوە _ لەسەر جوتیاران وکێشەکەیان ئامانجی سەرەکی‌و دیاریکراوی ئەم لێتوژینەوەیەیە، ئارەزوی بازدانمان نەبوو بەسەر ئەم ئامانجە دیاریکراوی ئەم لێتوژینەوەیەدا، کەئەمەش خۆبە خۆ _ لەهەمان کاتداو ناراستەوخۆ دەبێتەهۆی ئاشکراکردنی هەڵەکانی ئەو رەوتە کەبە مارکسیزمی باو یان بەفکری شۆرشگێڕی باو ناسراوە ئەو هەڵانەی کە لەووتنەوەی ووتەزاکانی _ مقولات _ مارکسیتی‌یەوە دێت بەپێچەوانەی رێچکەی ئاسایی خۆیانەوە یاخود بە جۆرەها چەشنی مارکسیزم ی (شفوی _ سماعی)یەوە هەڵدەقوڵێن دەربارەی ووتە زاگەڵێکی (مقولات)ە زۆرو چەندەها هەڵوێستی جۆراوجۆرەوە، وەئەوەی کەلێرەداو لە چوار چێوەی ئەم لێتوژینەوەیەدا بۆ ئێمە گرنگە ... هەڵوێست وەرگرتنە دەربارەی کێشەی دەست بەسەراگرتنی زەوی یان خۆماڵی‌کردنی وە موڵکدارێتی بەکۆمەڵی زەوی، وەهەڵوەشاندنەوەی موڵکدارێتی تایبەتی، و دروشمی زەوی هی ئەو کەسەیە کە دەیکێڵێ و کێڵگە هەرەوەزیەکانی‌و هەروەها هەڵوێستە دەربارەی موڵکدارێتی بچوک و ناوەندی زەوی لەلایەن جوتیارانەوە ... هتد.

دەرخستنی هەڵوێستی مارکسیزمی راستەقینە (اصلی) _ واتە تێکستە ئەصڵیەکان _ لەمەڕ ئەم کێشانەوە چەندەها کێشەی تری پەیوەست بەم کێشەیەوە، ئامانجی سەرەکی‌و دیاریکراوی ئەم لێتوژینەوەیەیە.

هەروەها دیسان دوو پاتی دەکەینەوە کەئامانجمان ئەوە نییە کە ئەم هەڵوێستانە یان ئەم دەقە مارکسستیانە دەست بدات.

بێگومان ئارەزووی ئێمە بۆ ناسین و ئاشنابوون بە هەڵوێستی مارکسستی لەسەر کێشەیەکی دیاریکراو، ئەویش لەڕێ کارکردنمانەوە لەسەر تێکستە بنچینەیەکان بەدەرە لەوەرگرتنی هەڵوێستێکی (عقائدی) بەستەڵەك ئاسا یاخود گۆڕینی مارکسیزم بە تێکستێکی ڕەها(نص مطلق)ی بێچوارچێوەو مێژووی دیاریکراو ((ئێمە نالێین کە مارکس وە مارکسێستەکان ڕێباز و ڕێچکەی سۆشیالیزم بەهەموو دیاردە ... ماتریالی‌یەکانی‌یەوە دەزانن لەبەر ئەوەی قسەیەکی لەم چەشنە گەلۆری یە))[1]

لەبەر ئەوەی لەپشت تێڕوانینی مارکسیزمەوە بۆ چینەکان و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا دیدگایەکی سەرنج گەرایی (تأملی)، یان ئێرادەگەری یان خودی (زاتی) ڕانەوەستاوە، هەروەها هەڵوێستی خۆی لەسەر ئەم چین یاخود ئەو چینی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای هەندێ پێباش بوون (الافضلیات)ی دابڕاو لە بزاوتی کۆمەڵ و ئاراستەکانی گەشەسەندنی و ئەگەر ((ممکنات))یەکانی گۆڕینی، دیاری ناکات مارکسیزم ململانێی چینایەتی دانەهێناوە (اختراع) بەڵکو تەنها بوونی ئەو ململانی‌یەی لەواقعی ئابوری و کۆمەلایەتی‌دا وەك یاسایەکی بزوینەری مێژووی نوسراو ئاشکراکردووە. کە بەهۆیەوە شرۆڤە (تفسیری) شۆرشە سیاسیو کۆمەلایەتی‌یەکان و بزوتنەوە رزگاری خوازەکانی پێ دەکرێت، ئەم ململانی چینایەتی‌یە لە واقعدا تەنها لەیەك شێوەدا خۆی نمایش ناکات، بەلکو شێوەو دیاردەکانی زۆرو هەمەجۆرن، هەندیک جار بەئاشکرا دەردەکەویت هەندیك جاریش رۆدەچێتە قولایی‌یەو لەهەندی جاریشدا لەپشت هەندی کیشەی ترەوە ون دەبیت، بەلام باشترین و روشنترین شیوەی خۆنیشاندانی لە ململانیی نیوان چینەکاندا بەدیار دەکەویت، بەلام زۆر جاریش بەپاشکەوتوویی‌و شوینەوارەکانی لەهەندی لە دیمەنی ململانی شیواز رەگەزی و خیلەکی‌و ... هتد ی ململانی‌کاندا خۆی دەردەخات.

مارکسیزم داهێنەر (مخترع)ی شۆڕشەکان نی‌یە، بەڵکو شۆڕشەکان پێش و پاش دەرکەوتنی مارکسیزمیش روویان داوە لەکاتێکدا کە مارکسیزم پەیوەندی نێوان ئەم شۆڕشانەو چینەکان و ململانێی چینایەتی ئاشکراکردووە. وەلەهەمان کاتیشدا رۆڵی ئەم شۆڕشانەی لە پرۆسیسی گۆڕین و پێش خستنی کۆمەڵگاکاندا، وەگوێزانەوەیان لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراوەوە بۆ کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووتر، لەسیستەمێکی کۆمەڵایەتی‌یەوە بۆ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوترو باڵاتر، ئلشکراکردووە.

مارکسیزم بەدابڕاوی سەیری شۆڕشی کۆمەڵایەتی‌و کۆمەڵگاوچینەکانی نەکردووە بەڵکو لە هەموو شۆڕشێکداو لە چوار چێوە مێژوویی‌یەکەیدا ناوەرۆکە کۆمەڵایەتی‌یەکەی ئاشکراکردووە، ئەویش بە لێتوێژینەوەی سروشتی ئەو کۆمەڵگایەی کە شۆڕشەکەی تێدا هەڵگیرساوەو دیاریکردنی پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یە باوەکان (سائد)و وەضعو پەیوەندی‌یانەی کەلەگەڵ چینە کۆمەڵایەتی‌یە تازەکاندا هەلکشاوە (صاعد) ناتەبابوو، ئەو چینانەی کەئامانجیان بنیاتنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێبووە.

تێروانینی مارکسیستی بۆ شۆڕش لە جەوهەردا، پێی‌وایە کەشۆڕش دەربڕی ئەو ناکۆکی (تناقض) یەیان ئەو نەگونجانەیە کەلە نێوان هێزە بەرهەم هێنەرە تازە پەیدابووە هەلکشاوەکاندا (صاعد)و پەیوەندی‌یە باوەکانی بەرهەم هێناندا هەیە ـ وەبەلای مارکسیزمەوە شۆڕش رەوتێکی (نزعە) ئیرادەگەری خەیالی (مثالی) ئەلقەیەکی شۆڕشگێری دابڕاو لە چینە کۆمەڵایەتی‌یەکان نی‌یە، کەخوازیاری هەلگیرساندنی شۆڕش بێت ـ.

لینین لە ئەیلولی ١٩١٧دا دەڵی ((ئێمە دەزانین ئەم رێگایە بەرەو کوێ دەڕواو چ چینێکیش بەرەو ئەویمان دەبات بەلام ووردەکاریە پراکتیکی ماتریالیەکان ئەوا ئەزموونی ملیۆنی خەلك پێش وەخت لە پراکتیکی شۆڕشگێرانەیاندا سەلماندویانە))[٢]

له سۆنگەی ئەم راستی‌یەوە تیروانینی مارکسیزم بۆ چین و تویژە کۆمەلایەتی‌یە جیاوازەکان لە روانگەی کاریگەری رۆلیانەوە بووە لە پرۆسیسی شۆرشگیریدا، چونکە جیگاو شوینی ئەوان _ لەکارکردن لە میژوو لە دوا رۆژیش پەیوەستە بەو رۆلەیانەوە کەلە شۆرشدا دەیبینین یان بەواتایەکی‌تر لە روانگەی کاریگەری رۆلیان لە پرۆسەی میژوویی شۆرشدا _ .

وەلەم چوار چیوەیەدا بوو کە بۆچوونی مارکسیزم لەبارەی بزوتنەوەی جوتیاری وەبەرژەوەندی‌یان لە شۆرشە بۆرژوازی و کریکاریەکاندا دەرکەوت، وەسەر ئەنجام بیرکردنەوەی (تفکیر) مارکسستی دەربارەی رۆلی جوتیاران و شوینیان لە پرۆسەی شۆرشگیریدا گەلالەبوو.

بیرکردنەوەی مارکسستی بۆچوونی گشتی خۆی دەربارەی جوتیاران وەك بەشیك لە کیشەی زەوی وزاری جوتیاران دەبەستیەوە بە هەلویستی گشتگیری لەتیروانینی کۆنکریتی وگشتگیری خۆی لەکیشەی زەوی وزار وجوتیاران تەماشادەکات، رەوشی (وضع) کیشەی جوتیاران لەریچکەی شۆرشە بۆرژوازی وسۆشیالستی یەکاندا،هەروەهاو جیگاو شوینی وئەم کیشەیە لەچواچیوەی هەردوو کۆمەلگای سەرمایەداری وکۆمەلگای سۆشیالستی داجیاوازە، کیشەی جوتیارو زەوی لەجەوهەری دا وەلەرەوتی گەشەکردنی میژووی خۆیدا بریتی یەلەکیشەی ((زەوی وجوتیار))وەپەیوەندی بەهیزی بەپەیوەندیە ئابوری کۆمەلایەتی یەباوەکانەوە.

لەبیرکردنەوی مارکسیستی‌دا کیشەی جوتیاران تەنها کیشەیەك نی‌یەو بەس وەتەنها کیشەی جوتیارو زەوی یان وەك کیشەی ((جوتیارو زەوی)) کەهاوشیوەبیت لە کۆمەلگا فیئۆدالی‌و سەرمایەداری و سۆشیالیستی‌یەکاندا، بەلکو لە روانگەی جۆری پەیوەندی‌یە باوەکانی بەرهەم هینانەوە سەیری دەکریت، بەواتایەکی تر لە رۆانگەی جۆری ئەو چەوسانەوەیەی لەسەریانەو هەلویستی جوتیاران بەرامبەری، وەهەروەها بەلەبەر چاوگرتنی سرووشتی چینی

دەسەلاتداری هەژموون گەری باوی خاوەن دەسەلات و سامانەکاندا پاشان هەلویستی ئەم چینە بەرامبەر بە جوتیاران.

وەلەبەر ئەوەیە ناتوانین بەدابراوی بەبێ رەچاوکردنی ((کیشەی زەوی و زار)) لەهەمان کاتیشدا سروشتی مولکایەتی‌یەکەی لە کۆمەلدا سەیری جوتیاران بکەین.

## یەکەم: جوتیاران و کیشە کشتوکالیەکان لە چوار چیوەی شۆرشە بۆرژوازی‌یەکانـدا

کیشەی جوتیاران لە چوارچیوەی کۆمەلگای فیئۆدالی و پەیوەندی‌یە دەرەبەگایەتی‌یەکاندا، ئەو پەیوەندی‌یانەی کە رەنگدانەوەی رەوشی جوتیارانە لەو کۆمەلگایەدا، وەدەست نیشانی ریگا چارەسەری بۆرژوازیانەی کیشەکە دەکات، ئەویش هەبوونی ئەو دۆخە ئابووری‌یە بچووکە پەرش و بلاوە بەر فراوانەی جوتیارانە، بەجۆریك کە فیئۆدالەکان خۆیان زەویەکانی خۆیان بەرهەم ناهینن، بەلکو ئەو جوتیارانە دەیکیلن کەگریدراون بە زەویەکانەوە، هەروەها جوتیاران ئەو پارچە زەویانە دەکیلن کەیان بەتەواوی مولکی خۆیانە، یان بەپی‌ی ریژەی سوودمەندی کاری تیدادەکەن، وە فیئۆدال، وەخانەدانەکان (النبلاء) بە شیوە گەلیکی جیاواز قازانجی فیئۆدالانە ((الریع الأقطاعی)) دەبەن، کەیان لە شیوەی قازانجی کاش (ریع نقدی) دایە یان عەینی‌یە، یاخود بەرامبەر بەکارکردنی لە پارچە زەوی‌یەکی تردا. ئەو پەیوەندی‌یەی کەلیرەدا لە نیوان جوتیاران و فیئۆدالەکانداهەیە، پەیوەندی‌یەکی فیئۆدالی‌یە کەلە شیوەی دەسەلاتی فیئۆدالەکاندا بەسەر زەوی و جوتیاراندا، شیواز و شیوەی پەیوەندی‌یەکانی نیوان کۆیلەو خاوەن کۆیلەکان و هەروەها شیوەی مولکداریتی‌یەکی مەرجداری جوتیاران بەسەر پارچە زەوی‌یەکدا لە خۆ دەگریت.

وەلەبەرامبەر ئەم دۆخەدا کە فیئۆدالیزم خولقاندوویەتی ریگا چارەی بۆرژوازی بۆ کیشەی جوتیاران سەری هەلدا کە خۆی ((لە دروشمی زەوی هی ئەو کەسەیە کە دەیکیلی))ی دەنواند ئامانجی ئەم دروشمە دەست بەسەراگرتنی زەوی فیئۆدالەکان

و رزگارکردنی مولکداریەتی زەوی‌یە لە کۆت و پیوەندە فیئۆدالیەکان و هەروەها گۆرینی مولکداریەتی مەرجداری جوتیارانە بۆ مولکداریەتی بی‌مەرج، لەگەل دابەشکردنی زەوی ئاغایانی فیئۆدال بەسەر جوتیاراندا، واتا لەناوبردنی چینی فیئۆدال. چەسپاندنی مولکداریەتی تایبەتی زەوی لەلایەن جوتیارانەوە.

لە رووی جەوهەری‌یەوە شۆرشەکانی بۆرژوازی لەدژی فیئۆدالیزم و ململانی‌ی چینایەتی لە نیوان بۆرژوازی‌و فیئۆدالیزمدا پرەنسیبی دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا لی‌کەوتەوە ئەویش لە چوار چیوەی سووربوون و دووپات کردنەوەی مولکداریەتی تایبەتی‌و وەلەناوبردنی پەیوەندی‌یە فیئۆدالیە ریگرەکان لەبەردەم کەلەکەی سەرمایەو پەیوەندی‌یەکانی‌بەرهەم هینانی سەرمایەداری‌دا کەلەهەناوی کۆمەلگای فیئۆدالی‌و پەیوەندی‌یە فیئۆدالیەکاندا سەری هەلداوە.

بەلام ئەم دامالینە (تجرید) کۆمەلیک راستی گرنگ دەربارەی گەشەکردنی راستەقینەی بۆرژوازی و پەیوەندی بە جوتیارانەوە دەشاریتەوە، لەبەر ئەوەی شۆرشە بۆرژوازیەکان هەمیشە سروشتی شۆرشگیریان نەبووە لە دژی فیئۆدالەکان وەهەروەها لەبەرامبەر چارەسەرکردنی کیشەی زەوی‌و زاریشدا هەمیشە سروشتیکی شۆرشگیرانەی نەبووە، لەبەر ئەوەیە کەدەرئەنجامە راستەقینەکان جیاوازن، هەروەها هەل و مەرجی بابەتی کیشەی جوتیاران لەهەل و مەرجە جیاوازەکاندا، بەهۆی جیاوازی سروشتی شۆرشە بۆرژوازی‌یەکانەوە جیاوازە.

شۆرشە بۆرژوازی‌یەکان لەئان و ساتی میژوویی‌دا هەلگیرساو وەسەردەمیکی میژووی تەواویان داگیرکردووە هەر لەسەدەی شانزەوە هەتا سەدەی نۆزدە سەرەرای زنجیرەیەکی تەواو لە بزوتنەوە کۆمەلایەتی‌یەکان کە نەگۆران بە شۆرشی کۆمەلایەتی سەرکەوتوو، لەو قۆناغەدا بزوتنەوەو راپەرینە جورتیاری‌یەکان ... ئینگلتەرەو فەرەنساو رووسیاو ئەلمانیای گرتبۆوە.

ئەنگلس یەکەم کەس بوو کەلە دوو تویی کتیبی ((شەری جوتیاران لە ئەلمانیادا)) لیتۆژینەوەی لەسەر رەگ و ریشەی چینایەتی بزوتنەوەی ریفۆرمی ئاینی (حرکه الاصلاح الدینی)و شەری جوتیاران لە ئەلمانیادا کرد، ئەنگلس ئەو راستیەی ئاشکراکرد کە پۆشینی بەرگی لاهوتی بەبەری ململانی فکری و سیاسییەکانی ئەوکاتەدا پەیوەستە بە ئاستی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی ئەو رۆژانەوە، واتە رووداوەکانی سالی ١٥٢٥ زاینی، هەروەها ئەنگلس هۆکارەکانی شکستی جوتیارانی لە شەرەکانی سەدەی شانزەدا شیکردەوەو لەم بارەیەوە دەلی:_ کەهۆکاری سەرەکی خیانەتی گەورەی تویژی بازرگانی ئەلمانیبوو، ئەنگلس وای دەبینی کە بازرگانەکان چینی برژوازین لە رەوەندی پیکهاتندا، وەبزوتنەوەی ریفۆرمیستی و شەرەکانی جوتیاران بریتین لە شۆرشە بۆرژوازیە سەرەتاییەکان و ناوی لینا بە شۆرشی بۆرژوازی ژمارە یەك، ئەنگلس ئەوەشی روون کردەوە کەلە شۆرشە سەرەتاییەکانی بۆرژوازیدا بازرگانەکان هیزی سەرەکی نەبوون بەلکو هیزی سەرەکی لەجوتیاران و هەژارانی ناوشارەکان پیکهاتبوو، بەلام سروشتی بۆرژوازیانەی شەری جوتیاران لە رووی بابەتییەوە ئەوەندەی پەیوەندی بەناوەرۆکی ئەو داواکارییەی کە دژە فیئۆدالیانەوەبووکە لەلایەن جوتیارانی شۆرشگیرەوە فۆرمۆلەکرابوو، هیندە پەیوەندی بەبەشداریکردنی بازرگانەکانەوە نەبوو لە شەرەکەدا پاشان ئەنگلس هەلسەنگاندنیکی زۆربەنرخ دەربارەی ئەو شەرانە پیشکەش دەکات کاتیدەلی:_ نا نەخیر بازرگانەکان وەکو جوتیاران و خەلکی عەوام نەیان توانی یەك بگرن و هەستی بە ئەنجام دانی کاریکی نەتەوەیی (قومی) ریکخراو.

مەبەستی ئەنگلس لە نووسینی ئەم کتیبە لەپال کۆمەلیك مەسەلەی تردا دووپات کردنەوەی راستی ئاراستە شۆرشگیریەکانی جوتیاران و جیاوازییانەی لەگەل نەیارە (معارضة) بازرگانەکان و میرەکان ئەوانەی خیانەتیان لە شۆرش کرد(٣).

ئەلمانیا وەك نمونەیەكی روون كردنەوە لە چوارچێوەی ئەم بابەتەی كەنیمەنیشی لەسەر دەكەین واتا بابەتی جوتیاران و كیشە جوتیاریەكان دەمینیتەوە، چونكە شۆرشەكانی بۆرژوازی ئەلمانی ریگای تایبەتییان گرتەبەر لەرەوتی سۆرشەكانی بۆرژوازی ئەلمانی كەبەریبازی گەشەكردنی پرووسی ناسراوە. ریبازیكە لە چارەسەركردنی بۆرژوازیانەی كیشەی جوتیاراندا كە لەگەل شۆرشە بۆرژوازییەكەی ریبازەكانی بۆرژوازی ئینگلیزی و فەرەنسیدا جیاوازە، ماركس بۆ روون كردنەوەی ئەو جیاوازیانە، لەكتیبی سەرمایەدا وەك نموونەیەك باس لەو توندو تیژییە دەكات كە بۆرژوازی ئینگلیزی دژ بە جوتیاران كردویەتی ئەویش لە كاتیكدا كە بەزەبری هیز لە زەویەكانیانی دوور خستونەتەوە زەویەكانیشی كردووە بە لەوەرگەو ئازادی كردووە لە پەیوەندییە فیئۆدالیەكان، جوتیارانی گۆریوە بە كریكار لە ریگای چەندەها یاساو بەكارهینانی جۆرەها شیوازی توندوتیژیو لەپیناویدا، بیگومان پاش رزگاركردنیان لە مولكداریتی زەوی ئەم پرۆسەیەیبەتەواوی ئەنجام داوە(٤).

بەلام بۆرژوازی فەرەنسی هەستا بەدەست گرتن بەسەرزەوی و زارەكانی ئاغایانی فیئودال و دابەشیكرد بەسەر جوتیاراندا كەسەر ئەنجام بەهۆی دەرئەنجامەكانی ئەم پرۆسەیەوە كردنی بە مولكداری راستەقینە بەسەرزەویەكانیاندا، بەلام لە ئەلمانیادا پرۆسەی گۆران بەرەو سەرمایەداری زۆر هیواش دەچووە پیشەوە. بەهۆی هیشتنەوەی خاوەنی زەوییە فیئۆدالەكانیو دەست بەسەدانەگرتنیان، كەبووە هۆی دەركەوتنی چەند شیوازیكی گواستنەوە كەتیكەلیك بوو لە پەیوەندییەكانی فیئۆدالیو پەیوەندییەكانی بەرهەم هینانی سەرمایەداری، بەجۆریك كە شیوازی ئابوری بچوكی لە رووی ئاستی بەرزی ژمارەیانەوە هەژموونی تەواویان هەبوو بەسەر ئەو دۆخەدا، وەئەم دەرئەنجامە هاوشیوەیە لەگەل ئەو دۆخەی كە لەئەنجامی دابەشكردنی زەوی بەسەر جوتیارانی هەژاردا لەلایەن بۆرژوازی فەرەنسییەوە، پەیدابوو كەتەنها لە رووی شیوازەوە جیاوازبوون.

کەواتە بە پشت بەستن بەو راستی‌یانەی کەلەسەرەوەدا هاتووە، دەبینین کە شۆرشەکانی بورژوازی، و پرۆسەکانی گوێزانەوە لەپەیوەندی‌یەکانی بەرهەم هێنانی فیئۆدالیەوە بۆ پەیوەندی‌یەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری سەرەنجام ریگاچارەیەکی بۆرژوازیانەی کیشەی جوتیارانی لێکەوتەوە، کە جوتیاران لە رەوشی کۆیلە بوونیکی فیئۆدالیانەوە گۆران بۆ مولکداریەتیکی بچووکی زەوی کەبە هۆی زۆری ژمارەیانەوە، خەسلەتیکی جیاوازیان وەرگرت، کەسەرئەنجام هیشتنەوەو بەردەوامی پیدانی کیشەی جوتیارانی لە کۆمەلگای سەرمایەداری هاوچەرخ دا بەرهەم هینا، سەرەرای گواستنەوەی چەندەها بەشیان بۆ نیو ریزی کریکارانی پیشەسازی سەرەرای خۆبە دوورگرتنی خودی جوتیاران، لە کاریگەری‌یەکانی پیشەسازی لەترسی توانەوەی یەکجاری، ئینجا ئەو کتیبانەی کەسەر بە هیلی مارکسیستین هەستان بە دیاری کردن و دەرخستنی میکانیزمەکانی ئەو گۆرانەو ناساندنی شۆرشی جوتیاران تیایدا، بە شیوەی چەند بەشیکی شۆرشگیری جوتیاران لەگەڵ چەند بەشیکی بۆرژوازی‌تردا، هەروەها بەووردی پرۆسەکانی گۆرانی فیئۆدالی بۆ مولکداریتی تاکە کەس (فردی) سەرمایەداری کە بەهۆی پرۆسەکانی دەست بەسەراگرتن و دابەشکردنی زەوی‌یەوە، کەناوەرۆکی دروشمی زەوی هی ئەوکەسەیە کەدەیکیلی‌و واتە بۆرژوازی، دیاری‌کرد.

## دووەم:_ جووتیاران و کیشە کشتوکالیەکان لە هزری مارکسیستی‌دا

لەچاخی (عصر) دەسەلاتی سەرمایەداری‌دا لە ئەوروپا، کیشەی جوتیاری لە چوار چیوەیەکی تازەدا بەردەوام بوو، واتە جوتیاران مانەوەو بەردەوام بوون، هەر لەو کاتەشدا پەیوەندی‌یەکانی سەرمایەداری وورده وورده خۆی خزاندبووە ناو ئابووری کشتوکالیەوە کەببووە هۆی دروست بوونی چەندەها جۆر لەجیاوازی لە نیوان ریزی جوتیاراندا، هەروەها لەهەمان کاتیشدا بۆرژوازی‌یەکی ئەوروپی لە

فەرەنساو ئەلمانیاو وولاّتانی تریشدا، لە هەولی بەتەواوەتی دەستگرتن بوون بەسەر دەسەلاّتدا، کەبیوەهۆی بەرهەم هینانی چەندەها شیوازی جۆربە جۆر _ لە شۆڕشە سیاسیو کودەتا سەربازیەکان لەوکاتەدا گۆرانی سەرەکی کەلەسەر تابلۆی ململانیی چینایەتی دەرکەوتبوو، سەرهەلدانی راپەرینە کریکاریەکانی ناوەراستی سەدەی نۆزدەو نیوەی دووهەمی هەمان سەدەبوون، لەو کاتەدا کتیبە سۆشیالیستییەکانی مارکس و ئەنگلس هاتبوونە بەرهەم،_ سەرەرای بەشداری ئەوان و سەرکردە سۆشیالیستییەکانی تر لە شۆرشەکانی ئەو تافەدا.

لەوکاتە بەدواوە هەلویستی مارکسستی دەربارەی جوتیاران لەخۆیندنەوەی رووداوەمیژوویی یەکانەوە هەلنە دەهینجرا ،یاخود لەدەست نیشان کردنی ئەو رووداوانەو پاشان لیدوان لەسەری و ئینجا بەدەست هینانی دەرئەنجامی تایبەتی بەشۆرشە بۆرژوازی وجووتیاری یەکانی دژ بە فیئودایزم.

ئەوکاتە کیشەی کشتوکالی بەشیوەیەکی گشتی ئاسۆکەی لە ئاسۆیەکی بۆرژوازیانەی دژی فیئۆدالی و پەیوەندیەکانی بەرهەم هینانی فیئۆدالیەوە، گۆرابوو بەئاسۆیەکی سۆشیالستی دژ بەبۆرژوازی، بەلام گۆیزانەوەی کیشە جووتیاری یەکان وەك کیشەیەك، لەبەرنامەی تۆیژە جیاوازەکانی برژوازی یە وە بۆناو بەرنامەی حیزبە کریکاری یە شۆرشگیرەکان، مەسەلەیەکی هەروا ئاسان نەبوو،چونکە جیهان بەتەنها لەئەلمانیاو فەرەنساو بەریتانیا پیك نەهاتووە،بەلکو جیهان دریژ بوونەوەیەکی جوگرافی یە کە وولاتانیجیاواز لەرووی ئاستەکانی گەشەسەندنەوە لەخۆدەگری کەلەرووی‌بنیاتی رژیمە کۆمەلایەتییەکانەوە جیاوازن، کەسەرەنجام بەمانای جیاوازییان لەرووی پیکهاتەی ئابووری و کۆمەلایەتییەوە دەگریتەوە.

لەهەمان کات ودۆخی میژووییدا، ئەوقوتابخانەو کۆمەلە سۆشیالستیانەی کەلەژیر کاریگەری چەندەها رەنگی جیاوازی سەر تابلۆیچینایەتی ئەو کاتەدابوون، بەتایبەتی ئەوهیلە فکریانەیان کەهەلقولاوی جیگاو شۆینیچینایەتی

بۆرژوازی بچووك بوون،بەردەوام ریگری وبەربەستیان لەرووی فکری شۆرشگیری و دەرفەتەکانی کاریگەری دانان لەسەر پرۆلیتاریای تازە پیکهاتوو،بۆمارکسیزم دروست دەکرد.

لەبەرامبەر ئەمەدا، مارکس و ئەنگلس تائەوپەری رادە گرنگیان ئەدا بەدیاری کردن وشکل پیدانی هیلی یاخود رەوتی پرۆلیتاریای شۆرشگیرو رزگارکردنی لەوەهم وخەیالاتی ئەوگروپ وکۆمەلانەی کەدەربرونۆینەری هیلیسۆشیالستی یەکسانیخواز((اشتراكية المساواة))بوون،لەمەسەلەی مولکداریتیدا، سەرەرای سۆشیالیستە خەیالیەکانی تر، وەئەمەش زۆربەرۆشنی لەمانفیستی کۆمۆنیستدا دەرکەوت، وەلەژیر ناونیشانی سۆشیالیزمی برژوازی بچووکدا، مارکس وئەنگلس ئاوا دەنووسن: ((... لەوولات گەلیکی وەك فەرەنسادا کەجووتیاران زیاتر لەنیوەی دانیشتوان پیك دەهینن، شتیکی سروشتی بوونەو نووسەرانەی کەلەریزی پرۆلیتاریادا راوەستان دژ بەبۆرژوازی.لەرەخنەگرتن دا لەسەردەمی بۆرژوازی ـ پیوەرەکانی جووتیارانی بچووك وبۆرژوازی بچوك بەکاربهینن، وە هەر لەم گۆشە نیگایەی چینە ناوەندەکانیشەوە بەرگری لە پرۆلیتاریا دەکەن بەم شیوەیە سۆشیالیزمی بۆرژوازی بچووك پەیدابوو، وەك لە لوتکەی هەرەمی ئەم قوتابخانەیەدا ((سیسمۆندی)) راوەستاوە نەك تەنها لە فەرەنسادا بەلکو لە ئینگلتەرەشدا [٥].

ئەم قوتابخانە (مدرسە) سۆسیالیستی‌یە بە حیکمەتیکی گەورەوە چارەسەری ناتەبایەکانی هەل و مەرجی بەرهەم هینانی هاوچەرخ، وەبیانووەکانی ئابووری‌ئاسە دووررووەکانی ئاشکراکردووە بەشیوەیەکی وا دەمکووت کەر کەجەدەل هەلنەگری ، سەرەنجام مەترسی‌یەکانی بەکارهینانی ئامیرو دابەشکردنی کارو کۆبونەوەی سەرمایەو زەوی لەدەستی ژمارەیەکی کەمداو ... وەمال ویرانی حەتمی بۆرژوازی بچووك و جوتیاران و نائومیدی‌و داماوی پرۆلیتاریاو ئانارشیزمی بەرهەم هینان، وەجیاوازی لە رادەبەدەر لەدابەش کردنی ساماندا و شەری مال ویران کەری پیشەسازی لە نیوان نەتەوەکاندا، وەهەل وەشانەوەی داب و نەریتە ئەخلاقیەکانی

هەواڵنامەی کتێب

پیشـوو، وە پەیوەندی‌یـە خیزانی‌یـەکانی پیشـوو، وەنەتـەوەکانی پیشـووی روون کردەوە [٦] .

بەڵام لەدریژەی قسەکانیاندا دەڵین: ((لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سۆشیالیزمە لە رووی ئیجابی‌یەوە دەیەوی یان هۆیەکانی بەرهەم هینان و ئاڵ وگۆرو لەگەڵ ئەوانیشدا پەیوەندی‌یەکۆنـەکانی مولکداریتـی و کۆمـەڵگای کـۆن بگریتـەوە، وەیـان دەیـەوی هۆیەکانی بەرهەم هینـان و ئـال و گـۆری هاوچـەرخ بخاتـە نیـو چوارچیـوەی ئـەو پەیوەندی‌یـە مولکدراری‌یـە کۆنانـەی کەئـەم پەیوەندی‌یـە تازەیـە هەلیتـەکاندووە، کەدەبوایە لەلایەن ئەم هۆیانەوە هەر هەلتەکیندرایە، وەلەهـەردوو حالەتەکەدا ئەم سۆشیالیزمە، هـەم خـەیالی‌یەو هـەم کۆنەپەرەستیشە. وەتیکرای حوکمـەکانی کۆکراوەیی یاخود بەیەککگرتوویی ئەمەیە. سیستـەمی تایەفەگـەری ((طوائف)) بۆ پیشەسازی‌و پەیوەندی‌یەکانی باوك ساڵاری بۆ کشتوکاڵ [٧] .

وەلـەو هـەل ومەرجە شۆرشگیری‌یە هەلکشاوەدا، مارکس و ئـەنگلس خـەریکی بنیاتنانی هیلی ململانی‌ی نیوان پرۆلیتاریـاو بۆرژوازی بـوون، بـەو پیوەندگـەی کەتاکـەهیلی ململانیـی گونجـاوە (منسجم) تاکۆتـایی، لەبەرئـەوەی پرۆلیتاریـا چینیکی تازە پیکهاتووی هەلکشاوە کەلەگەڵ هەموو پیشکەوتنیکی سـەرمایەداری پیشەسـازی‌دا ریزەکـانی بـەهیزو بـەرفراوان دەبیـت، لـەکاتیکدا ئـەو چینەناوەندی‌یانـەی کـەپاشماوەی سیستـەمەکەی پیشـووترن، لەگـەڵ گەشـەی پیشەسـازی گـەورەدا لـەنیودەچن، بیرۆکـەی لـەناوبردن وسـرینەوەی پـاش ماوەکانی سیستەمی پیشوو بەتەواوی زاڵ بووە بەسەر بیرکردنەوە (تفكیر)ی مارکسیتی بەرهەم هینی مانفیستی کۆمۆنیستدا، لەبەر ئەوەیە کـە دەبینین لـەوەڵامی ئەوانـەی کەتانـە لەکۆمۆنیسـتەکان ئـەدەن لەبـەر ئـەوەی خوازیـاری هەلوەشاندنەوەی مولکداریتی تاکە کەسیین (شخصی) زۆر بەرۆشنی و لی‌براوانـە دەڵی: تانەی ئەوە لە ئیمەی کۆمۆنیست دەدەن کە ئیمە ئارەزووی هەلوەشانەوەی مافی مولکداریتی تاکەکەس (شخصی) بەرهەمەکانی کاری مرۆڤی تاکەکەسیمان

هەیە، وە دەڵین ئەم مولکداریتی‌یە بنەمای هەموو ئازادی‌یە تاکەکەسی (شخصي)و چالاکی‌یەکان و سەربەخۆی‌یە.

مولکداریتی تاکەکەسی بەرهەمی کارو رەنجی تاکەکەسی‌یە! ئایا بەمە مەبەستی مولکداریتی پیشەگەری بچووك و جووتیاری بچووکە کەئەوە جۆریکە لە جۆرەکانی مولکداریتی پیش مولکداریتی بۆرژوازی؟ پیویست بە هەلوەشانەوەی ئەم مولکداریتی‌یە ناکات. چونکە پیشتر گەشەی پشەسازی تارادەیەکی باش لەناوی بردووە، وەبەردەوامیش رۆژانە لەناوی دەبات[^8] .

پرۆسەی تیکشکاندن و لەناوبردنی ئەم تویژانەومولکداریتی‌یەکانیان ئامانجی مارکسیزم نی‌یە، کەواتە پرسیاری لەبارەوە مەکە، بەلکو بەرپرسیاریتی لەناوبردنیان ئەکەویتە ئەستۆی سەرمایەداری کەئەم مولکداریتی‌یەیان لەناوبردو، ئەوەتا رۆژانەش بەردەوام لەناوی دەبات.

بەلأم ئەم خەتە کاتێ دەگاتە مەودای خۆی، کە لە تاوانبارکردنی سەرمایەداری و ریسواکردنی بیروباوەری سۆشیالیستە کۆنەپەرەستەکانەوە دەگویزرینەوە بۆ ((تاوانبار)) کردنی خودی ئەو چین وتویژە ناوەندیانەو نیشان دانیان وەك چین و تویژ گەلیکی کۆنەپەرەست (!!)

مانفیست دەلی:

((... لە نیوان هەموو ئەو چینانەی کەئیستا رووبە رووی بۆرژوازی وەستاونەتەوە، تەنها چینیك لە نیویاندا کەبەراستی شۆرشگیربیت برۆلیتاریایە، هەموو چینەکانی تر لەگەل گەشەکردنی پیشەسازی‌دا تیك دەشکین ودەکەون، بەلأم پرۆلیتاریا بە پیچەوانەی ئەو چینانەوە، باشترین بەرهەمی ئەو پیشەسازی‌یەیە، تویژە ناوەندکان، لەسەنعەتکارە بچوکەکان و دوکاندارو پیشەگەرو جوتیاران، لە پیناو پاراستنی گیانی خۆیاندا شەر لەگەل بۆرژوازی‌دا دەکەن. بەو سیفەتەی کەسەر بە چینی ناوەندن، کەواتە ئەمانە شۆرشگیرنین، بەلکو خۆپاریزن ((محافظ))، تەنانەت لە خۆپاریزەکانیش لەولاترن، و

ئەمانە کۆنەپەرەستن، ئەمانە خوازیاری ئەوەن کە ئاراستەی میژوو پیچەوانە بیتەوەو رەورەوەی گەشەکردن بەرەو دواوە بگەریتەوە))[٩] .

دەقیکی سەرەنج راکیشەو پیویستی بە راڤەکردنیکی زانستی هەیە، ئەوە کەوا گەشەکردنی پیشەسازی جیگاو رۆلی پرۆلیتاریا مەزن دەکات و لەهەمان کاتیشدا دەبیتە هۆی لەناوبردنی پیشەگەرانی بچووك و جوتیاران خالیکی رۆشنە لەچوار چیوەی دیاریکردنی پرۆسەکانی گەشەکردنی سەرمایەداری‌دایە بەلام ئایا دەتوانین ئەم دەقە بکەینە بنەمای هەلویستیکی مارکسستی لەسەر جوتیاران و پیشەگەران؟ کەهەندیك ئاوەهای دادەنین.

لە راستی‌دا مارکس لیرەدا باسی لە ململانی‌ی هەمیشەیی‌و لە ئاشتی نەهاتووی نیوان پرۆلیتاریاو بورژوازی دەکات، باس لە رووبوروبونەوەی، تا سەرو ئاکۆتای پرۆلیتاریادادەکات لە دژی بۆرژوازی کەپاساوی قولی خۆی لای پرۆلیتاریا، لەو راستی‌یەوە هەلدەهینجی کە پرۆلیتاریا گۆرهەلکەنانی بۆرژوازین، ئەو رووبەرو بونەوە شۆرشگیرانەی کە پاساوی قولی بە هەمان رادەی پرۆلیتاریا لە لایەن تویژەکانی ناوەندەوە کەلە جوتیاران و پیشەگەران پیك دین، نی‌یە. مارکس و ئەنگلس لەوکاتەدا خەریکی دانانی یەکەم تیکستی مارکسستی تەواو وهەمەلایەن بوون لەبارەی شۆرشی پرۆلیتاریاوە، بەتایبەتی قامکیان دەختەسەر لایەنە جەوهەریەکان، هەروەك لە ناونیشانی بەشەکانی مانفیستدا بەرونی دیارە، لەوکاتەدا گفتوگۆ لەبارەی کیشەی جوتیارانەوە لەگۆریدانەبوو، هەتا قسەش لەبارەی رەوشی یاخود دوارۆژی جوتیارانەوە لەسایەی شۆرشی پرۆلیتاریادا نەدەکرا، تەنها بە شیوەیەکی گشتی‌نەبیت کەلەبارەی پرۆلیتاریای شۆرشگیر لەبەرژەوەندی زۆربەی هەرە زۆری خەلکدا یان لە لەناوبردنی ئاکۆکی‌یەکانی نیوان چینەکانی ناو نەتەوەدا نەبوایە نەدەکرا ...هتد [١٠].

یان لە کاتی راگەیاندنی پشتگیری مانیفیست لەو حیزبە _لە پۆلندە_ کەلەسەر پیویستی بەرپاکردنی شۆرشیکی کشتوکالی، وەك پیش مەرجیکی سەرەکی

ڕزگاری نیشتمانی، وە لە کاتی قسەکردن لەسەر پشتگیریکردنی کۆمۆنیستەکان هەموو بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێری دژی هەل و مەرجی کۆمەڵایەتیو سیاسی باڵا دەست، جا لەهەر کات و شوێنیکدابیت [11].

لە پیشەکی چاپی ئینگلیزی مانفیستدا کە لەساڵی ١٨٨٨ دا دەرچووە، ئەنگلس دەڵی: ئەو بیرۆکە سەرەکی‌یەی کەناوکی پیکهینەری مانفیستە لەبەرهەم هینانی مارکسە، ئەم بیرۆکەیە وای دەبینی کەلە هەموو سەردەمیکی‌میژوویدا سیستمی بەرهەم هینانی ئابووریو ئاڵ وگۆڕی‌باو بەشیوەیەکی حەتمی دەبیتە بنەمای ڕیکخستنی کۆمەڵایەتیش، ئەو بنەما سەرەکی‌یانە پیک دەهینن کەتەنها بەهۆی ئەوانەوە دەکری شرۆڤەی فیربوونی سیاسی و فکری ئەو سەردەمەی پیبکری، وەلە سۆنگەی ئەمەوە _لە ساتە وەختی هەلوەشاندنەوەی کۆمەڵگای سەرەتاییو پەیدابوونی مولکداریتی زەوی‌یەوە_ سەرتاپا میژووی ڕەگەزی بەشەری میژووی ململانی‌ی چینایەتی‌یە، وە میژووی ئەم ململانی چینایەتی‌یە زنجیرەیەکی لە گۆڕان و گەشەسەندنەکان پیکهیناوە کەگەیشتۆتە قۆناغیك کە پرۆلیتاریا ناتوانی ڕزگاری خۆی بەدەست بهینی، تاتەواوی کۆمەڵگا ڕزگار نەکات لە هەموو جۆرەکانی ڕووتاندنەوە و ستەم و جیاوازی چینایەتیو ململانی‌ی چینایەتی [12].

لەهەمان پیشەکی‌دا ئەنگلس بە پشت بەستن بەو پیشەکی‌یەی کە لەگەڵ مارکسدا بۆ چاپی ئەلمانی ساڵی ١٨٧٢ یان نووسیوە، دریژەی پیدەدات و دەڵی: سەرەڕای ئاستی گۆڕانەکانی هەل و مەرجەکان لەماوەی بیست و پینج ساڵی ڕابردوودا، هیشتا ئەو پرەنسیبەگشتی‌یانەی کە مانفیستی کۆمۆنیستی لەسەر بنیات نراوە _بە شیوەیەکی گشتی_ ڕاستیو دروستی خۆیان هەر وەکو دوینی، لەم ڕۆژەشدا پاراستووە، ڕەنگە لیرەو لەوی پیویست بەدەستکاری هەندی شی‌کردنەوە بکری، هەروەها لە دریژەی قسەکانی‌دا دەڵی: پەیرەو کردنی پراکتیکانەی ئەم پرەنسیپانە _هەروەکو مانفیست خۆیشی دەڵی_ لەهەر کات و شوینیکدا پەیوەستە بەهەل و مەرجی میژوویی ئەو سەردەمەوە. وە پاش ئەوەی کە

هەواڵنامەی کتیب

هەندی تیبینی دەربارەی ئەو ڕێو شوێنە شۆرشگێریانەی کەلە مانیفیستدا باس کراوە دەخاتە ڕوو، لەگەڵ هەندی سەرنج و تیبینی لەسەر بەشی چوارەم ئەنگلس دەڵی: بەڵام سەرەرای هەموو ئەوانە مانیفیست بووەبە ((بەلگە نامەیەکی میژوویی)) مافی گۆرینیمان نی‌یە[١٢].

لە پیشەکی چاپی تازەی کتیبی ((شەری جوتیاران لە ئەلمانیا))دا سالی ١٨٧٠ ئەنگلس نووسیویەتی، بەئاشکرا هەست بە خۆسەپاندنی کیشەکانی جوتیاران بەسەر بیرکردنەوەی مارکسیستی‌دا دەکری، ئەنگلس لەو پیشەکی یەدا باس لەو ناکۆکی‌یە قولە دەکات، کەلەنیوان لایەنگرانی مۆلکداریتی تایبەتی زەوی‌و نوینەرانی سۆشیالیزمی زانستی کەلە کۆنگرەی (باڵ)ی ئەنتەرناسیۆنالیستی کریکاری‌دا رووی‌دا، ئەم کۆنگرەیە بەدەرکردنی بریاریك دەربارەی چەسپاندنی مولکداریتی گشتی زەوی‌یەوە کۆتای بەکارەکانی هینا. ئەم کۆنگرەیە وای دەبینی کەبەهۆی پەسەند کردنی ئەو بریارەوە توانیوێتی ئامانجیکی پراکتیکی‌و گرنگ پیشنیاربکات کەزەمینەی پیکهاتنی هاوپەیمانیتیەکی راستەقینەی نیوان چینی کریکارو جووتیارانی زەحمەتکیش دەرەخسینی، لەم کۆنگرەیەدا لە نیوان هەندیك لە مارکسیستەکاندا رایەکی وا سەری هەلدا کە دەلی: نابیت ئەم بریارە بەسەر ئەو وولاتانەدا بسەپینری کە مولکداریتی بچووکی زەوی جووتیارانی تیدا بلاوە، وەئەوە بووە هۆی ئەوەی کەوا لە ئەنگلس بکات، لە پیشەکی کتیبەکەی‌دا بە راشکاوی‌و ئاشکرا ئەو هەلویستە دەربری کە پیویستە لەسەر حیزبی پرۆلیتاریای ئەلمانی لەبەرامبەر جوتیاراندا وەربیگری.

وە ئەنگلس دەلی: پیویستە لەبەرامبەر تویژە جیاوازەکانی جووتیاراندا هەلویستی جیاواز وەربگیری، وەروونی کردەوە کە چەندەها تویژی جووتیاری هەیە کەدەکری بەهەر هۆیەکەوەبیت وەکو هاوپەیمانی پرۆلیتاریا سەیری بکریت، وە ئەوجووتیارە گەورانەش کەبەری رەنجی جووتیارانی‌تربە تالان دەبەن خستە پاڵ بۆرژوازی‌یەوە، وەووتی: جووتیارانی هەژار یان بچووك نابیت بە هیچ شیوەیەك

چاوەڕوانی ڕزگاربوون بکەن، تەنها لەسەر دەستی پرۆلیتاریادا نەبێت، هـەروەها ئەنگلس جووتیاران بەسەر چەند توێژ (فئە)یکاد دابەش کرد.

کە بریتـین، لـەو جووتیارانـەی کەلەسـایەی دەرەبەگایـەتی‌دا کاردەکـەن، وە ئەوجووتیارانـەی کـە زەوی بـەکری دەگـرن و دەیچێنـن، وە ئەوجووتیارانـەی کـە خاوەنی پارچەیەکی بچووکی زەوین، ئەنگلس شوێنێکی تایبەتی بۆ کرێکـارانی کشتوکالی داناوە، وە دەڵێ: ئەوانە ناتوانن خۆیان لەو داماریە ڕزگار بکەن، مەگەر تەنهاکاتێک کە ئەو زەوی‌یەی کەکاری لەسەر دەکەن لە مولکداریتی تایبەتی فیئۆدالـەکان و خـاوەن زەوی‌یـە گـەورەکان بسـەنرێتەوە و بگۆردرێـت بـە مولکداریتی‌یـەکی گشـتی کـە کۆمەڵـە هەرەوەزی‌یەکانی کرێکـارانی کشـتوکالی ئەرکی وەبەر هێنانیان ((الأستثمار)) بگرنە ئەستۆ بۆ بەرژەوەندی و حسابی گشتی هـەموویان، هـەروەها ئـەنگلس لـەو پێشـەکی‌یەدا وادەبینـی کـە توێـژی بچووکـی جووتیـاران و کرێکـارانی کشـتوکالی هاوپەیمانـە سـەرەکی‌یەکانی پرۆلیتاریـای پیشەسازی پێکدەهێنن.

## سێهەم: جووتیاران و کیشە کشتوکالیەکان لـە شـۆڕشی ڕووسـی‌دا



لینـین لـە ڕاپۆرتێکیـدا کەلـە سـاڵی ١٩١٩ دا نووسـیویەتی، زۆر بـە ئیجـابی کتێبێکـی کـارل کاوتسکی لەسەر کیشە کشتوکالی هەڵدەسەنگێنی، ودەڵـی کاوتسـکی لـە قۆنـاغێکدا ئـەم کتێبـەی نووسیوە کە ڕێبازی مارکسی بەباشی بەخوێنەران ئەناسـان، وە ئـەو _کاوتسـکی_ وەك پسـپۆڕێکی بواری کشتوکالی ناسراوەو قسەی ئەو لەو بوارەدا یـەك لای کەرەوەیـەو گومـان هـەڵناگری، هـەروەها لینـین دەڵـی: کاوتسـکی لـە

کتیبەکەی‌دا لەبارەی پەرینەوە لەسەرمایەداری‌یەوە بۆ سۆشیالیزم دەلی: پیویستە لەسەر حیزبە سۆسیالیستی‌یەکان کەوا لەجەماوەری جووتیاران بکەن کە هەلویستی بی‌لایەنی‌یان هەبیت، واتە جووتیاران بی‌لایەن بکری لەم ململانی‌ی نیوان پرۆلیتاریاو بۆرژوازی‌دا، وە جووتیاران نەتوانن یارمەتی‌یەکی کاریگەر پیشکەش بە بۆرژوازی بکەن لە دژی ئیمە، وە لینین لە راپۆرتەکەی‌دا دەلی: لەو ماوە دریژەدا کە بۆرژوازی تیی‌دا دەسەلاتی بەدەستەوەیە، جووتیاران پشتگیری دەسەلاتی بۆرژوازی‌یانکردووە، وەلە ریزی بۆرژوازی‌دا وەستاون، وە لینین دەلی: ئەو شتیکی روونە ئەگەر بروانین بۆرژوازی چەندە بەهیزە لە رووی ئابووری‌یەوە، وەچەند ئامرازی سیاسی هەیە بۆ سەقام گیرکردنی دەسەلاتەکەی، وەناتوانین چاوەری‌ی ئەوەبین کە جووتیارانی چینی ناوەند بەخیرایی بینە پالمانەوە، بەلام ئەگەر سیاسەتیکی دروستمان گرتەبەر، ئەوا ئەم دلە راوکی یانە پاش ماوەیەك نامینی، ئەو کاتە جووتیاران دەتوانن بە ئیمەوە پەیوەست بن[١٦].

لینین لە چوار چیوەی کۆبەندکردنی هەلویستی مارکسیزم دا لەسەر کیشەی جووتیاران لە سالی ١٩١٩ دا، پشت بە هەلویستیکی ئەنگلس دەبەستی کەلە سالی ١٨٩٤ دا لە دوو تویی کتیبی ((کیشە کشتوکالیەکان لە ئەلمانیاو فەرەنسادا)) خستویەتە روو، لینین دەلی: ئەنگلس کەلەگەل مارکس دا بنەماکانی مارکسیزمی زانستی‌یان داناوە، واتە ئەو بنەماکانی ئەو ریبازەی کەبەبەردەوامی سەرچاوەی فکری ئیمەیە بەتایبەتی لەسەر رووبەندی شۆرش دا، پیشتر جووتیارانی دابەشکردبوو بەسەر تویژی بچووکی جووتیاران، وەتویژی ناوەندو گەورە، وە لینین دەلی: ئەو دابەشکردنە تاکو ئیستاش بەسەر واقع دا دەچەسپی _واقعی ١٩١٩_ لە زۆربەی وولاتانی ئەوروپایی‌دا، پاشان رایەکی ئەنگلس دینیتەوە کە دەلی: لەوانەیە پیویست نەکات پەنا ببەینە بەر توندو تیژی _لە هەموو شوینیکدا_ هەتا بەرامبەر جوتیارانی گەورە، بەلام ئەگەری پەنابردنمان بۆ توندو تیژی رۆژیك لە رۆژاندا دژی تویژی ناوەندی جووتیاران ((تویژی بچووکی

جووتیاران دۆستی ئیمەن)) ئەو بیرۆکەیە بەهیچ شیوەیەك لەلایەن هیچ سۆسیالیستیکی عاقلەوە بیری لی نەکراوەتەوە. لینین لە دریژەی قسەکانیدا دەلی: ئەمە ئەو راستییەبوو کە ئەنگلس لە سالی ١٨٩٤ دا، واتە پیش مردنی بە سالیك قسەی لەسەر کرد، ئەو کاتەی کە کیشەی جووتیاران خرابووە ژیر لیتۆژینەوەوە[١٧].

وە پشت بەوگۆشە نیگایەی کەوەك راستییەکی تیوری هەموومان لەسەری کۆکین، وەلەبەر ئەوەی هەندیك کەس زۆر لەبیری دەکەن، لینین ئەرکەکانی بەم جۆرە دیاری دەکات: ((ئەرکی سەر شانمان لەبەرامبەر خاوەن مولکە گەورەکان و سەرمایەدارەکاندا))، بریتییە لە دەست بەسەراگرتنی مولکەکانیان بەتەواوەتی. بەلام ئیمە بە هیچ شیوەیەك پەنا نابەین بۆ توندو تیژی لە دژی جووتیارانی ناوەند، وە هەتا ئەوەی پەیوەندی بە جووتیارانی دەولەمەندیشەوە هەیە، ئیمە هیندەی پەرۆشی وەلامدانەوەی بانگەوازی بۆرژوازین هیندە پەرۆشی ئەوانین. ئیمە نالیین: دەست بەسەراگرتنی بەهای مولکەکانی جووتیارە دەولەمەندەکان و کۆلاکەکان، ئەم جیاکردنەوەیەمان لەبەرنامەکەماندا تۆمارمان کردووە، ئیمە دەلیین: سەرکوت کردنی بەرگری لەخۆکردنی (مقاومە) جوتیارانی دەولەمەند، سەرکوت کردنی ئەو هەولانەیان کەبەمەبەستی دژایەتیکردنی شۆرش پیی‌هەلدەستن، ئەوە دەست بەسەراگرتنیکی رەها ((مصادرة مطلقة))نییە، لینین جیاوازی جەوهەری هەلویستی دەسەلاتی سۆشیالیستی لەسالی ١٩١٩ دا لەبەرامبەر هەموو بۆرژوازیو جەماوەری تویژی ناوەندی جوتیاراندا دەردەبرێو دەلی: ((جیاوازیو تایبەتمەندی جەوهەری هەلویستی ئیمە لەبەرامبەر بۆرژوازیو جەماوەری تویژی ناوەندی جووتیاران دا بریتییە لەدەست بەسەراگرتنی رەهای مولکەکانی بۆرژوازیو بەستنی هاوپەیمانیتیلەگەل جەماوەری تویژی ناوەندی جوتیاراندا، ئەوانەی کە کەس ناچەوسیننەوە))[١٨].

هەولاتی ئەم گێڕ

لیرەدا هەلویستی لینینمان لە بەسەر تویژی ناوەندی جوتیاران هینایەوە لەبەرئەوەی جەوهەری کیشەی جووتیاران لە روانگەی سۆشیالیزمەوە پەیوەستە بەدیاری کردنی هەلویستی‌یەوە لەبەرامبەر مولکداریتی تویژی بچووکی جووتیاران دا،کە لینین بە تویژی ناوەندی جووتیار ناویان دەبات، واتە هەلویست وەرگرتن لەو جووتیارانەی کەخاوەنی پارچەزەوی بچووك و ناوەندین و خەریکی کاروبارەکانی کشتوکالن لەو زەویانەدا، ئەوانەی کەوا بەتەواوەتی جیاوازن لە هەردوو تویژی جووتیارانی هەژارو دەولەمەندی لادی، کەبی‌گومان جیاوازیشن لە گەورە مولکدارەکان، لەبەرژەوەندی جووتیارانی تویژی ناوەند ((مولکداریکی ناچەوسینەرە _مالك غیر مستغل_))و بەرهەمی رەنجی کەسی دی بەتالان نابات.

وەبەپیی تیگەیشتنی باو دەربارەی دەست بەسەراگرتنی مولکداریتی تایبەتی، هەلوەشانەوەی، یان بە کۆمەلایەتی‌کردنی لەلایەن هەندی کەس و لایەنەوە ئەو ریو شوینانەی کەلەبەرامبەر هەر یەکیك لە مولکداریتی بۆرژوازی‌و مولکداریتی خاوەن مولکە گەورەکان و هەلویست گرتن لەبەرامبەر مولکداریتی بچووکی جووتیاران دا، ری‌و شوینەکانی تایبەت بەهەر یەکیکیان تیکەل‌دەکەن، هەروەها لەناو نیوەندەکانی ئەو رابەرە سۆشیالیستانەی کەلەلادی‌کاندا کاردەکەن، بۆچوون گەلیکی وا پەیدابوون کە دەخوازن مولکداریتی هەرەوەزی و مولکداریتی گشتی بەهۆی فەرمان دان و زۆر لی‌کردنەوە کۆنترۆل بکەن و کۆتیان لە دەست بکەن، وەلە نیو لادی‌کانی رووسیادا تیکەلە یەك لەبیرۆکەی هەمەجۆری بیرۆکراسی بەروالەت شۆرشگیر کە لە تیکەلە کردەوەیەکی زۆر نواندن و دەست بەسەراگرتن دا خۆی دەنوینی دەرکەوتووە، کەبوونەتە هۆی گەیاندنی زیانیکی زۆر، هەلویست و پروپاگەندەی لینین لەو کاتەدا لەمەر مەسەلە جووتیاریەکان، بەتایبەتی دژی ئەو رەوتانە ئاراستەدەکرا بە دریژای سالی ١٩١٩ .

بیرو رای لینین لەسەر ئەم کیشەیە زۆر روون و ئاشکرابوو، کاتی هەلویستی لەبەرامبەر مولکداریتی مولکدارە گەورەکان و مولکداریتی سەرمایەدارەکاندا

راگەیاند کە بریتی‌یەلە ((دەست بەسەراگرتن))، لەم بارەیەوە لینین دەلی:((ناچاریان کردین کەنائومیدانە ئەو پەری توانای خۆمان بەکار بهێنین، بۆ پلیشانەوەی بۆرژوازی‌و ئەو هێزانەی هەرەشەی پلیشانەوەیان لێ‌دەکردین، دۆخەکە پێویستی بەو هەلویستە هەبوو، دەنا ئەمان دەتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنین، بەلام نواندنی هەمان کردار بەرامبەر توێژە ناوەندەکانی جووتیاران بەماناو بەلگەی پلەیەك لە گێلیتی و پلەیەك لە دەبەنگی‌یە))[١٩].

سەرچاوەی ئەم هەلویستەی لینین، تەنها ناگەرێتەوە بۆ دواکەوتوویی رووسیا، بەلکە لە واقعیکەوە سەرچاوە دەگری کە توێژی ناوەندی جووتیاران، وەك توێژێکی خاوەن مولك زۆر بلاون و ژمارەیان بە ملیۆنەها کەس دەبیت، توێژێك کەناکری بخرێتە خانەی هێزە دژەپرۆلیتاریەکان وە لە ریزی هێزە دژ بە سۆسیالیستی‌یەکان، ئەمانە وەك توێژێك گرفتیان هەیە، ((کیشەی جووتیاران))و پێویستی بە چارەسەری‌یەکی دیموکراتی هەیە، وە ئەم کیشەیە تەنها بەبالای رووسیا نەبراوە، بەلکو لەو کاتەدا کیشەیەکی رۆژانەو گەرمی بەرباس بوو لە ئەوروپاشدا، سەرەرای ئاسیاو ئەفریقیا کەلە پرۆسەی بەئاگاهاتنەوەدا بوو لەو سەردەمەدا.

لەم بارەیەوە لینین دەلی: ((بەکار هێنانی زەبرو زەنگ "العنف" دژی توێژی ناوەندی جووتیاران گەورەترین زیانی لێ‌دەکەویتەوە، توێژی ناوەندی جووتیاران توێژێکی ژمارە زۆرن کەبە ملیۆنەها دەبن، وەهەتا لە ئەوروپاشدا، کەئەم توێژە هێشتا ئەمەندە بەهێز نەبوو، بەجۆرێك کە: تەکنیك و رۆشنبیری، ژیانی شار، هێلەکانی ئاسن، گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرزی پێش کەوتن، بەشێوەیەك کە زۆر ئاسان بوو بیر لە بەکار هێنانی زەبرو زەنگ بکرایەتەوە، بەلام هیچ کەسێك نی‌یە، هیچ شۆشیالیستێك نی‌یە تەنانەت لە نێو سۆسیالیستە زۆر شۆرشگێرەکانیشدا، وویستبێتی بیر لە بەکارهێنانی ری‌و شوێنی توندی زەبرو زەنگ ئاسا لە دژی توێژی ناوەندی جووتیاران بکاتەوە))[٢٠].

کەواتە هەل و مەرجی پاشکەوتووی روسیا پالنەر نی‌یە لەهاتنە کایەوەی تیزی بەکارهێنانی مامەلەی دیموکراسیانە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی جووتیاراندا، وەهەروەها پشت کردنە زەبرو زەنگ لەمامەلەماندا لەگەڵ جووتیاراندا، بەلکو ئەم کێشەیە لەلای لینین گەیشتۆتە ئاستی پرەنسیب (مبدأ)، هەروەها لەلای ئەو سۆسیالیستانەش کە بیرکردنەوەوپراکتیکیان، لە بیرکردنەوەو پراکتیکی (ئەلقەیەکی بچووکی دابراو) ناچێت، بەلکو لەبیر کردنەوەی حیزبیك دەچێت کە پێشەنگایەتی ملیۆنەها کەس دەکات [٢١].

هەروەها وەکو چۆن لینین لەخستنە رووی هێلیکی مارکسستی شۆرشگێردا پەیوەست بەدەست بەسەراگرتنی مولکەکانی مولکدارانی گەورەو سەرمایەداراندا رۆشن وبی‌پێچ و پەنابوو، لەهەمان کاتیشدا لەخستنە رووی‌ئاراستەی (چارەسەری سۆشیالیستی‌دا) کەداوای کۆکردنەوەی کێلگە پەرش و بلاوەجووتیاری‌یەکان دەکات لە کێلگەیەکی هەرەوەزی‌دا بەپی‌ی پێویستی‌و لە پێش بوونی وەبەرهێنانە (استثمارات) هەرەوەزی‌یە گەورەکان.

لینین دەلی: ((پێویستە لەسەرمان لەپەیوەند بەم کێشەوە بلێین کە ئێمە پشتگیری لە کۆمۆنەکان دەکەین، بەلام دەبێت بەشێوەیەك کۆمۆنەکان ریکبخرین کە بەهۆیەوە بتوانین متمانەی جووتیاران بەدەست بێنین، وەهەتا ئەو کاتە ئێمە خویندکاری جووتیارانین، نەك مامۆستای جووتیاران، وەهیچ کەسی هێندەی ئەوانە سووك وبی‌مێشك (سخيف) نی‌یە کە لەبارەی کشتوکاڵو تایبەتمەندیەکانی‌یەوە هیچ شتی‌نازانن، وەبەهۆی ئەوەوە کە لەبارەی سوودی وەبەرهێنانە (استثمارات) هەرەوەزی‌یەکانە وە شتیکی بەر گوی کەوتووە، رایان کردۆتە لادی‌کانەوە کەسانیك کەلە ژیانی شاری بێزاربوون و ئارەزووی کارکردنیان لە لادی‌کاندا هەیە،ئینجا وادەزانن کەئەوان لە هەموو شتیکدامامۆستای جووتیارانن، وەهیچ بی‌مێشکیك نی‌یە بگاتە رادەی بی‌مێشکی‌یەك کەبیر لەبەکارهێنانی زەبرو زەنگ لە پەیوەندی‌یە ئابووری‌یەکانی توێژی جووتیاری ناوەندا بکاتەوە)).

لینین لەبارەی گواستنەوەی دیموکراسی‌یانەودرێژە بەبیرۆکەکەی خۆی دەدات وەدلی: ((هەرگیز مەبەستمان دەست بەسەراگرتنی مولکەکانی توێژەکانی ناوەندی جووتیاران نی‌یە، بەلکو مەبەستمان لەبەرچاو گرتنی هەل و مەرجی تایبەتی ژیانی جووتیارە وەفێربوونەوە لە جووتیارانەوە دەربارەی چۆنیەتی ڕیزکردن و ڕێکخستنی باش، وەخۆ دوور خستنەوەی یەکجاری لە فەرمان دەرکردن، ئەمەیە ڕیسا بنەرەتی‌یەکە(قاعدە))[٢٢].

کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی (بەلشەفی) رووسی لە سالی ١٩١٩ دا، لەبارەی هەلویست وەرگرتن لە توێژی ناوەندی جووتیاران، دەخال بلاودەکاتەوە کە لەنێوانیاندا ئەمانە دەبینین:

(( (٢) ئەو توێژانەی کەسەربەچینی ناوەندی جووتیارانن، و تارادەیەك رەگ و ریشەی ئابووری بەهێزیان هەیە، وەلەبەر ئەوەی کەتەکنیکی کشتوکالی هەمیشە لە دوای تەکنیکی پیشەسازی‌یەوەیە هەتا تەنانەت لە وولاتانی سەرمایەداری پیشکەوتووشدا، سەرەرای رووسیا، لەبەر ئەو هۆیە دوای بەرپابوونی شۆرشی پرۆلیتاریاش تاسەردەمانیکی درێژ دەمێننەوە، کەواتە لەبەر ئەوە (تاکتیکەکانمان) بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بریتی‌یە لە هاریکاری‌کردن لەگەل توێژی ناوەندی جووتیاراندا.

(٣) پێویستە (دەرك) بەوراستی‌یە بکەین کە سۆشیالیزمی زانستی سەلماندوویەتی ... مەبەستم لەو راستی‌یەیە کە توێژی‌ناوەندی جووتیاران چەوسێنەرنین، چوونکە ئەوان سوود لەکاری کەسانی‌تر وەرناگرن، چینیکی بەرهەم هێنەری بچووکی ئاوا لەسایەی سۆشیالیزمدا هیچ لەدەست نادات، بەلکو بە پێچەوانەوە تارادەیەکی بەرچاو قازانج دەکات، لەلەناوبردنی سیستەمی سەرمایە، کەبەهەزارەها شێواز لە هەموو کۆمارەکاندا ئەیچەوساندنەوە هەتا تەنانەت لەوانەی زۆر دیموکراسیش.

سیاسەتی راستەقینەو تەواو ... لە لادی‌کاندا، تارادەیەکی باش هاوپەیمانیتی‌و لیك حالی‌بوونی نیوان پرۆلیتاریای سەرکەوتوو توێژی ناوەندی جووتیاران دابین دەکات.

(٤) وەکە نوینەرانی دەسەڵاتی سۆڤیتی هانی‌درووست بوونی هەموو جۆرە کۆمەلەیەکی هەرەوەزی‌و هەروەها کۆمەلە جووتیاریەکانی تویژی ناوندی کشتوکالی دەدەن پیویستە لەسەریان لەکاتی درووست بوونیاندا زۆرلیکردن لەدژیان بەکار نەهینری، ئەو کۆمەلە هەرەوەزیانەی کەبەدەست پیشخەری خودی جووتیاران درووست کراون و بەتاقیکردنەوەش لە واقیعدا سوودەکانیان بۆ ئاشکرابووە تەنها ئەمانە بەهادارن، وەزیادرەویی لەپەلەکردندا لەم لایەنەدا زیانی هەیە، چوونکە لەبەهیزکردنی (حذر)ی جووتیاران دژبە هەموو نویگەریەك زیاتر هیچ سوودیکی تری نی‌یە ......))[٢٣].

سەرەنجام لەم بارەیەوە ئەوەمان بۆ دەمینیتەوە کە بپرسین کەئایا بەم ئاراستە دیموکراتی‌یە مامەلە لەگەڵ کیشەکەداکرا بەبی‌ملکەچ پی‌کردن بۆ دەسەلاتی بیرۆکراتی حکومی؟ وەئایا لەدەوری یەك کۆبونەوەی ئازادانە و ئارەزوومەندانە بەبی زۆر لی‌کردن کرا؟ وە ئایا لەتوانادابوو کە چەندەها جۆری هاریکاری کشتوکالی پیکبیت و بەردەوام بیت لەسایەی هەل و مەرجیکی تارادەیەك سەر بەخۆدا کەبەتەواوی ملکەچی پیداویستی‌یەکانی کەلەکەنی‌یە وەك یەکیك لەئامرازەکانی دیموکراتی سۆشیالیستی؟ ئەم پرسیارانە راستەقینەو لۆژیکین و شارەزای‌یە (خبرە) سلبی‌یەکانی ئەزموونە سۆشیالیستی‌یەکان بەرهەمی هیناوە یان دەهینیت.

بەلام لیرەدا ئەوە گرنگە کەئەو دەرەنجامە بەدەست بینین کەچارەسەری مارکسیستی بۆ کیشەی جووتیاران هەرگیز_لە ئاراستە تویری‌یەکانیدا_ دەست بەسەراگرتن و خۆمالی‌کردنی مولکداریتی بچووکی جووتیاران _ مولکداریتی جووتیارانی بچووك یان ناوەند نەبووە، بەلکو ناوەرۆکی (جەوهەری) ئەو چارەسەرە لە رزگارکردنی ئابووری جووتیاری لە هەژموونی (هیمنە) سەرمایەی گەورەدا خۆی دەنوینی، لەپاش ئەوەی لە هەژموونی فیئۆدالیزم، رزگاری بووە، وە ریگا چارەی سۆسیالیستی بۆ کیشەکانی جووتیاران ئەگەری فراوانکردنی چوار چیوەی مولکداریتی‌یە بچووکە جووتیاریەکان بە دوور نازانی، بەلام روویەکی‌تری

چارەسەری سۆسیالیستی لە یارمەتیدانی توێژە بچووکەکانی جووتیاراندا _بەبێ زۆر لێکردن و بەکارهێنانی زەبر و زەنگ _ بەکۆکردنەوەو ڕێکخستنی ئارەزوومەندانەیان بە شێوەیەکی هەرەوەزیانە لە پێناوی پێکهێنانی چەندەها جۆری هەرەوەزییەکانی بەرهەم هێنان بۆ سوود مەندبوون لەباشییەکانی بەرهەم هێنانی هەرەوەزی گەورە. بەجۆرێک کەئەمە بەشێوەیەکی دیموکراسیو ئارەزوومەندانەیەو بەهۆی باوەرپێهێنانی تەواو لەلایەن خوودی جووتیارانەوە پێک بێت ...

## چوارەم : جووتیاران و کێشە کشتوکالیەکان لە شۆرشی چینیدا



لە چین کۆمەلێک هەل و مەرج زەمینەی درووست بوون و پەیدا بوونی ئەزمونێکی تایبەتی لەمامەلەکردن لەگەڵ کێشەی جووتیاراندا، هێنایە ئاراوە، لە چینی مەزنی بالکشاو بەهەرچوارلاداو خاوەنی ئاستێکی بەرزی دانیشتوان کە ژمارەیان لە سالی ١٩١٢ دا نیو ملیاربوون، وەهەروەها لەو دەمەدا ولاتێکی کشتوکالی دواکەوتوو نیمچە فیئۆدالیبوو، لە سالی ١٩١١ دا شۆرشێکی دیموکراتی کۆتایی بەدەسەلاتی حکومەتی خیزانی (تشینج)ی زۆردار هێنا، ئەوەبوو کە لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ئەو سالدا (١٩١١) بەشێک لە سوپای خیزانی (تشینج)ی نوی بەهاندان و پشتگیری کۆمەلە شۆرشگێرییەکانی ووردە بۆرژوازی ئەوکاتە، توانیان ڕاپەرینێک لە شاری ووتشانگ بەرپابکەن، وەلەژێر کاریگەری ئەم ڕاپەرینەدا کۆمەلێک ڕاپەرینیتر هەرێمەکانی تری گرتەوە و سەنجام دەسەلاتی خیزانی (تشینج) زۆر بە خێرای هەرەسی هێنا، وەلەسەرەتای شووباتی ١٩١٩ دا حکومەتی دیموکراتی کاتی چین لە نانکین دامەزرا، وە دکتۆر (صۆن یان صن) بەسەرۆکی کاتی کۆمار هەلبژێردرا، لەدیدی ماو تسی تۆنگەوە

سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە بۆ هاوپەیمانیتی نیوان برژوازانەی و جووتیاران و کریکاران و ووردە بورژوازی ناو شارەکان دەگەڕیتەوە[٢٤].

لە سالی ١٩١٢ دا دکتۆر (صۆن یان صن) ووتاریکی بەرنامەیی (مقاله برنامجیه) لە رۆژنامەی گەلی سۆسیالیستی‌دا کە لە برۆکسل دەردەچوو بلاودەکاتەوە، وە لینین لێتوژینەوەیەکی لەسەر دەنووسی بەناونیشانی ((دیموکراسی‌و میللی گەرایی لە چین)) وەبەپێی بۆ چوونی لینین هەموو دیرەکانی ئەو بەرنامەیەی صون یان صن تیراوە (مشبع) بەگیانیکی دلسۆزی دیموکراسیانەی خەبات گیر.

تیگەیشتنی تەواو لەو راستیەی کە ((شۆڕشی رەگەزی)) بەس نیە، لەو بەرنامەیەدا هیچ بیر کردنەوەیەك دەربارەی بەیەکەوە بەستنی حوکمی رەها لە چین و ریفۆرمی کۆمەلایەتی لە چین دا ...... هتد، بوونی‌نیە، رۆشنی تەواو لەباس کردنی کیشەی تایبەت بەرەوشی جەماوەر، دەربارەی خەباتی جەماوەر، لینین هەروەها دریژەی پی‌ئەدا، ئیمە ئیستا لەبەردەم ئایدۆلۆژیایەکی بەراستی گەورەی گەلیکی مەزن داین، ئایدۆلۆژیای گەلیك نەك هەر دەزانی چۆن دژی کۆیلەبوونی چەندەها سەدەی خۆیی دەنگ هەلبری،بەلکو تەنانەت خەباتگیریکی باشی دژبەستەمکارانی وولاتی چینە بەدریژایی چەندەها سەدە[٢٥].

گرنگی ئەم ووتارەی لینین لە سەر دکتۆر صۆن یان صن سەرۆکی کاتی کۆماری چین و رابەری شۆڕشەکەیان لەو کاتەدا (١٩١٢) لەوەدا کە وینەیەکی تارادەیەکی باش نزیك کراوە دەربارەی سروشتی هەل و مەرجەکان لە چین و ئەو بیرو باوەرە شۆڕشگیرانەی کە لە پیش دەرکەوتنی حیزبی کۆمۆنیستی چین لە سالی (١٩١٩) دا هەبوون، وەرەنگە هەندیك لە تایبەت مەندی‌یەکانی شۆڕشی چینمان بۆ شرۆڤە بکات، وە ئەو پەیوەندی‌یەی کە بە کیشەی جووتیارانەو هەیەتی، واتە ئەو کیشەیەی کە ئیستا ئیمە قسەی لەسەر دەکەین.

لینین دەلی: لە کاتیکدا کە بۆرژوازی رۆژئاوا بۆ گەنی کردووەو گۆڕهەلکەنانی خۆی (پرۆلیتاریا) روو بە رووی وەستاوەتەوە، ئەوا هیشتا لە ئاسیادا بۆرژوازی‌یەکی چالاك هەیە کە نوینەرایەتی دیموکراسی‌یەکی راستەوخۆبکات،

خەباتگێرو دلسۆزن، وەشایانی ئەوەن کەببنە هاوڕێی موبەشیرە مەزنەکان و ئەو پیاوە مەزنانەی کە شۆڕشی فەرەنسا لە کۆتایەکانی سەدەی هەژدەدا، خستونیە تیەوە، لینین لە درێژەی قسەکانیدا دەڵی: نوینەری سەرەکی یاخوود ئەو پایە کۆمەڵایەتی‌یە سەرەکی‌یەی بۆرژوازی ئاسیا کەهێشتا توانای بەجێهێنانی کردەوەیەکی پێشکەوتووخوازانەی مێژوویی‌هەیە، ئەوە جووتیارانن[٢٦].

وە لینین پاش ئەوەی کە رەخنە لە خەونە سۆشیالیستی‌یەکانی دکتۆر صۆن دەگرێن کەتایبەتە بە دوور خستنەوەی چین لە پەیوەندی‌یەکانی سەرمایەداری، وە ئەو خەونانەی کە پەیوەستە بە پرۆژەی ریفۆرمە کشتەکالی‌یە بنچینەی‌یەکان بەو پێودانگەی کە رەگەزی سەرەکی پێکهێنانی میللیەگەرین بە پێچەوانەی دیموکراسی‌یەتەوە، باش دەنرخێنی، ئینجا دەڵی: بەڵام هەل و مەرجی بابەتی چین، وەك وڵاتێکی کشتوکالی پاش کەوتووی نیمچە فیئۆدالی، هیچ شتێك لەبەردەم ئەم گەلەدا ناخاتە ژێر لێتوێژینەوەوە، جگە لە شێوازی دیاری‌کراو وتایبەتی مێژوویی لە شێوازەکانی ستەم و رووتاندنەوە نەبێت، کە ئەویش فیئۆدالیزمە .......

وە بەم شێوەیە ئاشکرا دەبێت کە بەرنامەو بیروڕای دیموکراسی‌خوازی چین _سۆشیالیزمی خودی (ذاتی)_ لە راستی‌دا هیچ نی‌یە جگە لەبەرنامەی رووتکردنەوەی مولکداریتی جیگیر (غیر المنقوله) لە هەموو بنەما (حقوقی‌یەکانی).

واتا بەرنامەی هەڵتەکاندنی وەبەرهێنانی (استثمار) فیئۆدالی ئەمەیە سیحری جەماوەریتی صۆن یان صین، سیحری بەرنامە شۆڕشگێریەکەی، خەباتگێریەکەی، پێشکەوتنخوازی‌یەکەی، واتە بەرنامەی گۆرانکاری‌یە کشتوکالیەکانی دیموکراسی برژوازی، وسیحری تیوری‌یە بەناو سۆسیالیستی‌یەکەیەتی[٢٧].

وەپاش ئەوەی لینین سروشتی بەرنامە کشتوکالی‌یەکانی دکتۆر صۆن یان صین شی‌دەکاتەوە، دەپرسی: ئەو پێداویستی‌یە ئابووری‌یە چی‌بوو کەوای کرد لە دواکەوتووترین وڵاتی جووتیاری ئاسیادا، پێشکەوتووترین بەرنامەی

بۆرژوازی دیموکراسی لەسەر مەسەلەکانی زەوی و زارەوە بڵاوبیبیتەوە؟ هەر خۆی وەڵام دەداتەوە: ئەوە پێداویستی لەناوبردنی فیئۆدالیزمی بۆرژوازی‌یە بە هەموو روکەش و شێوەکانی‌یەوە.

وە بەرادەی پاشکەوتن و بەجێمانی چین لە یابان و ئەوروپا، بەو رادەیە مەترسی لەسەر یەکیتی و سەربەستی نیشتمانی دروست دەبێت، وە جگە لەپالەوانیتی جەماوەری شۆرشگێر کەدەتوانی لەبواری سیاسی دا کۆماری چین دابمەزرینی، (نوی) کردنەوەی چین لەووزەی هیچ لایەنیکی تردا نیە، وە هەروەها هەرجەماوەریشە کە توانای خیراتر کردنی گەشەسەندنی سەمایەداری لە بواری کشتوکالیدا هەیە لەریگەی خۆمالی کردنی زەوی‌یەوە.

لینین پرسیار دەکات، بەڵام لەمەدا سەردەکەون یان نا، وەرادەی سەرکەوتنیان چەندە، ئەوەیان شتیکی ترە، ...... مەسەلەکە پەیوەندی بەهەل و مەرجی دنیاو ئاستی هیزە کۆمەڵایەتی‌یەکانی چینەوە هەیە، پاشان لینین هەلسەنگاندنی خۆی لەسەر ئەو فکرە شۆرشگیری‌یەی کە دکتۆر صۆن یان صن نوینەرایەتی دەکات، بەم شیوەیە رونی دەکاتەوە: دیموکراسی بۆرژوازی شۆرشگیر کە صۆن نوینەرایەتی‌دەکات، بە شیوەیەکی راستەقینە بەدوای ریگاکانی تازەکردنەوەی چین دا دەگەریت، بە هۆی گەشە پی‌دانی گیانی دەست پیشخەری (مبادرە)و جورئەت و لیهاتویی یەکانی جەماوەری بەرینی جووتیاران تا ئەو پەری رادەی خۆی، لە پەیوەندی‌دا بە ریفۆرمە سیاسی‌و کشتوکالیەکانەوە[٢٨].

وە بایەخی ووتارەکەی لینین لەسەر دیموکراسی‌و میللیەگەری (الشعبیە) لە چین لە چوار چیوەی ئەو کیشەیەی باسکراوە خۆی دەنوینی، سەرەرای دیاری‌کردنی ناوەرۆکی بەرنامەی دیموکراسی شۆرشگیری دکتۆر صۆن یان صن لە روونکردنەوەیدا بۆ هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی چین لە سالی ١٩١٢ ، کە خۆی لە پەیدابوونی بزوتنەوەیەکی دیموکراسی شۆرشگیری دژ بە فیئۆدالدا دەبینیتەوە، هەروەها رونکردنەوەی رۆلی هەر یەکە لە جووتیاران و بۆرژوازی

لیبرال لەو شۆرشەدا، وەهەروەها نیشاندانی ناوەرۆکی خەونە سۆشیالیستی‌یەکانی لە فیکری شۆرشگێری پێشرەوانی ئەو کاتەی چین دا، سەرەرای بە دەسەڵات گەیشتنی نوێنەرانی بۆرژوازی دیموکراسی شۆرشگێری خاوەن خەیاڵاتە سۆسیالیستی‌یەکان، ئەوانەی کە بەرای ئیمە کاریگەری گرنگیان لەسەر شی‌کردنەوەو تاکتیکات و بەرنامەی بزوتنەوەی سۆشیالیستی شۆرشگێردا هەبوو لە دواتردا.

دواکەوتنی چین و پێویستی زۆری بە شۆرشێکی بۆرژوازی دیموکراسی لەسەردەمی کۆتایی هاتنی شۆرشە دیموکراسی‌یە بۆرژوازی‌یەکاندا لە رۆژئاوا، وای کرد کەپەیوەندی یە خەباتگێرەیەکانی نیوان حیزبە بۆرژوازی‌و حیزبی کریکاران و جووتیاران لە لووتکەی رامالینی ژمارەیی جووتیاران و بەرفراوانی گوندی چینی خاوەن سروشتی تایبەت بێت، وە بووە هۆی بەرهەم هینانی شێوازی چینیانەی تایبەتمەند بە چارەسەری ((کیشەی جووتیاران)) دا، هەروەکو چۆن کە سروشتی خەبات و ململانیی چینایەتی لە هەل و مەرجی هاوپەیمانی‌یەتی‌یەکانی نیوان کریکاران و جووتیاران و بۆرژوازی‌دا لەلایەکو وەچەند بەشێك لە برژوازی دەسەڵاتدار سروشتیکی چین یانەی تەوای هەبوو[29] وەهەروەها تیکەڵاوبوون و ئاویتەبوونی هەل ومەرجەکانی ململانیی چینایەتی لەگەڵ ململانیی نیشتمانی‌دا واتە شەرەکانی ناوخۆو شەرەکانی بەرگری نیشتمانی دیسان سروشت و خەصلەتیکی چین ی تایبەتی هەبوو، سەرەرای رۆلی ئاشکرا و دیاری خەباتی چەکداری لە رێگای سووپای سوورەوە.

ماو لە شی‌کردنەوەیەکی‌دا دەربارەی‌چینەکانی کۆمەلگای چین، لە سالی ١٩٢٦ وە رەخنە لەلادەرەکانی ناو حیزب دەگری، لە چوار چیوەی ناساندنیاندا ئاشکرای دەکات کە لادەرەکان بەهەر دوو بالی راست و چەپەوە هەلویستیکی خراپ و سلبیانەیان بەرامبەر بە جووتیاران هەبوو، وە لەو کاتەدا بالی چەپی لادەر کەلەلایەن ((تشانگ قوەتاو))وەوە نوینەرایەتی دەکرا، کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد

دەبێت تەنها بایەخ بەبزووتنەوەی کرێکاران بدرێت بەڵام باڵی ڕاستی لادەر لە لایەن (تشن دوشیو)وەوە نوێنەرایەتی دەکرا کەداوای دەکرد تەنها بایەخ بە هاوکاریکردن لەگەڵ کۆمیتانگدا بدرێ، وەماو بە تایبەتی ووتارێکی شیکاری لەسەر چینەکانی وولاتی چین نووسی، بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوەکە دلسۆزترین هاوپەیمانی پرۆلیتاریای چین جووتیارانن، کە بەژمارەش لە دۆستەکانیتر زۆر زیاترن، هەروەها ڕوونی کردەوە کە بۆرژوازی نیشتمانی چینێکی ڕارایە، وەلەکاتی خرۆشانە شۆرشگێرییەکاندا لە نێو خۆیاندا دەبن بە چەند بەشێکەوە باڵە ڕاستەکەیان دەچێتە پاڵ ئیمپریالیزمەوە، وە ئەمە بە واقعی لە ساڵی ۱۹۲۷ دا ڕوویدا.

ماو لە شیکردنەوەکەیدا تێبینی ئەوەی کرد کە بەرەچاوکردنی ئەوەی کە چین لە ڕووی ئابوورییەوە دواکەوتووە، کەواتە پرۆلیتاریای هاوچەرخی پیشەسازی تیایدا لە ڕووی ژمارەوە زۆر نین، وەبەشێوەیەکی سەرەکی لەبوارەکانی: هێلی ئاسن و دوکانەکان و ڕێگاکانی ووشکانی و ئاوی و ڕستن و چنین و دروست کردنی کەشتیدا کاردەکەن، بەڵام ئەوەشی دووپات کردەوە کە سەرەرای کەمی ژمارەی پرۆلیتاریای پیشەسازی نوێنەرایەتی هێزەکانی بەرهەم هێنانی نوێی چینی دەکەن و پێشکەوتنخوازترین چینەو بۆتە هێزی ڕابەریکەری بزووتنەوەی شۆرشگێری لە چین دا.

وە پاش شیکردنەوەی چینەکان دەڵێ: بەهۆی ئەو ڕاستییانەی کەلە سەرەوەدا هاتووە، لامان ئاشکرابوو کە دوژمنانمان ئەوانەن کە لەگەڵ ئیمپریالیزمدا دەست تێکەڵاو دەکەن، کە لەمیرەکانی شەر ((امراء الحرب)) وبیرۆکراتە گەورەکان و چینی کۆمبرادۆرو چینی خاوەن موڵکە گەورەکانی زەوی و توێژی ڕۆشنبیرانی وابەستەیان پێک هاتوون، وەهێزی پێشرەوی شورشەکەمان پرۆلیتاریای پیشەسازییە ،وەهاوڕێ نزیکەکانمان نیمچە پرۆلیتارەکان و بۆرژوازی بچووکە بەهۆی توێژەکانیەوە، بەڵام بۆرژوازی ناوەندی ڕاراباڵە ڕاستەکەی دەبێتە دوژمنمان

وباله چەپەکەش دەبێتە دۆستمان.بەلام پێویستە لەسەرمان هەمیشە بەووریایەوە ئاگاداربین، نەوەك ببنە هۆی ئانەوەی پەشێوی لەسەنگەرەکانی ئێمە دا[٣٠].

وەدەربارەی مەسەلەی سرووشتی شۆرش، ماو دەلی: بێگومان لەدەمی ئیستادا هێشتا چین لەقۆناغی شۆرشی دیموکراسی بۆرژوازیدایە، وەبەرنامەی شۆرشی دیموکراتی هەمەگیر (شامل) لەچین دا، لەسەرئاستی دەرەوەدا لەناوبردنی دەسەلاتی ئیمپریالیزمە لەپێناوی بەدیهێنانی رزگاری نیشتمانی تەواودا، وەلەسەر ئاستی ناوخۆش لەرەگ و ریشە دەرهێنانی ئۆتۆریتیە(نفوذ)و دەسەلاتی چینی کومرادۆری ناوشارەکان و بەسەرئەنجام گەیاندنی شۆرشی کشتوکالیو کۆتایی هێنان بەپەیوەندیەکانی فیئۆدالیە لەلادیکانداو، رووخاندنی حکومەتی میرەکانی شەرە، وەناچارین کەبەم شۆرشە دیموکراسیەدا برۆین، پێش ئەوەی بتوانین بنەمایەکی راست لەپێناوی گواستنەوە بەرەو شۆسیالیزم دابنێین[٣١] .

ماو لەسالی١٩٢٨دا دەلی: یەکێك لەخەسلەت وتایبەتمەندی یە جیاوازەکانی شۆرش لەچیندا، راتە لەوولاتیکدا کەئابووری کشتوکالی بەسەریدا زالە،پەنابردنە بۆ چالاکیيە سەربازی یەکان لەپێناوی گەشەپێدانی راپەرینەکاندا،وەداوای هەول دانی گەورەتر لەو بوارەدا لەکۆمیتەی ناوەندی دەخوازی .

ماو توانی لەرێرەوی شۆرشی چینیدا کۆمەلێك زانیاری مەزن پێشکەش بکات، بەهۆی کارکردنیەوە لە ریزەکانی جووتیارانداو هەروەها بە هۆی جێبەجی کردنی بەرنامەی ریفۆرمی کشتوکالی لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، وە ئەم هەل ومەرجە سروشتیکی تایبەتی و عەمەلی راستەوخۆی بە ئەزموونی چینی لە بواری مامەلەکردن لەگەل جووتیاراندا بەخشی،کە بەشێوەیەکی گشتی خۆی لە نیشاندانی ئاستیکی زۆر بەرز لە نەرمیو پتەوی (حزم) لەپەیوەندی بە مامەلەی سوورپای کریکاران وجووتیاران بە کێشەی زەویو جووتیارانەوە و هەروەها خۆی لە پەیوەندییاندا لەگەل چین و توێژە کۆمەلایەتییەکانی لادیدا، دەنواند.

وه بەمەبەستی هێنانەوەی هەندێك نموونەی تایبەت بەبابەتەكەمانەوە، سوود لە راپۆرتێكی سیاسی دوورو درێژی ماو وەردەگرین كە لە ساڵی ١٩٤٥ دا دەربارەی بانگەشەیەكی ئەو كاتەی حیزب كەداوای پێكهێنانی حوكمەتێكی دیموكراتی ئیئتیلافی كاتی وەك فۆرمۆلەكردنی خەباتی (٨) ساڵەی گەلی چین دژ بە كۆلۆنیالیزمی یابان، وەدوای ئەوەی ماو داواكاری‌یە بنەرەتی‌یەكانی گەلی چین دیاری دەكات، وەهەل و مەرجی ناوخۆو دەرەوەو ئاستی شەری میللی شی دەكاتەوە، وناوچە ئازادكراوەكانی چین كەلەلایەن حیزبەوە بە رێوەدەبراو لەو كاتەدا ژمارەی دانیشتوانی دەگەیشتە (٩٥,٠٠٠,٠٠٠) كەس. واتە نزیكەی هەزار ملیۆن كەس كە جوگرافیایەكی بەرفراوان دەگریتەوە، دیاری كرد، ئینجا دەست بۆ ئەو شتە دەبات كە خۆی بەكێشەی زەوی ناوزە دێ دەكات، وە ئەوەی لەم وتارەدا بەلای ئیمەوە گرنگ بێت، ئەم بەشەیە، لەبەر ئەوە هەوڵدەدەین بەشە گرنگەكانی بخەینە بەرچاو، هەرچەندە ئەم كارە كەگرنگی خوێندنەوەی تەواوی ووتارەكە كەم ناكاتەوە. ماو دەڵی: لە پێناوی لەناوبردنی دەسەلاتی داگیركەرە یابانی‌یەكان و بنیاتنانی چینی نوی‌دا بەناچاری دەبێت ریفۆرم لە سیستمی زەوی‌دا پەیرەو بكرێت و جووتیاران رزگاربكرێت تیروانینەكەی دكتۆر صۆن یان صن و دروشمی زەوی هی ئەو كەسەیە كەدەیكێلی رایەكی راستە لە هەل ومەرجی ئیستای شۆرشدا كەسروشتێكی دیموكراسی برژوازی هەیە. وەئەو تەگبیرانەی كەلەم شۆرشانەدا گیراونەتە بەرنامانجی هەلوەشاندنەوەی مولكداریتی تایبەتی نی‌یە،بەلكو ئامانجی پاراستن یەتی ئەویش لەری‌ی گواستنەوەی‌یەوە بۆ ژێر دەستی جووتیاران.

بۆ چوونی ((زەوی هی ئەو كەسەیە كە دەیكێلی)) بۆ چوونێكە كەسروشتێكی دیموكراسیانەی برژوازی‌یان هەیە، وە بە بۆچوونی من خەسلەتێكی یاخود سروشتێكی پرۆلیتاریانەی سۆشیالیستی‌نی‌یە، وەئەمە بۆ چوونی هەموو دیموكراتە شۆرشگێرەكانە، نەك بەتەنها بۆ چوونی ئیمەی كۆمۆنیست ئەو

جیاوازی‌یەی ئێمە لەوانی‌تر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە تەنها ئێمە لەم هەل و مەرجەی چین دا ئەم بۆچوونمان بەجدی گرتووە، چوونکە تەنها هەربەقسە باسمان نەکردووە، خستوشمانەتە واری پراکتیك کردنەوە، دیموکراتە شۆرشگێرەکان کێن؟ بێجگە لە پرۆلیتاریا کە لەنێوهێلی دیموکراتی شۆرشگێردا لە هەموویان پتەوترو بە دیسپلین ترن، ئەوا جووتیاران مەزنترین بەشی دیموکراتە شۆرشگێرەکان، زۆربەی هەرە زۆری جووتیاران واتە بێجگە لە جووتیارە دەولەمەندەکان کەکلکدارن، هەموویان بەگەرمی داوای ((زەوی مولکی ئەو کەسەیە کە دەیکێلی))دەکەن، لەناو دیموکراتە شۆرشگێرەکاندا، ئەویش لەبەر ئەوەی ((زەوی مولکی ئەو کەسەیە)) زەمینەی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەم هێنانی کشتوکالی دەرەخسێنی، کەسەرەنجام بەسوودی خۆیان دەگەرێتەوە، بەلاّم بۆرژوازی نیشتمانی چینیکی رارایە، وەکە دروشمی ((زەوی هی ئەو کەسەیە کە دەیکێلی)) پەسەند دەکات، لەبەر ئەوەیە کە پێویستی بە بازار هەیە، بەلاّم بەشێکی زۆریشیان لە دروشمی ((زەوی هی ئەو کەسەیە کە دەیکێلی)) دەترسن لەبەر ئەوەی زۆربەیان پەیوەستن بەخاکەوە، وە دکتۆر چۆن یان صن یەکەم دیموکراتی شۆرشگێری چینە، وە نوینەرایەتی توێژی شۆرشگێری بۆرژوازی نیشتمانی‌و ووردە بۆرژوازی بچووکی شارەکان، و جووتیارانی لادێ دەکات، بەلاّم پاش ئەوەی دەستەی دژ بەگەلی ناو کۆمیتانگ دەسەلاّتیان گرتەدەست، خیانەتی تەواویان لە بۆ چوونەکانی دکتۆر صۆن یان صن کرد، ئەم دەستە دژ بەگەلەیە کەلە چرکەساتی ئیستادا دژی دروشمی ((زەوی هی ئەو کەسەیە کە دەیکێلی)) دەوەستنەوە،لەبەر ئەوەی ئەم دەستەیە نوینەرایەتی خاوەن زەوی‌یە گەورەکان و خاوەن بانکە گەورەکان و کۆمبرادۆرە گەورەکان دەکات.

وەلەبەر ئەوەی لە چین حیزبێکی سیاسی وا کە بەتەنها نوینەرایەتی جووتیاران بکات لەئارادانی‌یە، وەلەبەر ئەوەی حیزبە سیاسی‌یەکانی بۆرژوازی نیشتمانی بەرنامەیەکی کشتوکالی پتەویان نی‌یە، لەبەر ئەوە

پارتی کۆمۆنیستی چین بۆتە ڕیبەری جووتیاران و تەواوی دیموکراتە شۆڕشگێرەکان، چونکە تاکە حیزبەکە بەرنامەیەکی کشتوکالی پتەوو هەمەلایەنەی فۆرمۆلە وپەیڕەوکردووە، و بەجدی لە پیناوی بەرژەوەندییەکانی جووتیاراندا خەباتی کردووە، وەبەو هۆیەوە توانیویەتی جەماوەریکی بەرینی جووتیاران بەلای خۆیدا رابکیشی و بیانکاتە هاوپەیمانیکی گرنگ و مەزن.

حیزبیحیزبی کۆمۆنیستی چین لە سالی ١٩٢٧ و تاکو ١٩٣٦ توانی کۆمەلیک ریگاو شوینی تایبەت بە ریفۆرمە هەمەلایەنەکان لە سیستەمی زەویدا پەیرەو بکات و بەم جۆرە بۆچوونەکەی دکتۆر صۆن ((زەوی هی ئەو کەسەیە کە دەیکیلی)) هینایە بواری (مجال) پراکتیکەوە (لەناوچە ئازادکراوەکاندا).

لە شەری بەرگری دژ بە یابان حیزبی کۆمۆنیست دەربارەی سیاسەتی (زەوی هی ئەو کەسەیە کە دەیکیلی ) (تنازل)ی گەورەیکرد، ئەم سیاسەتەی گۆری بەسیاسەتی کەم کردنەوەی کریی زەویوزارەکان و دابەزاندنی ئاستی سوودی قەرزەکان، وەئەم (تنازل)ە سیاسەتیکی راستە لەبەرئەوەی کۆمیتانگی ناچارکرد کەبەشداری لەشەری بەرگری دژ بە یاباندا بکات، هەروەها لەو کۆسپانەی کەم کردەوە کەخاوەن زەوییە گەورەکان لە ناوچە ئازادکراوەکاندا دەیانخستنە ریی جووتیاران لە پیناوی بەشداری پیکردنی جووتیاران لە شەری دژ بە یاباندا .......

ئیمە هەستاین بە کەمکردنەوەی کریی زەوییەکان وسوودی قەرزەکان بەبیئەوەی مولکداریتی زەوی خاوەن مولکە گەورەکان هەلبوەشینینەوە، هەر لە هەمان کاتیشدا هانمان دەدان بۆ ئەوەی پارەکانیان بگویزینەوە بۆ بواری پرۆژە پیشەسازییەکان، وەدەرفەتمان رەخسان بۆ پیاو ماقولان (الوجهاء)ی بیر رووناک بۆ ئەوەی بەشداری لە چالاکییە کۆمەلایەتییەکانی بەرگری دژ بە یاباندا

بکەن، بەڵام جووتیارە دەوڵەمەندەکان ئەوا هانمان دەدان بۆ ئەوەی ڕێژەی بەرهەمداری پێش بخەن.

ماو دەڵێ: کاتێ ڕیفۆرمەکان لە سیستمی زەوی‌دا جێبەجێ دەکرێ هەرچەندە زۆر سەرەتایش بێت وەك: کەم کردنەوەی کرێی زەوی و سوودی قەرزەکان، ئەوا دەبێتە هۆی زیادکردنی (حماس) جووتیاران لە کاتی بەرهەم هێناندا، وەئەگەر پاش ئەوەی یارمەتی جووتیارانمان دا بۆئەوەی خۆیان ڕێك بخەن بەپێی پرەنسیپی ئازادی هەڵبژاردن، وە بە شێوەیەکی پلەیی (تدرجی) لە کۆمەڵە هەرەوەزیەکانی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی‌و کۆمەڵە هەرەوەزیەکانی‌تردا ئەوا هێزەکانی بەرهەم هێنان گەشەدەکات، لە کاتی‌ئیستادا کۆمەڵە هەرەوەزیەکانی بەرهەم هێنانی کستوکالی، ناتوانن هیچی ترین جگەلە ڕێکخستنی بە کۆمەڵی ئاڵ‌و گۆڕی هەرەوەزی، کەلەسەر بنەمای ئابووری تاکەکەسی جووتیاری، لەسەر بنەمای موڵك و ماڵە تایبەتی‌یەکانی جووتیاران، دامەزراوە، وەك کۆمەڵەکانی ئاڵ‌و گۆڕکردنی کار وەکۆمەڵەکانی ئاڵ‌وگۆڕی هەرەوەزی وە لەگەڵ ئەوەشدا بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمداری کار (انتاجیە العمل)و ڕێژەی بەرووبوومەکان بەرادەیەکی سەیر بەرزبۆتەوە، ئەم سیستمە لەناوچە ئازادکراوەکانی چین داپێشکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێنا.

وەهەروەها ماو ئاماژە بەهەندێك لە ڕۆشنبیران دەکات کەلە شارەکانەوە بۆ کارکردن دێنە لادێ، تێگەیشتنی تایبەتمەندی‌یەکانی لادێ بەلای ئەمانەوە ئاسان نی‌یە، واتە ڕاوەستانی بنەمای ئابووری ئیستای لادێ لەسەر بنچینەیەکی ئابووری دواکەوتوو پەرش و بڵاو، بەڵام دەربارەی ناوچە ئازادکراوەکان بەو تایبەتمەندی‌یەوە سەرەرای ئەوانەبەوە جیادەکرێتەوە لە ناوچەکانی‌تر کە دوژمن توانیویەتی بەشێوەیەکی کاتی لەیەکتریان دابڕی، وە تا ئیستا شەڕی پارتی زانی تیدا دەگوزەری، وەلەبەر ئەوەی ئەوان (ڕۆشنبیران) لەم تایبەتمەندی‌یە تێنەگەیشتن، لەبەر ئەوە بەزۆری ڕوانین و چارەسەرەکانیان بۆ کێشەکانی لادێ بە


کتێبخانەی ئەلیکترۆنی

شێوەیەکی نەگونجاوە، بەو دیدگایەوە سەیری واقعی لادێ دەکەن، کە لەشارەکاندا کاریان لەسەر کردووە، وە سەرەنجام لەژیان و باری لادێ دوورە پەریزە دەمیننەوە و ناتوانن تیکەڵ بە جووتیاران بن [٣٢].

بایەخ و گرنگی ئەم ووتارە لەوەدایە کە ریبازی تایبەتی چینی لەچارەسەر کردنی کیشەی جووتیاراندا لە چوار چیوەی شۆرسی بۆرژوازی دیموکراتیو لە ریگای پەیرەوی کردنی دروشمی ((زەوی هی ئەو کەسەیە کە دەیکیلی)) لەناوچە ئازادکراوەکانداو وەلە هەل ومەرجی شەری چەکداریو چەکدارکردنی جووتیاراندا،بەباشترین شیوە دیاریکرد، هەروەها ئەم ووتارە چارەسەری گرفتی چۆنیتی هاوشان کردن و بەستنەوەی لە نیوان بابەتەچینایەتیو بابەتە نیشتمانییەکاندا لە ریی نیشاندانی چەندەهاسازش و (تنازلات)ی پیویست لەبەردەم چینە کۆمەلایەتییە جیاوازەکاندا، ئەویش بەئامانجی سووک کردنی ئەو فشارەی کەلەسەر ناوچە ئازادکراوەکانە لە ریی بیلایەنکردنی بەشیك و هاندانی بەشیکی تریان بۆ بەشداری کردن لەشەری بەرگریدا، وەئەمەش هەندی جار خۆی لەدوا خستنی پرۆسەکانی دەست بەسەراگرتنی مولکەکانی گەورە مولکدارەکان و دابەشکردنیان بەسەر جووتیاراندا، و هەندیك جاری تریش گۆرینی شیوازی دەست بەسەراگرتن بۆ بانگەشەی دابەزاندنی ئاستیکریکان و سوودی قەرزەکان لە هەل ومەرجی دواکەوتووی دیهاتەکانداو وە ناوچە ئازادەکاندا کە دوژمن لەیەکتری جیاکردوونەتەوە، و بۆتە مەیدانی شەری پارتی زانیخۆیدەنواند،وە خەرجییەکانی شەری نیشتمانی بەتەواوەتی کەوتۆتە ئەستۆی حیزبی کۆمۆنیست و کادرو ئەندامەکانیو هاوپەیمانەکانی لە کریکاران و جووتیاران و بۆرژوازی بچووك، وەلە هەمان کاتیشدا دیاریکردن و بەکارهینانی چەند ریگاو شوینیك لەچوار چیوەیەکی دیموکراسییانەدا بەپیی پرەنسیپی هەلبژاردن لە ریکخستنی کۆمەلە هەرەوەزیە کشتوکالیەکاندا، لەنزمترین ئاستی شیوازەکانی کاری ئالو گۆرکەری بە کۆمەلدا، ئەویش لەریی پیکهینانی تیپ و کۆمەلەکانی کارەوە ...... هتد.

ئەو کارەی کەحیزبی کۆمۆنیستی چینی کردە حیزبی کریکاران و جووتیاران، وە ریبـەری گـەلی چـین لـە شۆرشـە هەمەلایەنـە نیشـتمانی و کشـتوکالی و دیموکراتی یەکاندا.

دوای خۆ بەدەستەوەدانی یابان بەشیوەیەکی فـەرمی (رسمـی) لـە ١٤ی ئـابی ١٩٤٥دا،وە ئـەوەش پـاش ئـەو راگـەیاندنی شـەرەوە دی کـە یـەکیتی سـۆڤیت و مەنگۆلیا لـە دژی یابـان رایـان گـەیاند یـەك لـەدوای یـەك، یەکـەمیان لـە ٨ی ئـاب ودووەمیشیا لە ١٠ی ئابدا، هیرشەکانی کۆمیتانگ بەسەرکردایەتی تشیانگ کای شـیك و بـە پشـتگیری ئـەمریکا بـۆ سـەر حـیزبی کۆمۆنیسـت لەناوچـە ئازادکراوەکاندادەستی پی‌کـرد، وەپـاش ئـەوەی شـەری نـاوخۆ لەسـەر ئاسـتی نیشتمانی‌بووە راستی‌یەکی بەرچاوو ماتریـالی، مـاو تسـی تۆنـگ بانگـەوازیکی ئاراسـتەی هـەموو سـەرکردە حیزبیـەکانی ناوچـە ئازادکراوەکـان کـرد، لـە بانگەوازەکاندا داوایان لی‌دەکات کە بەردەوام بن لەسەر هەلویستی کەم کردنەوەی کریکان و دلنیابوون لـە سوودمەندی جووتیاران لەو دابەزینـەدا، لەگـەل گرنگـی سوودمەندبوونی کریکاران و جەماوەری زەحمەتکیش لە زیادکردنی کری و باش کردنی هەل ومەرجی ژیان،لەگەل پیویستی کارکردن بۆ دلنیابوون لەوەی کەخاوەن زەوی‌یـەکان بتوانـن سـەر چـاوەی بژیـوی خۆیـان دابـین بکـەن، وەبازرگانـە سەرمایەدارەکان و سەنعەتکاران بتوانن قازانج بەدەست بینن شان بە شانی کار کردن بۆ زیاد کردنی گەنم و پیداویستی‌یەکانی تری رۆژانەی خەلك و باش کردنی هەل ومەرجی بژیوی گەل و وەفریاکەوتنی قوربانیانی برسیتی و پەناهەندەکان.

وە مـاو دەنووسـی: ئیمـە نـاتوانین بەسـەر کۆسـپەکاندا سـەرکەوین و پیداویستی‌یەکانی جەنگ دابین بکەین و سەرکەوتن مسۆگەربکەین مەگەر تەنها لە حالـەتیکدا کـە بتوانـین ئـەم دوو ئەرکـە مەزنـە بەباشـی جی‌بـەجی بکـەین: کـەم کردنەوەی کری‌ی زەوی‌یەکان و زیادکردنی کری‌ی بەرهەم هینان، لـە پیناوی وورووژاندنی (حمـاس)ی شۆرشـگیری لـەنیو بـەرینترین جـەماوەری جووتیاراندا و

لەهەمان کاتیشدا هانی خاوەن زەوی‌یە گەورەکان نەدری کەیارمەتی کۆمیتانگ بدەن، ئەویش بەوە دەبیت کەدەرەفەتی دابین کردنی بژێوی‌یان بۆ برەخسینری ، وە هەلویستی هەنوکەیی هەر وەك خۆی بهیلریتەوە، لەنزم کردنەوەی ئاستی کریکان، نەك دەست بەسەراگرتنی زەوی‌یەکان وەکارکردن لە پیناوی یارمەتی‌دانی زۆرینەی جووتیاران بۆ خۆریکخستنیان لە کۆمەلە جووتیاری‌یەکاندا[٣٣].

پاش ئەوە وە لە سالانی ١٩٤٧، ١٩٤٨ دا پیش درووست بوونی کۆماری چینی میللی، ئینجا پاش سەرکەوتنی شۆرش لە سالی ١٩٥٠دا، مەسەلەی پەیرەوکردنی دروشمی ((زەوی هی ئەو کەسەیە کە دەیکیلی)) پیشکەوتنی باشی بەدەست هینا لە ری‌ی کۆمەلە بریاریکی تایبەت بە هەلوەشاندنەوەی سیستەمی کشتوکالی خاوەن سروشتی چەوسینەرانەی فیئۆدالو نیمچە فیئۆدالی، وەدەست بەسەراگرتنی زەوی‌یەکانی خاوەن زەوی‌یە گەورەکان و زەویەکانی مولکداریتی گشتی (دەولەت) لەلایەن کۆمەلە جووتیاری‌یەکانی‌لادیوەو پاشان بەپی‌ی پرەنسیپی دابەشکردنی یەکسان بەسەر هەموو دانیشتوانی لادیکاندا، بەبی لەبەر چاو گرتنی جیاوازی‌یەکانی جنس و تەمەن، نزیك دەست بەسەراداگرتنی ئاژەلو ئامیرە کشتوکالی‌یەکان و کەل و پەلە هاوشیوە زیادەکانی جووتیارە دەولەمەندەکان و دابەشکردنیان بەسەر جووتیاران و خەلکانی هەژاری‌تردا، وەهەمان ریژەش بۆ خاوەن زەوی‌یەکان دابنریت، پاشان لەکاتی پەیرەوی کردنەکانی دواتردا چەند گۆرانکاری‌یەك بەسەر شیوازەکانی دابەش کردنی یەکساندا لەناوچە ئازادبووە کۆنەکان و نیمچە کۆنەکاندا لە فیبرایەری١٩٤٨ دا هینرا، ئەویش بەلیسەندنەوەی زیادەکانی بەشیکیان ودانی بەوانەی کەبەشیان ناکات لەپیناوی بەرزکردنەوەی ئاستی جووتیارانی هەژار و ئەوانەی کەبە کری کاردەکەن، وەلەهەمان کاتدا ریگادان بەتویژە ناوەندیەکانی جووتیاران کەمولکداریتی زەویەکەیان ناوەندیانە کەمیك لەزەویەکانی جووتیارە هەژارەکان زیاتر بیت، وەلەهەموو حالەتەکاندا ریگەنەدرا بەبردنی زیادەی زەوی یەکانی جووتیارانی تویژی ناوەندو دەولەمەندە شیوە تازەکان بەمەبەستی دەستکاری

کردن، مەگەر لەحالەتێکدا کەدەستکاری کردنەکە پێویست بووبێت، وەسەرەنجام لەدوایی دا خوودی جووتیاران بەودەستکاری کردنە رازی بوون، بەلام لەناوچە تازە ئازاد بووەکاندا نابێت لەکاتی ریفۆرمە کشتوکالیەکاندا هیچ زەوی یەك لە جووتیارانی توێژی ناوەند بسەنرێت.

لەفبرایری١٩٤٨داو لەکاتێکدا کەشەری ناوخۆیی لەپێشکەوتن دابوو بەرەو سەرکەوتن ،کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی چین بریاری دا کەسیاسەتی تازە لە مەر ریفۆرمە کشتوکالیەکانەوە پەیرەو بکری لەناوچە تازە ئازادبووەکانداو وەئەم سیاسەتە وای دەخواست کەریفۆرمی کشتوکالی لەوناوچانەدا بەدوو قۆناغدا تێبپەری: لەقۆناغی یەکەمدا پێویستە جووتیارە دەولەمەندەکان بێ لایەن بکرێن، لەهەمان کاتیشدا لیدانی خاوەن زەوی یەکان بەتایبەتی و لەپێشەوەیاندا خاوەن زەوی یە گەورەکان، بەشێوەیەکی چرو پر(مرکزی).

لەقۆناغی دووەمیشدا:هاوشان لەگەل دابەش کردنی یەکسانیانەی زەوی یەکانی خاوەن زەوی یەکاندا، زەوی یە زیادەو بەکری دراوەکانی جووتیارە دەولەمەندەکانیش دابەش دەکرێت، بەلام پێویستە مامەلەمان لەگەل جووتیارە دەولەمەندەکاندا هەمیشە جیاواز بێ، لەگەل مامەلە(هەلسوکەوت) مان لەگەل خاوەن زەوی یەکاندا.

وەپاش دامەزراندنی کۆماری چینی میللی، حکومەتی ناوەندی لە تەمموزی ١٩٥٠دا یاسایەکی تایبەت بەریفۆرمی کشتوکالی دەرکرد، کەتێیدا دەلێ: لەناوزەوی یەکانی جووتیارە دەولەمەندەکاندا تەنها ئەو بەشەیان دەستی بەسەردا دەگیری، کەداویانە بەکری،ئەویش دەست بەسەراگرتنیکی گشتی نا بەلکو رەنگە تەنها دەست بەسەر بەشێکی دا بگیری، لەوە بترازێت مولك و زەوی یەکانیان پێویستە پارێزراوبێت.

هەواڵنامەی کتێب

وه له قۆناغی دواتردا ، قۆناغی(شۆرشی سۆشیالستی) ههتا رادەی پیشکەوتنی بزووتنـەوەی هـەرەوەزی یـە کشـتوکالیەکان و ئـابووری لادیکـان لەگەشـە کردنـدا بووایە، بەورادەیەش ئابووری جووتیارانی دەولەمەند بەرەو توانەوە دەرۆیشت[٣٤] .

وەبەم شیوەیە توانرا پاش سەردەمیکی دوورو دریـژ کەنزیکـەی بیسـت سـالی خایاند ، وەلەچوارچیوەی(زحف)ورزگارکردنی زەوی و بنیاتنانی ئەو یەکیتی‌یـە جووتیاریانەی کەخود بەخود بەکاری شورشگیرانەی جووتیاری هەلدەستی، وەلە چوارچیوەی نەخشەو پیلانیکی نەرمدا لە پەیوەند بە چینـەکانی نـاو چوار چیوەی ناوچە ئازادکراوەکان، وەبـەپیی پـەیوەندی یـە راسـتەقینەکانی نیـوان هیزەکـان ، لەگـەل دیاری کردنیکی روونـی سروشتی بەرژوا دیموکراتیکی شۆرشی چین دا، وەسـەرەرای ئـەوەی کەلەهـەل ومـەرجی تازەشـدا بـوو، وەپـەیرەیکردن لەچوارچیوەی(ممارسە) کردنیکی کرداریانـەدا رووی داو، پیش ئـەوەی دەسـەلات بگرنە دەست، ئەویش لـەریی دابـەش کـردن و دەسـت بەسـەرا گرتنـەوە، یـاخوود لەریی دابین کردنی یاخوود مسۆگەر کردنی قەرزەکان و کریکانەوە، کـەبووە هۆی رەخسـانی رادەیـەکی بـاش لەدیموکراسـی و ئـازادی لـەبواری پیکـهینانی هەرەوەزی‌یەکاندا.

<u>پەراویزەکان:</u>

١_لینین_ من یومیات صحفی_ نشر فی سبتمبر١٩١٧،فی:لینین_مسالةالارض والنضال فی سبیل الحریە_ دار التقد موسکو١٩٦٩،ص٥٠ .

٢_ هەمان سەرچاوەی پیشەوو.ل٥٠

٣_انجلز حیاته واعماله مترجمة_دارالثقافة الجدیدة_ القاهرة ١٩٧٩ .ص٢٢٨،٢٢٩،٢٣٠ .

٤_بروانه مارکس –راس المال_المجلد الاول الجزء الثانی_دار التقدم موسکو_١٩٨٧ –الفصل الرابع والعشرون_مایسمی بالتراکم الاولی.

٥_مارکس وانجلز_البیان الشیوعی_دار الثقافة الجدید١٩٩٦ ،ص٢٤٦.

٦_هەمان سەرچاوە،ل٤٧

٧_هەمان سەرچاوە،ل٤٧

٨_هەمان سەرچاوە،ل٣٢
٩_ماركس_راس المال المجلد الاول_الجزء الثاني_دار التقدم موسكو١٩٨٧_پەراویزیکی لاپەرەی٣٧٢ دەقیکی مانفیستیکۆمۆنیست پیکهاتووە_لندن١٨٤٨،ل٩_١١ .
١٠_ناونیشانی بەشەکانی مانفیست ئەمانەیە:
بەشی یەکەم:بۆرژواکان وپرۆلیتیرەکان.
بەشی دووەم:پرۆلیتیرەکان وکۆمۆنیستەکان.
بەشی سیهەم:ئەدەبیاتی سۆشیالستی وکۆمۆنیستی.
بەشی چوارەم:هەلویستی کۆمۆنیستەکان لە بەرامبەر حیزبە نەیارە جیاوازەکان دا.
١١_البيان الشيوعي_سەرچاوەی پیشوو،ل٥٩.
١٢_هەمان سەرچاوە،ل٧،٨.
١٣_هەمان سەرچاوە،ل٨،٩،١٠.
١٤_انجلز_حياته واعماله_سەرچاوەی پیشوو،ل٣٤٨،٣٤٩،٣٥٠،٣٥١.
١٥_هەمان سەرچاوە،ل٣٥١.
١٦_لینین_راپۆرتیک دەربارەی،هەلسوران لە لادیکاندا -کەلە:لينين مسالة الارض والنضال في سبيل الحرية_دار التقدم_موسكو١٩٦٩،ل١٠٢،١٠٣دا وەرگیراوە.
١٧_سەرچاوەی پیشوو،ل١٠٣
١٨_سەرچاوەی پیشوو،ل١٠٤
١٩_ سەرچاوەی پیشوو، ل ١١٠
٢٠_ سەرچاوەی پیشوو، ل ١١١
٢١_ سەرچاوەی پیشوو، ل ١١٣
٢٢_ سەرچاوەی پیشوو، ل١١٢
٢٣_ بریاریکی کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی کۆمۆنیستی رووسی (بەلشەفی) دەربارەی هەلویست لە تویژی ناوەندی جووتیاران، لە: لينين مساسة الأرض والنضال في سبيل الحرية. ل ١١٩. وەرگیراوە
٢٤_ مؤلفات ماوتسي تونغ المختارة _الجزء الأول_ دار النشر باللغات الأجنبية_ بكين ١٩٦٨، ل٧٧،٧٨
٢٥_ لينين_ الديمقراطية الشعبية في الصين _في لينين_ استيقاظ اسيا_دار التقدم_ موسكو (د،ت)،ل ١١.
٢٦_ هەمان سەرچاوە، ل١٢

٢٧_ هەمان سەرچاوە، ل١٤

٢٨_ هەمان سەرچاوە، ل١٧

٢٩_ حیزبی کۆمۆنیستی چین لە سالی ١٩٢١ دا درووست بووە، وە لە سالی ١٩٢٣دا دکتۆر صۆن یان صن بریاری دا بەهاوکاری کۆمۆنیستەکان حیزبەکەی (کۆمی‌تانگ) بنیات بنینەوە وە هاریکاری لەنیوان کۆمیتانگ و حزبی کۆمۆنیستدا درووست بکات، هەروەها پەیوەست بوونی کۆمۆنیستەکان بە حیزبەکەی خۆیانەوە پەسەند بکات، پاشان لە ینایری ١٩٢٤دا کۆنگرەی یەکەمی نیشتمانی کۆمیتانگ لە شاری کانتۆن گیراوە لەبارەی چەندەها سیاسەتی مەزنەوە بریاری‌دا: بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ رووسیادا، هاریکاری‌کردن لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستدا، یارمەتی‌دانی کریکاران وجووتیاران، وە هاوری‌یان: ماوتسی تونگ، ولی داتشاو، ولین بوتشو، وتشیو تشیوبای، و چەندەها کەسی تریش بەشداری کۆنگرەکەبوون و رۆلیکی مەزنیان بینی لەیارمەتی‌دانی کۆمیتانگدا بۆ گرتنەبەری ریبازی شۆرشگیرانە، وەهەندیکیان وەك ئەندام و ئەندامی پالیوراو کۆمیتەی جی‌بەجی‌کردنی ناوەندی کۆمیتانگ هەلبژیردران، (پەراویزی ژمارە(٥)لە _ماو تسی‌تونگ_ المجلد الاول،ص ٢٥)

٣٠_ مؤلفات ماوتسی تونغ المختارة _المجلد الأول_ مقال تحلیل لطبقات المجتمع الصینی_ ص ٢٤،١٥

٣١_ هەمان سەرچاوە، ل ١٣٩

٣٢_ مؤلفات ماوتسی تونغ المختارة _المجلد الثالث_ دار النشر باللغات الأجنبیة_ بکین ١٩٧٠، ص ٣٤٤،٣٣٧

٣٣_ مؤلفات ماوتسی تونغ المختارة _المجلد الرابع_ بکین ١٩٧٣، ص ٩٠،٨٧

٣٤_ هەمان سەرچاوە،ل٢١٤،٢١٦،٣٢١،٣٢٣

سەرچاوە: گۆڤاری النهج ژمارە(١٥) هاوینی ١٩٩٨

# کورتە باسێك لەمەر خەتەنەکردنی ئافرەتان

## ٩٠ ملیۆن ئافرەتی خەتەنەکراو لە جیهاندا

نوسینی/ زاریا عومەر



زۆر کەس پێیان وایە کە کرداری خەتەنەکردن نەریتێکی ئیسلامی‌یە. بەلاّم لە راستی‌دا خەتەنەکردنی کچان نەریتێکی ئیسلامی‌نی‌یەو لە بنچینەش دا پەیوەندی بە ئاینەوەنی‌یە، ئەم دیاردەیە لەو کۆمەلگایانەشدا کە چەندئاینێکی جیاوازی تیدابووە، هەبووە، تەنانەت لە کۆمەلگا نائینی‌یەکانیشدا لە رۆژهەلاّت و رۆژئاوا دا وەك یەك ناسراون، یەکەمین ناوهێنانی دەگەرێتەوە بۆ (هیرۆدۆت)(*HERODOTUS*) مێژوونووسی ئەغریقی لەسەدەی پێنجەمی پێش میلادی، میسری‌یەکانیش وهەروەها دانیشتوانی مەکسیك (المایا) کە بریتی‌یە لە کۆنترین شارستانی‌یەکانی جیهان، هەروەها کەنعانیەکان و دانیشتوانی نیوەدوورگەی عەرەبیش لە پێش ئیسلامدا بەم دیاردەیە ئاشنابوون.

پروپاگەندەکردن بەوەی کە بیرەباوەری ئیسلامی خەتەنەکردنی ئافرەت دەسەپێنێت تەنها پروپاگەندەیە. لە قورئاندا هیچ باسێك دەربارەی خەتەنەکردن نەهاتووەو، تاکە ووتەی پێغەمبەریش کە ئاماژە بە خەتەنەکردن دەکات، ووتەیەکی لاوازە بەروونی ئەوە دەسەلمێنێت ئەم پرۆسەیە شتێکی سەپێندراو (فرض) نی‌یە بەلکو لەبیروباوەری ئیسلامی‌دا لاوەکی‌یە.

خەتەنەکردن نەریتێکە کۆمەلگای پیاوسالاری دەیسەپێنێت، ئیمەی ئافرەتانین لەبارێکی دەروونی ناجێگیری هەمیشەیی‌دا کە پشتێنی پاکیزەیی لەبەردەکەین کە لە

گۆشتی خۆمان دروست نەکراوە بەڵکو لە پێست یان ئاوریشم یان ئەڵماس یان خوری دروست کراوە. ئێمەی ئافرەتان شایەتی نموونەیی ئەو خەونە موگناتیسی‌یەین بە زانیاری ئاووشیاریمان لەوەی کە پیاوان بە ئێمەی دەکەن بەهاوکاری لەگەڵ دایکماندا. ئێمەی ئافرەتان پرسیاردەکەین کەچی هەیە وا لە ئافرەتان دەکات مل کەچ بن بۆ کۆیلایەتی‌و، کاربکەن بۆ بەردەوام بوونی لە جیاتی ئەوەی بەیەکەوە یەکبگرن بۆ تێکشکاندنی؟.

ئایا شیواندنی لەشی ئافرەت ڕەنگدانەوەی توندڕەوی‌یە، کەکۆمەڵگای پیاوسالاری پەنای‌بۆدەبات تاوەکو لە ڕووی کۆمەڵایەتی‌یەوە زاڵ بێت بەسەر ئافرەتداو، ئەوە بۆخۆی مسۆگەربکات کەلەو یاسا توندوتیژانە دەرنەچێت کە حوکم ئەدا بەسەر ژیانیدا؟!.

هەڵدەستین بەخستنە ڕووی دەرئەنجامەکانی پرۆسەی خەتەنەکردنی جەستەیی، پاشان بەتەنها دەچینە سەر گفتوگۆی جیاجیای پرۆسەکانی خەتەنەکردنی جەستەیی‌و فیکری‌و دەروونی، کە ڕووبەڕووی ئافرەتان بۆتەوەو، تا ئیستاش بەردەوامە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەیەکەوە لە ژێرناوی شەرەف یاخود جوانی‌دا.

بۆ نموونە ... کرداری بەستنەوەی هەردوو قاچ لە چین داو، خەتەنەکردنی جەستەیی لە ڕۆژئاوا و ئەفسانەی جوانی لە سەدەی بیستەمدا و سوود وەرگرتن لەلەشی ئافرەت بۆ سێکس، لە ڕێگای نەشتەرگەری جوانکاری‌و مۆدەی باو کە دەروونی‌و لەشی‌و بیری لەیەک کاتدا دەشێوێنێ.

ئەفسانەی ڕزگاری ئافرەتان و گەشتنیان بە مافەکانیان لە خوێندن و لە ڕووی یاسای‌و پیشەیی‌و سیاسی‌یەوە ئەوەیە کە هەڵ دەسێت بە دیاری‌کردنی هەست و نەستی‌یەوە، کەئافرەتان لە هەموو ڕۆشنبیری‌یەکان دا تائیستاش بونەوەرێکە بۆ کەسانی‌تر نەک بۆ خوودی خۆی، هەروەها گیرۆدەیە بەدەست چەمکەکانی مێینەی هەڵەوە.

هەرچەندە رۆشنبیری‌یەکان جیاوازبن لەلایەن ئاین و خورەوشتەباوەکان ویاسای کۆمەلایەتی و سیاسی‌یەکان بەلام هەموویان لە ناوەرۆکی ئەفسانەکانیاندا هاوبەشن دەربارەی ئافرەت کە لە ئەدەب و تیورە زانستی‌یەکاندا رەنگی داوەتەوە، تائیستا مییەتی لە چوارچیوەی دژایەتی دوو جەمسەری‌دایە، پاکیزەیە، سۆزانی‌یە لە هەموو گوتارە شارستانیەتی‌یەکاندا، ئافرەت سەرچاوەی شەر و ئاشتی‌یە لەیەك کاتدا، هەر ئافرەتە حیکمەتی رەوشت و تیکچوونی کۆمەلایەتی‌یەکانە، سەرچاوەی (ئاژاوە)و فیتنەو قیزەونی‌و ترسە.

ئافرەت ئاوینەی شارستانیەتە لە رووی هۆش و ئاینەوە ناتەواوە، وەك کالا ریزبەند دەکریت یاخود وەك دراو مامەلەی پیوەدەکریت و وەك مرۆڤ مامەلەی لەگەل ناکریت. بەلام دەربارەی نیرینە تائیستاش بەستراوەتەوە بە سروشتەوەو نیرایەتی‌و چاکیتی‌و ناوبانگ دەرکردن بە پیچەوانەی مینە کە هەمیشە گریدراوە بەلادان و ناقولای‌و نەخۆشی، ئەم هۆکارانەیە کە ریگەی‌داوە بە کۆمەلگایەی پیاوسالاری بۆ بیرۆکەی خاوەن داریتی پیاو بۆ ئافرەت و مافی ئەو بۆ کەمکردنەوە یان برینی ئەوەی کە خۆی دەیەویت لەلەشی‌و، گوینەدان بەوەی کە ئارەزووی پی ناکات تا لە ناوخۆی لەشی خۆی زیندانی بکات، ئیفلیجی‌بکات لە شیوەکانی چەوسانەوەی جستەیی ئافرەت دا.

یەکەمینیان لەسەرو لیستەکەوە پرۆسەی خەتەنەکردن دیت بەمانا پیشەیی‌یەکەیەوە کەبەتەنها لەسەر شیواندنی ئەندامی زاوزیی کچەکە راناوەستیت بەلکو مافی سیکسی ئافرەتەکە لەناو دەبات، هەروەها کاردەکاتە سەر تەندروستی لەشی‌و دەروونی‌و بیرکردنەوەی، ئەم پرۆسەیە لە ژیرناوی داب و نەریت یان ئاین یان بۆماوەی رۆشنبیری ئەنجام دەدریت بەبیانوی پاکژکردنەوەی ئافرەت لەپارچە پیسەکانی یاخود بەپاساوی پاریزگاری‌کردن لە کچیتی کچان و پاکیزەییان لە پیش شووکردنداو کورت کردنەوەی کارەکەی تەنها بۆ مندالبوون. ئافرەتی ریکوپیك لە رووی رەوشت و هۆشداو لەشدا، تەنها بۆ بەکاربردن باشە.

زۆربەی کات پرۆسەی خەتەنەکردن بەبێ بەنج کردن ئەنجام دەدرێت لەسەر منداڵان کەتەمەنیان لە نێوان شەش تا دوانزە ساڵیدایەو. هەندیك جار بەرامبەر منداڵی شیرخۆرەو ئافرەتی باڵق بووش ئەنجام دەدرێت پیش شووکردن، ئەمەش مامانیك پیی‌هەڵدەستێ یاخود ئافرەتیکی پیری (دانا)و هەندیك جار پەرستیار (ممرضـة) یاخود پزیشـك پیی‌هەڵدەستیت هەروەکو ئەوەی لەیەکیك لە نەخۆشخانەکانی سلیمانی‌دا رووی‌دا کاتیك پیاویك داوای لە ژنەکەی خۆی‌کرد کە خەتەنەکردنی بۆبکریت و ئافرەتەکەش لەتەمەنی (٢٠)ساڵی‌دابوو.

زۆر کات دایك ئامادەدەبیت تاوەکو یارمەتی‌دەربیت بۆ زاڵبوون بەسەر جوڵانەوەکانی کچەکەی‌دا لەکاتی خەتەنەکردندا. بەڵام ئەو کەرەستانەی کە بەکاردەهینریت پاکژنی یە بریتی‌یە لە شفرەی ریش تاشین و موس و یاخود چەقۆ کە زۆربەی کات دەبیتە هۆی روودانی هەوکردن (التهابات) یان خوین بەربونی ناوخۆیی یان دەرەکی یاخود تووش بوون بە نەخۆشی گوزاز یان گواستنەوەی نەخۆشی‌یە ساری‌یەکان وەك سیل یان ئایدز. هەرگیز لەیادم ناچیت کاتیك منداڵ بووم لەگوندی (عەربەت) چۆن منداڵانی گوندەکەیان کۆکردەوە بۆئەوەی خەتەنەکردن لە گوندەکەدا ئەنجام بدەن هاوریکەم (پیرۆز) کە شوان بوو بینیم چۆن ئازاری دەچەشت لە کاتی میزکردندا ... ئەو کات من لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی‌بووم لە ساڵی ١٩٧٣دا.

بەداخەوە دیاردەی خەتەنەکردن سەر لە نوی و بە شیوەیەکی بەرفراوان دەستی بەسەرهەڵدان کردۆتەوە لە دوای راپەرینی کوردستانی خۆشەویستدا. لە شوینە میللی‌یەکان (شعبیە) ناو شارەکان ئەنجام دەردریت هەروەها بەشیوەیەکی بەربڵاوتر لە گوندەکان بەریوە دەچیت بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە بزووتنەوە ئیسلامی‌یە توندرەوەکان تیایدا باڵادەستن، ئەم کردەوە ناشرینە بەرامبەر ئافرەتان ئەنجام دەدریت کە تەمەنیان لە نیوان (١٥ _ ٢٠) ساڵی‌دایە، وە لەشارۆچکەی هەڵەبجە لە یەکیك لە ماڵەکاندا خەتەنەکردن ئەنجام دەدریت ناوی مامانەکەش

(خ.ر.ك) دیاره ئەمەش وەك ئەوەی باوه له ژێرپەردەی (شەرەف وئاین)دا ئەنجام دەدرێت.

### سێ جۆره خەتەنەکردن هەیە

١_ خەتەنەکردنی نیوەدوورگەی عەرەبی: لەهاوشێوەی خەتەنەکردنی پیاو نزیکه، هەلدەستن بە برینی سەری پێستەکەی قیتکە بەبێئەوەی ئازاری بدات.

٢_ خەتەنەکردنی (بیکر براون): ئامانجی برینی قیتکەیە لەگەڵ برین یان نەبرینی هەردوو لیوەکەی ناوەوەو دەرەوە پێکەوە یان هەردووکیان پێکەوە.

٣_ خەتەنەکردنی فیرعۆنی: ئەمەش وەك خەساندنی پیاو وایە. تیایدا هەموو ئەندامە دەرەکییەکانی سێکسی ئافرەت لێدەکرێتەوە (قیتکە و هەردوو لیوەکانی ناوەوە و دەرەوە) پاشان برینەکە بە تەواوی دەدوورنەوە تەنها کونێکی زۆر بچووك نەبێت بۆ میز کردن و خوێنی مانگانە نەبێت، پاشان کچەکە تەداوی دەکرێت و ناچاردەکرێت وکەبۆماوەی (٤٠) رۆژ لە جێگادا بکەوێت تابرینەکەی سارێژدەبێتەوە.

کرداری ئازاردانی ئافرەت لەم سنووره راناوەستێت. بەلکو ئەم برینە بۆ جاری دووەم دووباره دەکرێتەوە لە شەوی بوکینییەکەیدا بە چەقۆ یان بە گوێزان، پاشان جارێکیتر دەکرێتەوە لە کاتی مندال بوونی داو پاش مندالبوونەکەی سەر لەنوێ دادەخرێتەوە یاخود لەپاش تەلاقدانی، بۆ پارێزگاری کردن لەسەر پاکیزەیی ئافرەت. جۆری سێیەم لە خەتەنەکردن زیاتر لە وڵاتانی ئەفەریقادا بە ریوەدەچێت، نوێنەرانی رێکخراوەکانی ئافرەتان لەم کیشوەرەدا زۆرجار لە کۆنگرە جیهانییەکان یان لە رۆژنامەو بلاوکراوەکان باسیان لە مەر ئەم کاره نارەوا و ترسناکە کردووه بەتایبەتی نوێنەرانی رێکخراوەکانی ئافرەتانی نایجیریاو سەنگال.

هەواڵنامەی کتێب

## لیکەوتە تەندروستی‌یەکانی پرۆسەی خەتەنەکردن

بەلام سەبارەت بە لیکەوتە تەندروستی‌یەکانی خەتەنەکردن ئەوە زۆرن، لەوانە خوین بەربوون و هەوکردنی دریژەخایەنی زایەند (مهبل)و منداڵدان، پەشیوی‌یەکانی بۆری میزکردن و دەرکەوتنی کیس یان دوومەڵ کەلەوانەیە ببیتە هۆی داخستنی بۆری میزکردن یان کونی زاوزێ کردن و هەندیك جار بەردەوام بوونی خوینی مانگانە بۆ چەند رۆژیکی زیاتر لە سروشتی خۆی و مانەوەی بەشیك لە خوینی پیس لەناو خۆی لەش دا، هەروەها کیشەو تیکەڵاوی تری هەیە کە لەوانەیە روویدات لە کاتی منداڵ بوون دا لە ئەنجامی دراندنی‌دا، سەرەرای پشیوی سیکسی و دەروونی ترسناك، کە لەترسی پرۆسەی بەردەوام بوونی سیکسی بەرجەستە دەبیت لە کاتی جووت بوون دا، هەروەها ناثارامی‌و دل تەنگی‌و رەش بینی بۆ دروست دەکات.

لە کۆتایی‌دا دەلیین کە میژوو پرە لە رەوشتی باو کە درندایەتی‌یەکەی لە خەتەنەکردن کەمتر نەبووە لە ژیر ناوی پاریزگاری کردن لە شەرەف و پاکیزەیی بەریوە چووە لەوانە:

بەستنی پشتینی پاکیزەیی ئەمەش بە کارهینانی لە ئۆروپادا بلاوبوو بەتایبەتی لە کاتی جەنگی خاچ پەرستەکاندا لە رۆژهەلات و لەرۆژئاوا، هەروەها سووتاندن لە هندستان ئەمەش لای هیندۆسەکان بریتی‌یە لە سووتاندنی بیوەژن لە شوینی سووتاندنی لاشەی میردەکەی‌دا وەك بەلگەیەك بۆ دلسۆزی ژنەکە بۆ هاوسەرەکەی، یان کوشتن و زیندەبەچال کردنی منداڵ لە کاتی لەدایك بوونی‌دا ئەگەر هاتوو کچ بوو، یاخود بەستنەوەی پیی ئافرەت لە پیلاویکی کانزایی‌دا ئەمەش لە چین دا پەیرەو دەکرا.

لە سالی(١٩٣١)دا حالەتیکی تایبەت لە بەریتانیا تۆمارکرا کە بریتی بوو لە وەی میردیك هاوسەرەکەی خۆی ناچارکرد بۆ بەستنی پشتینی پاکیزەیەتی بۆ ماوەی (٢٠)سالی تەواو. هەروەها یەکیك لە حیزبەکانی هەنگاریا لەسالی(١٩٣٣)دا

داوای کرد کە کچان ناچار بکرین لە تەمەنی ١٢ سالی‌یەوە پشتێنی پاکیزەیەتی لە بەربکەن بەو مەرجەی کلیلەکەی لای باوك بمێنیتەوە تا کاتی شووکردن.

خەتەنەکردنی دەروونی و فکری تا ئیستا بەردەوام رووبەرووی ئافرەتان دەبێتەوە لەزووربەی جێگاکانی جیهاندا، مەترسی‌یەکەی لە مەترسی خەتەنەکردنی جەستەیی کەمتر نی‌یە، تا هەنوکەش قۆناغی گواستنەوەی کچ لە مندالی‌یەوە بۆ ئەو قۆناغەی پێی دەلین پێگەیشتن بریتی‌یە لە کرداری میشك شتنەوەی، هەروەها تەریك کردنیتی بە بەردەوامی لەسەر ئاستی دەروونی‌و فکری‌و جەستەیی، تا بگونجیت لەگەل کەسایەتی‌داو، لەگەل ئەو رۆل و پیشەو چەمکە کۆمەلایەتی‌و رۆشنبیری‌یە سەپینراوەکان بەسەری‌دا کە لەزۆربەی کاتدا ناگونجیت لەگەل تواناو ویستە مرۆڤایەتیەکانی‌دا. پەروەردەکردنی ئافرەتان ئامانجیتی کەبەخراپە بەسەری‌دا بشکیتەوە، لاوازە شیوێندراوەو لە خۆی دلنیا نی‌یە.

ئەوەی جێگای نیگەرانی‌یە ئافرەتان خۆیان بە بەردەوامی بەشداری دەکەن لە چەوساندنەوەی خۆیاندا لە رووی جەستەیی یان فکری‌دا، بەهۆی هۆکاری ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌یەوە، وەك مسۆگەر کردنی شووکردنی کچەکانیان و چوونە نێو بازاری شووکردنەوە ... هتد، بەمەش ئەوان بەشدارن لە پیشێلکاری جەستەیی‌و فکری ئافرەت دا واتە بەتەنها قوربانی کەسانی تر نین.

دوژمنی سەرەکی ئافرەت لە زۆبەی کاتەکاندا لە ناوخودی ئافرەت خۆی‌دا خۆی مەلاس داوە، سەرەرای ئەوەی کەئافرەتان زۆر لەمافەکانی خۆیان بەدەست هیناوە لە بوارەکانی پەروەردەیی‌و سیاسی‌و یاسای لە زۆر ولاتانی جیهاندا، بەلام تا ئیستا مرۆڤایەتی‌بوونی خۆی بەتەواوەتی بەدەست نەهیناوەتەوە. تا ئیستا ریگای رزگاربوونی ئافرەت لە رووی فکرو جەستەو دەروونەوە سەخت و ئالۆزە، بەلام ریگای هەزار میل وەك (ماو) دەلیت لە هەنگاویکەوە دەست پی دەکات.

لە تیروانینی ئیمەوە سەرەتای ئەم هەنگاوە لەم سی هەنگاوەوە دەست پی دەکات:

١_ بەگژدا چوونەوەی داب و نەریتە بەسەرچوەکان و، هەرشتێک کە ئافرەتان لە بارێکی پلە دوودا دەهێلێتەوە، بە ملکەچی‌وپاشکۆیی‌و هەست کردن بەنەبوونی خۆی کەدێتە قووڵایی ناخیەوە واهەست دەکات کە بۆتە بەشێک لە سروشتی، بەشێکی پێویست لە کامل بوونی خوودی کەسایەتی خۆی وەك ئەوەی لەخەیالی خۆی‌دا لای دروست دەبێت.

٢_ بەگژدا چوونەوەی پێوەرە دووفاقەیی‌یەکان ویاسا کۆمەڵایەتی‌یەکان کە وەك کەسێکی پلە دوو مامەلە لەگەڵ ئافرەت دەکات وەك رەگەزێکی یەدەك لەچوارچێوەی خێزان و کۆمەلدا، لەلایەنی پەروەردەو کارکردن و سیاسەت و پایە کۆمەڵایەتی، هەروەها بەگژداچوونەوەی هەرشتێک کە مافەکانی زەوت دەکات وەك مرۆڤێکی تەواو کە بڕوای بەخۆی بێت و کەسایەتی خۆی لە خوودی خۆی‌دا بەدی بکات نەك لە کاسانی تردا.

٣_ چوونە ناو هۆیەکانی راگەیاندن کە رۆلی کاریگەری هەیە بۆ سەر رای گشتی و دەبێتە هۆی پێکهێنانی ووشیاری لای جەماوەر لەکاتی ئێستاماندا. ئەمەش لەپێناوی بەگژدا چوونەوەی چەمکە هەلەکان لەباری مێیەتیەوە کەسووکایەتی بە ئافرەت دەکات و وا دەیخاتە روو کەبوونەوەرێکی ناتەواوو بی سەنگەو تەنها ئامرازێکە بۆ نەوە خستنەوە یان چێژ لی وەرگرتن، بەلکو پێویستە لەسەرمان کەراگەیاندن بقۆزینەوە لە پێناوی بلاوکردنەوەی ووشیاریەکی نوی کە هەستێت بەرێزگرتنی وەك مرۆڤێك، لە جیاتی ئەوەی هانی بدەین بۆ ئەو باوەرەی کە نرخی لەو شێوە جوانی‌یەی کە پێی دەردەکەوێت سەرچاوە دەگرێت. رزگاربوونی ئافرەت رزگاری یە بۆ پیاو پێچەوانەکەشی راستە، هەروەها هیچ کۆمەلگایەك شارستانیەت و پێشکەوتن بە خۆیەوە نابینێت کە توانای نیوەی ئەندامەکانی تیایدا بەفیرۆ بروات، بەبی هۆیەکی قایلکەر یان پاساوێکی رەوا.

# کەپیتالیزم و مارکسیزم لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

و: سەرکەوت پینجوینی

سەرمایەداری لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی لە بەرامبەر هێرشێکی بەر فراوانی رۆشنبیران دەبینێتەوە، بەتایبەتی لە بەرامبەر ئەو رۆشنبیرانەی کە خۆیان بە پێشرەو دەزانن بۆ ئەنجامدانی ئەو هێرشە بەرفراوان و توندو تیژانە.

ئەوەی پێویستە تیشکی بخرێتە سەر ئەوەیە کەمامۆستایان و خاوەن بروانامە بەرزەکانی نێو زانکۆکان لە هەموو کەس زیاتر بەم مەسەلەیە کاریگەرن و بایەخی پێدەدەن، بەلام توێژی خوێندکاران زۆر گوێ بەم مەسەلەیە نادەن وخۆیان بەشتی لابەلاوە سەرقال کردوە ئەمە لەکاتێکدا وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەژێر قەیران و هەلایسانێکی گەورەی ئابووری دا ئەنالێنێ.

لەم بارەدا سروشتی‌یە کە سەرمایەداری بەووردی تەماشای جموجۆڵی مارکسیەکان وکاریگەریان لەبزواندنی رای گشتی بۆ خۆیان و بزووتنەوەی‌کەیان بکات.

کارل مارکس دەلی: (( کۆمەلگا سەرمایەداریەکان روو بەرووی ململانی یەکی چینایەتی دەبنەوە کەگرێدراوە لەنێوان ئەو سەرمایەدارانەی کەخاوەنی هۆکانی بەرهەم هێنانن لەگەل ئەوچینی کارگەرەی کەتەنها خاوەنی کارەکەی خۆیەتی)).

بەبۆچوونی مارکسیەکانی ئەمریکاسەرجەم گرفت وقەیرانەکانی کۆمەلگای ئەمریکی لە ئەنجامی قۆرغکردنی بریارە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکانی سەرمایە دارانی ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتووە کە هەموو ئەوانە لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا بەکاردەهێنن.

## بەرفراوانبوونی لایەنگرانی مارکس:

بەتـەواوی مـاوەی زەمـەنی بـەرفراوانبوونی لایـەنگرانی مـارکس لـەزانکۆکانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا نازانین بەڵام روون وئاشکرایە کەلەم چەند ساڵەی دوایدا نفوزی ئەو بیرە رووی لەزۆربوون کردووە، لەریزی زۆرینـەی ریکخـراوە پەروەردەییەکانی زانکۆو پـەیمانگاکان کۆمـەڵیك کەسانی رادیکـال بـەر چـاوان دەکەون، بەڵام بەنسبەت توێژی ژنان و پیشە رەنگاو رەنگەکانەوە کەمتر لایەنگرانی مارکسـیان تیـا دەبیـنریت، خانـەی رادیکالـەکان زۆر بـەر بلاوبـوون لەچـەند مەیدانیکی جۆراو جۆردا بوون.کەژمارەیان خۆی دەدا لە(١٠٠٠٠) ئـەندام، ئەمـە لەگەڵ چەندەها چاپکراوی مارکسی دا کەنزیکەی (١٠) بلاوکراوە دەبوو،هەروەها چەندین کتیب و نووسـینی رادیکـالی تـر کەلـەو وولاتـەدا بـەفروانی پیشـکەش بەخۆینەران و هەلگرانی ئەوبیرە دەکرا. تاکو ئیستاش خانە بلاوکەرەوە بازرگانیە گەورەکان ژمارەیەکی زۆر کتیب و باس وخواز لە مەر مەسائیلی مارکسیستی بلاودەکەنەوە، خانەی بلاوکراوە مارکسیەکان لەوولاتە یەکگرتووەکانی ئـەمریکا دا سـالانە نزیکـەی (٤٠٠٠٠) نوسـخە کتیبـی هەمەچەشـن لەمـەر کـەپیتالیزم ومارکسیستی دەفرۆشیت.

## کایگەری چاوەروان نەکراو:

بەرفراوانبوونی لایەنگرانی بیری مارکسی لەزانکۆکانی ئەمریکادا لەلایەن زۆریك لەسەرمایەدارانەوە ببووە مایەی نیگەرانی، لەنووسینیکی (لایرفینگ کریستۆل) لـەگۆڤاری (زەبـابلیك ئەنترسـیت) هـاتووە کەپیشـبینی ئـەوە ناکـات ئەمـە کاردانەوەیەکی سیاسی راستەوخۆی لە ئەمریکادا هەبیت، بەڵام ئەوەی جیگـای مەترسی یە دامەزراندنی بەرەیەکـە لـە نیـو زانکۆکـانی ئـەمریکا لەسـەر شـیوەی ئەوەی کەلە ئـەورووپا رووی دا، لە ئەلمانیاو ژاپۆنیش هیـچ جۆرە بزوتنەوەیـەکی

مارکسیانەی بەهێز لەگۆڕیدا نەبوو. بۆ یە دەتوانرێ بوترێ هیچ جۆرە هەرەشەیەکی وەها لەئارادا نەبوو لەدژی بەرژەوەندی‌یەکانی ئەلمانیاو ژاپۆن بەتایبەتی لەنیو زانکۆکاندا؛ بەڵام دەبێ بوترێ کە تیورەکەی (جۆن ماینارد کینز) کەدەربارەی کاریگەری بیرە ئابووری‌یەکان بوو لەسەر گۆڕانکاری‌یە سیاسیەکان بەفراوانی باوەشی بۆکرایەوەو پەسەندکرا لەو دوو وڵاتەدا.

(جۆن_هـ_کۆتسوێرن) مامۆستای یاریدەری مێژووی زانکۆی شیکاگۆ بوو ئەو زانکۆیەی کەببووە ناوەندی توێژینەوەی باسە رادیکالیەکان هەروەها ناو دەرکردنی ئەو ناوەندە بەر ڕێرەوە ئابووری‌یە لیبرالی‌یەکان.

مارکسیزم وەك تیوریك وایە بۆ شیکردنەوەی گۆڕانکارە کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌یەکان، ئیستا مارکسیزم لەگشت کات زیاتر مایەی پەسەندبوونە لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەبەراوردکردن لەگەڵ ساڵانی پیشوودا. وەك دیارە مارکسیەکان دەیانویست وەك مێژوو نوسیکی جدی قبوڵ بکرین ئەوان ئەم بوارەیان لەهەموو بواریکی‌تر پێ چاکترو شیاوتربوو، هەروەکو لەبواری ئابوری‌ناسیشدا ژمارەیەکی زۆریان کاریان دەکرد، کاریگەری هەرەگەورەی مێژوونووسە مارکسیەکان لەجەخت کردنیان بوو لەسەر فاکتەرە ئابووری‌یەکان، تاوای لیهات بچنە نیوبیری حەتمی مێژوویی رادیکالیانە بۆ توێژینەوە مێژوویەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا.

بەلگەشمان لەسەر ئەم راپۆرتە کە مێژوو نووسە مارکسیەکان پێ‌ی شادئەبن ئەوەیە کە دوو کەس سەرپەرشتی ریکخراوی مێژوونووسە ئەمریکی‌یە بەریزدارەکانیان دەکرد کە یەکیکیان (یۆجین_د_جینۆفین)ە کەلە ناوەرستی شەستەکان لەلایەن زانکۆی (رۆتجەرز)ەوە دەرکرا دوای ئەوەی بەئاشکرا پشتگیری لە (فیتکۆنگ)کرد، پاشان زانکۆی (رۆجستەر) وەك پسپۆریکی مێژوویی لە ئەمریکا دایمەزراندو بووە سەرۆکی بەشی مێژوو لە زانکۆی ناوبراو، دووهەمیشیان (ولیەم ئابلمان و بلیمەن) بوو لە زانکۆی ویلایەتی (ئۆریگۆن)، ویلیەمز لەساتە

وەختێ شەری ساردا سووربوو لەسەر بزوتنەوەی فیکری راستەقینە، هەروەها جەنگی ڤیتنامی وەك زنجیرەیەك لە زنجیرە دوورو درێژەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکی‌لە قەلەم دا.

ویلیەمز کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر هاورێ مێژوونووسەکانی بەتایبەتی لەبارەی پراکتیزەکردنی تیۆرەکانی لینین سەبارەت بە ئیمپریالیزم و راڤەکردنی هەل سووکەوتەکانی بەرژەوەندی ئەمریکاو هاوپەیمانە ئایدۆلۆژیەکانی لە حکومەتدا، ویلیەمز دەلێ: ئەمریکا لە کۆتای سەدەی نۆزدەهەمدا ببووە هێزێکی گەورەی ئابووری بۆیە پیویستی بەبازار هەبوو بۆ ساغکردنەوەی بەرهەم و شمەکە زیادەکانی.

(لیۆن ر فینك) کە مامۆستای یاریدەرە لە بەشی مێژووی زانکۆی کارۆلینای باکووردا رایگەیاند کە زۆر لەو مامۆستایانەی زانکۆ خۆیان بە مارکسی نازانن بەلام زۆر بەجدیو بەشەوقەوە دەروانە شیکردنەوە مارکسیەکان وەك شێوەیەك لە شێوەکانی مێژوو، بۆ نموونە لەمەیدانی مێژووی نەقابی‌دا رێرەوێکی فرەگەورە دەبینین لەبیری مارکسی لەمەر شیکردنەوەی گەشەکردنی نەقابەی لەسەر بنەمای ململانێی چینایەتی‌دا، هەروەها توێژینەوە مارکسیەکانی (گابریل کۆلکۆ)ی کۆمۆنیست زۆر کاریگەربوو لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی زۆرینەی پارێزگارەکان، (کۆلکۆ) دەلێ: ((رووکردنە پاراستنی سەرمایەداری لە یاساکانی بازاری رەشە کەچەند یاسایەکی حکومی لەپشتەوەیدایە)).

مارکسیزم هەموو پەیوەندیو کارلیکردنە گۆراوەکان لە نێوان فاکتەرە کۆمەلایەتیو سیاسیو ئابووریەکانی کۆمەلدا دەگرێتەوە، بەلام ئەم رێرەوە دەبیتەهۆی بێبەش بوونی هەندێ لەلاوە مارکسیەکان لەدانانان پییان وەك تۆژەر.

(فریدڵ بلۆك) کە مامۆستای یاریدەدەر لەبەشی کۆمەلناسی زانکۆی پەنسلڤانیا دوای دوو ساڵ لەکارکردن نەیتوانی بوونی خۆی بسەلمێنێ بەتایبەتی کاتیك

هاوەڵەکانی ڕاگەیاندن کەسیمای باسی زانستی لەو کتێبەدا نابینرێت کە بەناوی (شێوازی ناریکی لە ئابوری جیهانی)دا.

بەنیسبەت (بارتیل ئۆلمان)ی مارکسی‌یەوە پاش ئەوەی لەچاوپێکەوتنی لیژنەی تایبەتی زانکۆی (ماریلاند) پایەی سەرۆکی بەڕێوەبەریتی زانستی سیاسی پێبەخشرا بەڵام سەرۆکی زانکۆی ناوبراو نارازی‌بوو لەدانانی مامۆستایەکی هەڵگری بیری مارکسی لەو پلەیەدا. لەراستی‌دا لەناو زانکۆکانی ئەمریکادا بەئاشکرا دژایەتی ئەو مامۆستایانە دەکرا کە فکری مارکسی‌یان پێ‌قبوڵ‌بوو چالاکی جۆراوجۆریان لەدژی سەرمایەداری ئەمریکا ئەنجام دەدا، یەکێك لەهەرە دژایەتیە زەقەکانیش دەرکردنیان بوو لەو پلەو پایەی کە هەیانبوو لەزانکۆدا، مامۆستایانی زانکۆ ئەوەندە بەجۆش بوون بۆ ئایدەلۆژیەکەیان تەنانەت بەهەر شێوەیەك بوایە تەعبیریان لەبیرو فەلسەفەی خۆیان دەکرد. پرۆفیسۆر (ئۆلمان) کاریگەریەکی روونی هەبوو لەسەر رۆشنفکری گشتی‌دا، ئەوە بوو یاریەکی سەیری دۆزیەوە کەتوانای بیرە مارکسی‌یەکانی خۆی تیابەرجەستەبکات، ئەویاری‌یە بەناوی (ململانێی چینایەتی) ناو بانگی دەرکردبوو کە رادیکالیەکان لەسەر شێوەی یاری (مۆنۆپۆلی) دەیانکرد.

(ئۆلمان) توانی ٦٥ هەزار ئامێر لەو یاری‌یە بە کۆمپانیای دروستکردنی یاری‌یەکان بفرۆشێتەوە ئەمەش تەنها لەپێناو بڵاوبوونەوەی بیرۆکەکەی کەلەو یاری‌یەدا بەرجەستەی‌کردبوو.

لەبواری ئابووری ناسیدا:

ناتوانین قسە لەسەر ئەو مارکسیانە بکەین کەلە کارو باری توێژینەوەی ئابوری‌ناسی‌دا کاریان دەکرد، یەکێتی ئابوری سیاسی رادیکاڵان پێکهاتبوو لە (٣٠٠٠) ئەندام کەقورسایی گەورەیان لەو مەیدانەدا درووست نەکردبوو. چاپ کراوە ئابووری‌یە گەورەکان هیچ شی‌کردنەوەیەکی مارکسیانەیان

بڵاوئـەدەکردەوە،(ریتشـارد ئیـدوارد) مامۆسـتای ئابوریناسـی زانکـۆی (ماسـاچوزتس) لـە ئەمیهر سیت دەڵێ: (ئیمـە وەکـو گیتـۆ دابراویـن)، زانـا ئابووریناسە یاخی بووەکان پێیان وابوو رادیکالەکان خۆیان هەڵەن.

(پۆڵ _ ئـ _ سامیولسۆن) کە خاوەن خەڵاتی (نۆبل)ە لەبواری ئابووریدا پێی وایە (زانستی ئابووری پێویستی بە تیروانینی نوێیە بەڵام مارکسیەکان لەگەڵ هەموو شتیکی نوێدا سستن بەتایبەتی بە نیسبەت باسەکانی بێکاریو هەڵاوسان و ووزەوە)، بەڵام (مارتین برنفینبەر) لە زانکۆی (دیۆك) رەخنەیەکی توندو تیژی کردۆتە سەر ئابوریناسە رادیکالەکان و بە (هیچ و پووچ و بێئاگا) وەسفیان دەکات.

هەندێ لە بیریاران پێیان وایە هەندیك لـەو گرفتانـە دەگەریتـەوە بۆ دابرانـی پەیوەندی لەنیوان ئابووری مارکسی و بیرکردنەوەی هاوچەرخانە ئەو گۆڤارانەی کە هاورێ مارکسیەکان هەندێ تویژینەوەی بایەخداریان لەسەر سروشتی کارو کاریگەری جیاوازیەکان تیا بەدەست هیناوە بەنەزەری زانایانی ئابوری ناسی ئەم هەوڵو تەقەلایانە لە دەرەوەی ئابوریناسیدا حیسابی بۆ دەکریت.

## ناوەندی هارڤارد:

لە نیوان ئابوریناسە ژمارە کەمە مارکسیەکانی ناو وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا (سامۆیل بۆلن) دیار بوو، (بۆلن) سەرپەرشتی کۆمەلیکی دەکرد لە بەریوەبەریتی ئامادەی زانکۆی (هارڤارد)، (بۆلن) ئەندامەکانی خۆی بەئاقاری تویژینەوە مارکسیەکاندا برد ئەمەش دوایئەوەی شیوازی ئابوری تەقلیدیانەی فیرکردن، (بۆلن) توانی پلەیەکیتر لە زانکۆی (ماساچوزتس) وە دەست بینێ، بەڵام ئەمجارەیان وازی نەهینا تا بوو بە سەرۆکی بەشی ئابوری ناسی لەو زانکۆیەداو ریی پیدرا کە چوار لە هاورێ مارکسیەکانی خۆی بهینێ، سەر ئەنجام توانی (ناوەندی هارڤارد) بۆ ئابوری مارکسی دابمەزرینیت، ئەمە ناوەندیکی تویژینەوەبوو، (بۆلن) وای پیش بینیدەکرد کە ئەم کارەی بەردەوامی هەبیت.

هەروەها دەرچوویەکی‌تر هەبوو لە زانکۆی (هارڤارد) بەناوی (دایڤید گۆردۆن) کە توانی ناوەندیکی توێژینەوەی مارکسیانە لە پەیمانگایەکی نوێ بۆ توێژینەوەی کۆمەڵناسی لە شاری نیویۆرک دابمەزرێنێ، (بۆلز و گۆردۆن) هەردووکیان لە نێو پرۆگرامیکی فیرکەرانە لە پیناو فەرمانبەری نەقابەو ریکخراوە کۆمەڵایەتی‌یەکان بەیەکەوە سەرقالی کارکردن بوون.

بە بۆچونی (گۆردۆن) ئەم هەماهەنگی‌و هاوکاری‌یەی نیوانیان پردیکی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا دروست دەکات کە هیلی پەیوەندی‌یەکان کراوە دەبێ لەگەڵ ئەو هیزانەی کە ئەم دووانە پیکەوە دەیانبینێ‌و لە ئەنجامیشدا پایەگایەکی چەپ رەوی بەهیزوو فراوان دروست دەبیت.

ئەو پایەگا بنەرەتی‌یەی کەمارکسیەکان لیوەی دەردەچن ئەوەیە ئەو گرفت و قەیرانە ئابوریانەی کەلەسالانی حەفتاکاندا رووبە رووی ئەمەریکا بۆتەوە بەلگەی دەست پیکردنی قەیرانیکی گەورەی سەرمایەداری‌یە کە پیکهاتەی ئابوری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ئەمەریکا دەلەرزینێ. بە بۆچوونیان ئەو گەشەکردنە ئابووری‌یەی کە لەسالانی پەنجاو شەستەکاندا هەبوو زەمینەی خۆش کرد بۆ هاتنە مەیدانی رژیمیکی سیاسی لیبرالی نادیار لەملمانیی نیوان دەستی ئیشکەرو سەرمایەداری‌دا.

سەرچاوە:

گۆڤاری (الجيل) العدد: ٤ المجلد ٣، ص ٦٦،٦٩

هەواڵنامەی کتێب

# به جیهانیکردن و دەست بەسەراگرتنی بەسەر بواری رۆشنبیری

ن: مامۆستا شۆڕش عەلی



ئەوە بۆزیاتر لە(٢٠) ساله زاراوەی به جیهان کردن، پانتایی یەکی فراوانی له گوتاری سیاسی و ئابووری ورۆشنبیری نیو دەولـەتی داگیر کردوە و هاتۆته مەیدانی لیکۆلینەوە، لەنووسراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا بۆته زاراوەیەکی باوی بەر فراوان تەنانـەت لـەراپۆرتی سالانەی ئـەمینداری گشتی نەتـەوە یـەکگرتووەکاندا سالی١٩٩٦ (٣) جار ئـەو زاراوەیـە بـەکارهاتووە بەتایبـەتی ئـەو راپۆرتـەی کەباس لەبەستنی ئەلقەیەکی گفتۆگۆ ئەکات سەبارەت به جیهان کردنیپاشەرۆژی شارستانی . ئەویش لەبەر ئەوەی که ئەم لایەنە سیمای چەندین وولاتی گۆڕیوە لەرووی تەکنەلۆژی یەوەو هەولی خۆبه جەمسەرکردنی داوە لەدنیای تاك بازاریدا ... [١].

لەبەر ئەم هۆیە ئەگەر سەرنج بدەینە هزری بەجیهانی کردن دەبینین کەشتیکی نۆی نییە بەلکو چەند سەدەیەکە لەنیو فەرهەنگی زاراوەکاندا بەکار ئەهینریت و تەنانـەت سەرەتاکانیشی دەگەریتەوە بۆسالی ١٤٩٢ پاش دۆزینـەوەی کیشوەری ئەمریکا لەلایەن(کریستۆفەر کۆلۆمبس)، ئەوەبوو هەر لەسەرەتای دۆزینەوەی ئەم کیشوەرەدا هـەموو رەگـەزو نەتـەوەکانی ئەوروپا روویـان تـی کـردو لـه ئـەنجامدا وولاتیکیان لەسەر بنـەمای فـره رەگـەزی دامـەزراند، ئەگـەرچی ئـەم ولاتـه لەسـەر لاشەی هیندی یه سوورەکان بنیا کـرا. ئیتر لـەو ساته بـەدواوە ئاقاریکی تری بیرکردنـەوە دەرکـەوت ئـەویش بەکار کردنی زاراوەی به جیهان کردن بوو بۆ ئـەم

مەبەستەش هەمیشە ئەورووپا پێشرەو بووەو بە دیهێنانیشی خەونی دێرینیان بۆ سەرەوەری جیهان دێرینە و بۆ ئەنجامدانی چەندین کاری دزێویان کردووە جەنگەکانی هیتلەری نازیش بۆ دەست بەسەرا گرتنی ئەورووپا لەژێر بیانووی جۆراوجۆر وباشترین نموونەی ئەو خەونانەن .

ئەمرۆکەش لەبەر ئەوەی ئاراستەی جیهان گۆڕاوەو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گۆڕانی مێژوویی گەورەی بەسەردا هاتووە کە تارادەیەکی زۆر بەرەو پێش چوونێکی کراوەیی لەگەڵ خۆی هێناوە بەتایبەتی دوای هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت وبلۆکی سۆسیالستی لە وولاتانی رۆژهەلاتی ئەورووپا، دەبینین ئاراستەیەکی نوێ بەرێوەیە کەلە ئەنجامدا دەیەوێ جێگەی هەموو شێوازەکانی پێش خۆی بگرێتەوە، ئەم ئاراستەیەش بەشەپۆلی سێهەم ناوزەد دەکرێ. شەپۆلی سێهەمیش ئەگەر پێناسەیەکی بکەین: بریتی یە لەو پیشەسازی و ئابووری یەی کەتەنها پشت بەشۆڕشی زانیاری و پەرەسەندنی کۆمەلایەتی ئەبەستێت، ولەنێو پەرەسەندنی ئەلیکترۆنی و رۆبۆت وشۆڕشی معلوماتی و کۆمپیوتەرو تۆڕەکانی ئەنتەرنێت خۆی ئەبینێتەوە[٢].

بەلام ئەوەی جێگای باس و لێکۆلینەوەی جدی یە ئەوەیە کەگشت ئەم ململانی یەو کێ بەر کێ یە بە قازانجی رژێمی سەرمایەداری و نەزمی نوێی جیهان تەواو دەبێت و بەپێچەوانەوشەوە بەزیانی زۆرینەی ئەندامانی کۆمەلگا تەواو دەبێت. بۆزیاتر تێگەیشتن لەم جیهانی نوێ یە پێویستمان بەلێکۆلینەوە وپێناسەی ووردی بەجیهان کردن هەیە تابتوانین دەرکەوتەکانی یەك بەیەك نیشانە بکەین و ئاکامە چاك وخراپەکانی بەسەر رۆشنبیری گەلاندا دیاری بکەین.

یەکێ لەپێناسەکانی بەجیهان کردن بریتی یە:_ ((لەسەرەرای ئەوەی کە بەجیهان کردن Globa Lization_ مانای شکاندنی سنوورەکانەو نەهێشتنی جیاوازی یە پەیکەری یەکان و رۆشنبیری یەکان و نزیك بوونەوەی ماوەو کاتەکان، بەلام کۆمەلگای مرۆڤایەتی لەم سەردەمەی ئیستادا هێرشی زۆر گەورەی

کردووه بۆ رووی سەردەمی جیهان بینی ئەویش بەبوژاندنەوەی پەرستنی لاهوتی لە رۆژهەلاتی ئەوروپاو ئاسیاو ئەفریقا))[٣].

پیناسەیەکی‌تر بۆ جیهانی کردن لە ئایدۆلۆژیای لیبرالی نوێو لە روانگەی سەرمایەداریشەوە بریتی‌یە لە:_ ((پیکەوە بەستنی پەیوەندی‌یەکان لە رووی گرنگی میژوویی‌یەوە، وئامادەیشی بۆ سەرەونگون کردنی خۆی، بۆ خۆشی‌و پیشکەوتنی وولاتان و ناوچەکانی جیهان تا ئەوکاتەی ئەم ناوچانە تووشی کارەساتی جەرگ بردەبن))[٤]، لیرەوە وادەگەیەنیت لیبرالیزمی نوێ نزیکە لە هەلوەستەی ئاژاوەگیری لە وەلانانی میژووی گەلان و رۆشنبیری‌یان بۆ بەرگرتن لە پیشکەوتن لە زووربەی وولاتان کە هیشتا لەسەر وەتەری دیماگۆگیەت دەرۆن بەم شیوەیە پیناسەی بەجیهان کردن دیتەبوون کە بریتی‌یەلە ((بازدان بەسەر خورافات و هەلویستەکانی‌تر بەبی‌شك و بی‌جیاوازی)).

توانای مرۆڤ ئەگەر بەشیوەیەکی ئالۆزیش بیت بەشداری بکات لە ململانیکاندا لەسەر ئاستی جیهان، دەبینین کەئەم بۆ چوونە دریژکراوەیەو تا ئیستاش لەکۆتایی سەدەی بیستەم دا بەراستی دەروات.

بۆیە دەبینین کە بەجیهان کردن وەك دیاردەکی نوێ، بەردەوامی بەژیانی سەرمایەداری، و زۆریاساو رژیمی رامیاری دەدات وەك لەم پیناسەیەدا بەدیار دەکەویت:_ بەجیهان کردن بە مانای پیوانەی ووشە سازی بریتی‌یە ((لە دیاردەیەکی‌باش و نموونەی پیشکەوتنی میژوو، لەبەرئەوەی هیمایە لە واقیعدا بۆ سەرکەوتنی زۆر دیاردەی نوێو بالادەستی دیموکراتی‌یەت وەك رژیمیکی سیاسی)). بۆیە ئەوانەی کە بانگەشە بۆ ئەم پیناسەو بیردۆزەدەکەن لە روانگەی هزری سیاسی ئەمەریکی‌یەوە سەرچاوە هەلدەگرن، بەگوێرەی ئەم بۆچوونە یەکگرتن لەبەهاکان پیویستە لەمیانەی پشت بەستن بیت بە بنەماکانی سەرمایەداری و دیموکراسی.

لە روانگەی ئەو پێناسەی سەرەوە دەتوانین بلێین کە مرۆڤی چەرخی مەعلوماتی لە کۆمەڵگایەکی زۆر دژو جیاوازی کۆمەڵایەتی‌دا ئەژی‌و جیاوازی‌یەکان بەبەرچاوەوەن و بگرە ئەم حالەتە جیاوازی کۆمەڵایەتی‌یە لەهەردوو شەپۆلەکەی تری زیاتر زەق ئەبێتەوە (جیاوازیی‌یە چینایەتی‌یەکان) وەك رۆژی روناك دەرئەکەون و تەنانەت جێگەو پێگەی مرۆڤەکان دا دیاری ئەکات کە چەندێك توانایان هەیە بۆ بەرەنگاری ئەو حالەتەو چەندیکیش ئەتوانیت خۆی لەو شەپۆلە تۆقینەرە تێکشکێنەرە رزگاربکات و خۆی‌نەدات بەدەست ئەو رەشەبایەی کە شتێکە لەوانەیە حەزیشی لێ‌بکات (٥).

لێرەوە دەتوانین بلێین کە یەکەمین ئەو بوارانەی کەدەست بەسەراگرتن دەیانگرێتەوە بریتی‌یە لە بواری رۆشنبیری، ئەویش بە دارشتنەوەی جاریکی‌تری ئەو لایەنەو پێکهاتە ناوخۆیی‌یەکەی، و ئەرکەکانی ئێستاو دوارۆژی لە رووی مێژوویی‌یەوە، لەوەشەوە دەبینین کەدەست بەسەراگرتنی بواری رۆشنبیری لەناوەوە دەست پێدەکات بۆ بەردەوام بوونی کاریگەری بەسەر کەرتی تریش وەك ئابووری‌و دەروونی، ئێستا دەبینین کە وڵاتانی رۆژئاواش خەریکی پاراستنی کۆمەڵگاکانی خۆیانن لەو شەپۆلانەی کەلە ئەنتەرنێتەوە دەردەچێت، ئەگەر دەولەتان وابزانن کە دەسەڵات ئەگرن بەسەر ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایەی هەیە ئەوا وانی‌یە لەبەرئەوەی لەوانەیە لە داهاتوودا دەولەتان دەسەڵاتیان نەمێنێت بەسەر شەپۆلە هەوایی‌یەکان کە ئەنتەرنێت پەخشی‌دەکات.

دەبینین کە ئەو کۆمەڵگایانە هەست بەکەمی دەکەن لەبەرامبەر کۆمەڵگاکانی‌تراو لەبەرامبەر پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو ئەو رۆڵەی دەیبینی لەپرکردنەوەی بۆشایی‌یە رۆشنبیری‌یەکان، لەبەر ئەوە بەجیهانی کردن شێوەیەکی ترسناك و پێشکەوتووی بەدەست هێناوە لەبواری رۆشنبیری‌و ئەویش بریتی‌یە لەو شێوە نوێ‌یە کەبەئالیەتیکی نوێ‌وە ئێستا دەتوانی بێ پرس بچێتە هەموو مالێك ئەویش لە رێگەی تەلەفزیۆن، سەتەلایت و توانای‌ئەوەی پەیداکردووە کە دووبارە مرۆڤەکان لە شوێنی خۆیاندا دروست بکاتەوە. بۆ نموونە جاران خەلك پێویست

بوو بخوێنیتەوە یان بچیتە سینەما یان گوێ لە زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی یان رادیۆ بکریت، بەڵام ئیستا نەك تەنها بەهۆی وینەی تەلەفزیۆنی‌یەوە، بەلکو بەهۆی ئەو هونەر کاریی‌یەی خەلك لەژیانی رۆژانەشدا بەکاری دەهینن، بەجیهانی کردن لە هەموو مالیکدایەو کاریگەری کردۆتە سەر هەموو نەوەکان لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کە جیهان ئەمرۆ هەنگاو بەرەو رۆشنبیری‌یەکی گەونی (Golbal Culture) دەنیت ئەویش لەرێی ئامیری تەلەفزیۆن و سەتەلایت و تۆرەکانی ئەنتەرنیتەوە کە دەبیتە هۆی بەیەکەوەبەستنی زانست و زانیاری نیوان خەلك و کۆمەلگاجیاوازەکان لە رووی فەرهەنگی کۆمەلایەتی‌یەوە...لەبەرئەوە ئەم پەرەسەندنی ئامیرە تەکنەلۆجیانە بواری زانیاری‌و رۆشنبیری و پەیوەندی‌کردنەوە مەودایەکی ئیجگار _ فراوانی بۆ مرۆڤەکان کردۆتەوەو پیشکەوتنی گەورەی لەم بوارەدا بەدەست هیناوە ئەگەر چی ئیمە لە سەرەتای پەرەسەندنی‌داین، بەلام شتیکی روونە کە پیشکەوتنی سەر سورهینەری ئامیرە تەکنەلۆجیەکانی راگەیاندن و وینەکان گەورەترین کاریگەری کردۆتە سەر ئەم سەدەیە و وازهینانیش لەو ئامیرە ئەلەکترۆنیانە خەونی گەرانەوەیە بۆ سرووشت کە مرۆڤ خەونی پیوەدەبینیت.

لەبەر ئەوە دەبینین کە تەلەفزیۆن و کەنالە فەزایی‌یەکان پانتایی‌یەکی گەورەیان لە ژیان داگیرکردووەو کات بۆ بینەر سازدەکات کە کەی بی‌یەوێ سەیری‌بکات بەبێ ئەوەی دەسەلاتی هەبیت بەسەریەوەو لەهەمان کاتیشدا بەبێ ئەوەی تیکی بشکینێ لەگەلی‌دا بچیتە شەرەوەو لە رێی بەها کۆمەلایەتی‌یەکان و پرۆژەشارستانیتیەکانەوە کاریگەری بەهیز لەسەر هۆکانی رۆشنبیری مرۆڤەکەو یاسا کۆمەلایەتی‌یە کۆنەکانی‌دابنێ. بەهۆی ئەمانەوە رۆژئاوا توانیویەتی بەگویرەی توانای خۆی کەبەهۆی پیشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەبواری رۆشنبیری زۆر لەو کۆمەلگایانەی جیهان ببریت بەتایبەتی وولاتانی جیهانی سیهەم کەئەمە بۆ خۆی یەکیکە لەدەرەنجامەکانی بەجیهانی کردن و دەست بەسەراگرتنی لەبواری رۆشنبیری ئەویش لەرێگەی گواستنەوەی بیرو بۆچونەکانیان وەك دیموکراسی‌و

نەزمی نوێی جیهان و مافەکانی مرۆڤ بەهۆی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و سەتەلایت و تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و ...... هتد.

گشت ئەم کەناڵانەش وای کردووە کەلەیەك کات و ساتدا هەواڵەکان لەو پەری جیهان بگەیەنێتە ئەو پەری، ئەم لایەنە بێ گومان کاریگەری زۆر بەهێزی هەیە لەسەر بڕیارە سیاسییەکان و ڕووداوە ڕۆشنبیرییەکان، ئەمەش گرنگترین دەسکەوتە کە کەناڵە فەزایەکان بۆ مرۆڤایەتی بەدەستیان هێناوە، بۆتە هۆی سووك کردنی ئەرکی سەرشانی مرۆڤ.

لە خوێندنەوەیەکی زانستیانەی بابەتەکە لەسەر دەست دەسەاگرتن و کاریگەری بەجیهانی کردن لەسەر بواری ڕۆشنبیری دەگەینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:_

١_ پیاهەڵدان بەسەردەمی شۆڕشی مەعلوماتیو ڕاگەیاندن زۆرجار شێوازێکی دیارو هاوشێوە دەرئەخات کە ئەویش دەمارگیری ئاینییە لەتافی کۆتای سەدەی بست دا، ئەم دەمارگیرییەش وادەکات کە مرۆڤەکان تیای‌دا ئاوێنەی وێنەکان بێ ئەو وێنانەی کەدەبنە گەورەترین دیاردە تیایدا پانتایەکان گشت هەست و ڕۆشنبیرییەکان داگیردەکات و زۆر مەبەستدارانە جۆرێك لە قیزەونیو نائینسانییانە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نیشان ئەدات کە جۆرێك لەنائومێدیو ڕەش بینی لای سەرجەم مرۆڤایەتی دەخولقێنێت.

٢_ ئەگەر تەماشای کۆمەڵگاو شۆڕشی ڕاگەیاندن و مەعلوماتی بکەین کەپڕن لەجیاوازی بەئاشکرا ئەوە دەبینین کە مرۆڤەکان تووشی چەندەها حاڵەتی ناجۆر ئەبن و پەستیو خەمباری سەراپای جیهانیان داگیرئەکات و تووشی جۆرێك لە گۆشەگیرییان ئەکات و ئەبێتە هۆی حاڵەتێکی دەروونی گرژو ئاڵۆز، ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەمرۆڤەکان پشت بەیەکتر نەبەستن، کەبۆخۆی دوائامانجی سەرمایەدارییە کە هەموو سیفەتەکان لە مرۆڤ دا بماڵێت و

بەبێ تەماشاکردنی تەلەفزیۆن بژی گەر حاڵ لەسەر ئەم قەرارە بڕوات ئەوا تەلەفزیۆن ئەبێتە خواوەندی هاوچەرخی مرۆڤی سەدەی داهاتوو، بەڵکو نامۆبوون ئەکاتە ترۆکی قیزەونی، بەمەش تووشی گەورەترین دابڕان ئەبێت لەنێوان رۆح و جەستەدا.

٣_ بۆ ئەوەی‌دەست بەسەراگرتنی بواری رۆشنبیری رۆلێکی چەواشەکارانە نەبینێ و کاریگەری خراپ بەجێ‌نەهێلێ دەبێ مرۆڤ پسپۆربێت لە بواری جیاکردنەوەی هەواڵەکان و هەروەها زیرەکی خۆی دەست نیشان بکات بۆ جیاکردنەوەی هەواڵی گرنگ و راست گۆ لە هەواڵی هیچ و پوچ و درۆزنانە.

٤_ ئەوەی دەمێنێتەوەئەوەیە کەئاماژە بەئەرکی کۆمۆنیست و چەپ و دیموکرات خوازەکان بکەین بۆ مامەلەکردن لەگەڵ بەجیهانی کردن و روو بەرو بونەوەی گوتاری نیو لیبرالیزم، ئەویش چالاکی‌و تێکۆشانی هاوبەشی ئەو هێزانەیە تا بتوانین بەرەیەکی نێونەتەوەیی‌یانە و نوێ لەسەر بناغەی دیموکراتیانەو بەرژەوەندی گەلانیان دابمەزرێنین بەمەبەستی پاراستنی کەلتورو رۆشنبیری‌و بەها رەسەنەکانی کۆمەلگاکانیان لەو هێرشە ترسناک و دژوارانەی کە زۆر ترسناکن و هەوڵ دەدەن بۆ لەناوبردنیان و دەست بە توێژینەوەی زانستیانە بکەن دەربارەی سەرمایەداری هاوچەرخ و پەرەسەندنەکانی‌و نابێت ئەرکی نیشتمانی فەرامۆش بکرێت لەگەڵ هۆکارە نیو دەولەتی‌یەکان.

تێبینی:

ئەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێوەرگیراوە بۆ نووسینی ئەم بابەتە:_

١_ گۆڤاری (تڤاڵ) ژمارە (١)ی ١٩٩٨

٢_ رۆژنامەی رێگای کوردستان ژمارە (٣١٥)سالی ٥٤

٣_ گۆڤاری (النهج) ژمارە (١٣)ی بەهاری ١٩٩٨

٤_ گۆڤاری (النهج) ژمارە (١٧)ی ١٩٩٩

٥_ گۆڤاری (کاروان) ژمارە (١١٥)ی سالی ١٩٩٨

٦_ گۆڤاری (الثقافة الجديدة) ژمارە (١٥٠)ی سالی ١٩٩٨ .

# چەند تیشکێک بۆ سەر بنیادگەرایی

ئامادەکردنی: فەرهاد فەرەج ئەمین

لەم ساڵانەی دواییدا بەدەرکەوتنی حیزبە سیاسی‌یە دینی‌یەکان ((ئیتر هەر دینێك بێت)) زۆر تر لە رابردوو، چەمکی بنیاتگەرایی ((الاصولیه))یش بەهەمان ئەندازە تێکەڵاوی ووتارو باسە رۆژنامەیی‌و سیاسی‌و رۆشنبیری‌یەکان بووە، هەر کەسە بەپێی ئەوەی سەر بە چ تێروانینێکی ئایدۆلۆجی‌و تیوری‌یە، لایەنە جۆربەجۆرەکانی دەداتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، هەلبەتە قسە کردن و لێکۆڵینەوە لە لایەنە جۆر بەجۆرەکانی ئەم چەمکە، چ وەك چەمکێکی تیوری و بنەما ئایدۆلۆجی‌یەکانی وە چ وەك بزوتنەوە سیاسی‌یەکانی کە لە حیزب و دەستەو تاقمی جۆراوجۆردا خۆیان رێکخستووەو هەلسوڕان و چالاکی سیاسی و سەربازی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن زۆر هەلدەگرێ، وە لە کێشی تەنها ووتارێکدا نی‌یە، بەلام تا ئەو شوێنەی دەرفەتمان هەبێ لەم ووتارەدا دەکرێ چەند تیشکێك بخەینەسەر ئەم بابەتەو بەشداری‌یەکی کەم لەم بوارەدا بکەین.

سەرەتا ئەوە بلێم کە، مەبەستمان لە بنیادگەرایی لێرەدا، بەگشتی هەموو بزوتنەوە بنیادگەراکانە، وەکو دیاردەیەکی سیاسی گرنگی دنیای ئەمڕۆ، ئەوەش کە ئەم دیاردەیەی ئاوا گرنگ کردووە هەر وەك دکتۆر هالیدایی دەڵێ (هۆی ئەوەیەکە، زۆربەی ئەم رەوتە سیاسیانە سەرەرای ئەوەی کە بانگەواز بۆ ئەوە دەکەن کە کۆمەلگا بەرەو پاش بگەرێتەوە، بەلام بەرادەیەکی بەرین بۆ وەلام دانەوە بەگیروگرفتەکانی ژیانی ئەم سەردەمەی کە) پێك هاتوون و هاتوونەتە کایەوە.

ئەگەر بزوتنەوە بنیادگەراکان کە هەر لە بنەرەتەوە وەك هەموو دەستەو تاقم و حیزبی سیاسی‌تری غەیرە دینی، دروست بون وهاتوونەتە مەیدان، بەتایبەتی لەو هەل ومەرجانەدا کە قەیرانی سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەلایەتی‌و ئیداری‌و قەیرانی

رۆشنبیری و رۆشنگەری و هەوییەتی چینایەتی و نەتەوایەتی بەر بینی بە کۆمەلگاکان گرتووە، بەلام ئەوەی کە ئەم دەستەو تاقم و حیزبە سیاسی یە بنیادگەرایانە لە حیزب و ریکخراوە سیاسی یەکانی تر جیادەکاتەوە، بەواتای نوسەری ناوبراو، دوو تایبەتمەندی هاوبەشی هەموو بنیادگەراکانە، یەکەم: ئەوەی کە ئاماژە بە کتیبە پیرۆزەکان دەکەن و لەسە ووشە بە ووشەی پیدادەگرن. دووەم: ئەوەی کە دەیانەوێ ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی ئەم سەردەمە لە چوارچیوەی ئەو حوکم و ووشە نەگۆرانەدا بگونجینین کە بۆ کۆمەلگاکانی هەزاران سالێ بەر لە ئیستا درووست بوون.

ئەگەر چی بنیادگەرایی لە مەزهەبە خواپەرستی یەکانەوە، سەرچاوە دەگریێ، بەلام دیاردەیەك نی یە کەتەنیا تایبەت بەم مەزهەبانە بیت و لەپاوانی ئەواندا بێ.

بنیادگەراکانی میسر و جەزائیر هەموو کەس پیێ ئاشنان، لەهەمان کاتدا لە ئیسرائیلیش لە هەندێ حیزب و ریکخراوی مەزهەبی راست گەرا بەرچاو دەکەوێ، کە دەیانەوێ ئەم وولاتە بەپیێ ریو رەسمی تەورات بەریوەبچێ، هەر بۆیە ئەم حیزب و ریکخراوانە رەنگ دانەوەی توندترین نموونەی شۆڤینیستن لە دژی نەژادی عەرەبی و ئیسلامی، بەلام هەر وەکو ووتمان ئەوە نەبێ تەنیا لەناو دیانەتە ئاسمانی یەکاندا بونیادگەرا سەری دەرهینابێ، ئەوەتا لەدوو دەیەمی رابردوودا لە وولاتی هیندستان جولانەوەیەکی بەهیزی بنیادگەرایی سەری هەلداوە، کەلایەنگرانی ئەم جولانەوەیە بۆ سەقامگیرکردنی (راماجا) هەولدەدەن، پیکهینانی حکومەتیك لەسەر بنچینەو بناغەکانی رینمایەکانی (رام) کە بە خودای هیندی دەزانن. لە دیانەتی (بۆدایش)دا کە مەزهەبیکی ئاسمانی نی یە لە بنیادگەرایی بێبەش نەبووە، بۆ نەموونە لە سریلانکا.

هەرچەندە کە بنیادگەرا مەزهەبی یەکان وەکو یەك نین (تەنانەت لە ناو یەك دیانەتیشدا بۆ نموونە بنیادگەرا ئیسلامی یەکان)، بەلام هەروەکو نیشارەمان پیدا لەو دوو تایبەتمەندی یەدا یەکسانن، بەلام بەناوەرۆکی جیاوازە.

بنیادگەران هەمیشە دەگەرێنەوە بۆ میژوو لە بەرامبەر ئیستادا، هەر وەکو بلێین کە ئەم هەل و مەرجە کۆمەلایەتیو ئابوریو سیاسی یەی ریک هەمان هەل و مەرجی کۆمەلایەتیو ئابوریو سیاسی ئەو کات بیت، تابکریت کۆمەلگا بەپیی ووشە بە ووشەی کتیبە ئاسمانی یەکان و سونەتی پەیامبەران بەریوەببریٚ لەم رووەوە لەسەر مەسەلە ئەخلاقی یەکان مەوعیزە دەدەن و زۆر پیٚدادەگرن، لەکاتیکدا هەرچەندە ئەوان دەیانەویٚ بەو ئیدیعایە هیز لەدەوری خۆیان کۆکەنەوەو خۆیانی پیٚبەهیزبکەن، بەلام لە راستیدا مەبەستی ئەوان مەسەلە ئەخلاقیو رۆحانیەتەکان نی یەو، هەدەفی سەرەکی ئەوان پیش هەر شتیک وەك هەر حیزبیکی سیاسی، بەدەست هینانی دەسەلاتی سیاسی دەولەتە، بۆئەم مەبەستەش ئەوان کەلك لە دواکەوتوترین فەرهەنگ و بیروباوەر وەردەگرن و لە توندوتیژترین و دژی دیموکراسیترین شیوەو سونەتی هەلسورانی سیاسی بە رەوا دەزانن و ئەو ئیدیعایە دەکەن کەلەسەر چاوەیەکی پیرۆزی خوایی یەوە ئەم مەشروعی یەتەیان هەیە، و وەبۆ ئەم مەبەستەش تەنانەت لە مەسەلەو کاروباری تایبەتی تاکەکەسی یەکانیشدا دەخالەت دەکەن. هەر بۆیە هەر بۆیە ئەم رەوتە بنیادگەرانە، ئەو پیشەکیانەی کە بەبناغەی کۆمەلگای مەدەنیو دیموکراسی سیاسی کراوە دادەنریٚ، رەت دەکەنەوە.

لەکاتیکدا کە هەموو بنیادگەران لەسەر نموونەی بالاترین رەوشت و ئاکارەکانی مرۆڤ پیٚدادەگرن، ئەوان بەو کارە توندو تیژانەیان لە دژی ئەو سەرەتاییانەی کۆمەلگایەکی کراوەی سیاسیو ئازادی تاکە کەسەکان، هەموو سیماو بەهاو رەوشت و ئاکارە جوانەکانی کۆمەلگای مەدەنی مرۆڤایەتی دەشیوینیت.

ئەگەر چی ئیدیعای بنیادگەران رۆحانی یەو بانگەوازەکانیان گوایە شمولیو جیهان داگرەو بۆ هەموو مرۆڤەکانە بەلام بەهۆی کیشە نەتەوایەتی یەکانەوە کە بوونی هەیە، بەهۆی غیابی هەوییەی قەومییەوە، بەهۆی تیکەلبوونی کەسایەتی مەزهەبی یە کەسایەتی قەومی یەوە، ئەوا بنیادگەران بۆچوونی نەتەوە

پەرستانەی توندیان تێکەڵ بە بیروڕای مەزهەبی خۆیان کردووە(*) و بەهەموو شێوەیەك دژایەتی تێکەڵاوبوونی شارستانیەتەکانن لە هەموو ڕوویەکی فەرهەنگی و ئاکاری ... هتدەوە، نموونەی بەرچاو لەم بارەیەوە هەیە، موسلمانەکان و مەسیحیەکان ڕقیان لە یەهودی‌یەکانە، یەهودی‌یەکان لە عەرەبەکان، هیندۆکەکان دژایەتی موسولمانەکان دەکەن، ئیسلامی‌یەکان دژایەتی بیانی‌یە میواندارەکان دەکەن ... هتد.

هەموو بنیادگەران هەر دەستەو تاقمە خۆی بەتەنها بەراست و حەقی ڕەها دەزانێ‌و، هەموو کەسانی‌تر بە کافرو بێ‌دین و هەلە دەزانێ، هەر بۆیە هەموو شکڵ‌و شێوەیەکی دژایەتیش لە بەرامبەر موخالفین و بەرامبەرەکانی خۆیاندا بە هەق و شەرعی دەزانن لە سەریکیشەوە گفتوگۆو دایەلۆگی ئازاد ڕەت دەکەنەوە. وە لە حیوارو موناقەشەکردندا بە هەموو شێوەیەك پشت دەبەستن بە میتۆدۆلۆژیەکی غەیرە عەقڵانی توندوتیژ، بەرادەیەك ئەم ناعەقڵانی بوونەی بنیادگەراکان دژایەتی زانست و تەکنەلۆژیای نویش دەگریتەوە، ئەوان هەر دەست کەوتیکی زانستی تازەی زانستە سروشتی‌یەکان ((العلوم الطبیعیة))و بیولۆجی‌و ... هتد، کەبنەمایەك لەبنەما ئایدۆلۆجیەکانی ئەوان ڕەت بکاتەوە، یان بخاتە ژێر پرسیارەوە ڕەت دەکەنەوە ودژایەتی سەرسەختانەی لەبەرامبەردا دەنوێنیت( هەرچەندە لەبەرنجامی کۆتایی دا کەچارەیان نامینی بۆ سەلماندنی ڕاست و دروستی ئەو دەست کەوتانە، ئیتر هەول دەدەن لەگەل دەقی کیشە ئاسمانیەکاندا بیگونجینن ).

---

(*)ئەم دیاردەیە لای بونیادگەرانی کوردستان بەهۆی کۆمەلی هۆ کاری‌مێژوویی و کۆمەلایەتی دیاریکراوەوە بەپیچەوانە کەوتۆتەوە، ئیسیلامیەکانی لای خۆمان هەلگری پەیامی سیاسی ناسیۆنالیستی یان ئیسلامیستی عەرەبین.

بەم شیوەیە ئەگەر ئەو تایبەتمەندیانەی سەرەوە کە باسمان کرد. ناوەرۆك و گەوهەری رەوتە جۆراوجۆرەکانی بنیادگەراکان بیت، ئەوا دیارە ئەو رەوتانە ناسازگاری خۆیان لەگەڵ کۆمەلگای مرۆڤایەتی ئەم سەردەمەدا نیشانداوە. هەر بۆیە ئەگەر چیئەوان زۆرجار وەکو کاردانەوەیەکی جەماوەری پیکهاتوون بۆ وەلآم دانەوە بەرامبەر بە گیروگرفت و قەیرانەکانی کۆمەلگاو دەسەلآتی سیاسی، بەلآم هەموو ئەو خەسلەتانەی بونیادگەرایی وای کردووە کە نەتوانێ جواب دەرەوەبێ بە خەون و هیوا رەنگاو رەنگەکانی مرۆڤی ئازادی خوازی کۆمەلگا، و بگرە کیشەو قەیرانەکانی قولتردەکەنەوە، ئەوەتا بەرەنجامی کاری بنیادگەرای لە ئەفغانستان و هیند و ئیران و ئیسرائیل و جەزائیر لەلایەن بونیادگەرایانی ئیسلامی و هیندۆسی و یەهودییەوە، بە پیچەوانەی پروپاگەندەی خۆیان نەك هەر نەبوونەتە چارەسەرکردنی برینەکانی کۆمەڵ، بەلکو برینەکانی کۆمەلیان زیاترو زیاتر قولترکردۆتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوەکان:

١_ بنیادگەرای‌و جیهانی سەردەم لە نووسینی دکتۆر فرید هالیدایی
٢_ الأصولیة و العلمانیة _ المنار، العدد (٤٩)، کانون الثانی ١٩٨٩

# چەند سەرنجێك دەربارەی جەنگ و ستراتیجیەت

ن/ ئازاد خدر

جەنگ دیاردەیەکی چەند بلێی کۆنە لەژیانی دێرینی مرۆڤایەتی‌و تا بەرژەوەندی جیاواز هەبێ لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی جەنگ هەردەمێنێت وەك ئامرازێك بۆ یەك لاکردنەوەی کێشەکان بەڵکو لەوانەشە جەنگ ببێتە ئامرازێك بۆ نەهێشتنی جەنگ هەر وەك (ماو تسی تۆنگ) دەڵێ:

جەنگ لە راستی‌دا ململانێی نێوان دوو ویستە کە هەر یەکێك لەم دوو ویستە دەیەوێ ویستی خۆی بسەپێنێ بەسەر ئەوی‌ترو مەرجەکانی خۆی دەستەبەر بکا، جیاوازی لەبارو دۆخ و سروشتی جەنگەکان (ئایا ئەم جەنگانە نێو دەوڵەتی بێت یان نێو خۆ بێت یان شۆڕشگێڕی‌و نەتەوەیی‌بێت) وا دەخوازێ یاسای جیاواز ئەم جەنگانە هەڵبسوڕێنن. ئەرکی ستراتیجیەتیش لەم جەنگانەدا بریتی‌یە لە توێژینەوەی یاسا پێویست و بەپەلەکان بۆ ئاراستە کردن و رێنمایی کردنی ئەو پرۆسەو پرۆژانە کەکاریگەری‌یان هەیە لەسەر باری میلیتاری (عسکری) گشتی. بەڵام تاکتیك لێکۆڵینەوەیە لەم یاسا پێویست و بەپەلانە کە ئاراستەی ئەو پرۆسە پرۆژە میلیتاریانە دەکەن کە کاتێك بەشێکن لە ستراتیجیەت یان هەندێك جار تاکتیك دەبێتە چۆنیەتی بەکارهێنانی چەکەکان لە شەڕدا. ستراتیج بڕێکی دۆگمایی‌نی‌یە بەڵکو شێوەیەکی زانستی‌یە لە بیرکردنەوە کە رووداوەکان بەپێی گرنگیان رێك دەخات و گونجاوترین ئامرازو باشترین فاکتەر هەڵدەبژێرێ. هەربارێك و کێشەیەکی میلیتاری ستراتیجێکی تایبەتی‌و گونجاوی،

دەوێ، لەوانەیە ستراتیجێك راست بێت لە بارودۆخێکی تایبەتی بەڵام کوشندەترین ستراتیج بێت لە بارو دۆخێکی تر، ئالێرەش فەلسەفەی ستراتیج روون دەبێتەوە.

ئامراز تەنها لێرە ئامرازە سەربازیەکان ناگرێتە خۆی چونکە جەنگ گشت بوارەکانی ژیان دادەپۆشێ لەکاتی شەڕدا (سیاسی‌وئابوری‌و زانستی‌ودبلۆماسی‌ومیلیتاری ... هتد) لەبەرئەوە ستراتیجییەت لە ژیانی هاوچەرخمان دا ستراتیجێکی هەمەلایەنەو گشتی‌یەو جیایە لە سیاسەت و تەنهاش ئەفسەرەکان پیادەی ناکەن بەڵکو بۆتە هونەرو زانست و هەمووکەس پیادەی دەکا.

ئێستا ستراتیجیەت ئەزموونێکی تاکەکەس نی‌یە هەر وەك لە رابردوو رووی دەداو لەوکاتانەی کەجەنگ تەنها یاری پاشاو میرەکان بوو بەڵکو ئێستا ئەرکێکی زۆر سەخت و ترسناکە.هەرچەندەگۆڕانکاری زۆر گەورە ڕوودەدەن لەجیهانی ئەمڕۆ بەڵام هێشتا بیری ستراتیژی زۆر پێویستە چونکە نەبوونی فەلسەفەیەکی ستراتیژی لەناو نەتەوەیەکدا دەبێتە مایەی تێ نەگەشتن و بڵاو بوونەوەی رۆحی بێ هوودەیی‌و (نەهلیسکی). (عدمی) یەت لەناو ئەم نەتەوەیە بەرامبەر ستراتیژی یەکانی تر.

لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوەی ستراتیجی گشتی و جیهانی نەتەوەیی هێشتا گرنگی‌یەکی زۆر ماوە بۆ تێگەیشتن وزانینی ڕووداوە جیهانی و هەرێمەکان. پاش ئەوەی مرۆڤ بەڕێگای تێڕامانی ئەپستراکت وهەستی هەوڵی دەدا لەشت بگا ئیمڕۆ بەڕێگایەکی زانستی ومەنهەجی‌هەوڵ دەدا لەڕووداوەسیاسی و ئابووریەکانی جیهان بگا. ڕێگای زانستی وەستاوە لەسەر ئەو بنەمایە کە جیهان و سروشت بەچەند یاسایەکی بابەتی دەبەستێتەوە کە دەتوانێت دەتوانین بیان زانین. بەزانینی ئەم یاسایانەو بەبەکارهێنانیان مرۆڤ دەتوانێ پێشبینی ڕووداوەکان بکات لەهەموو بوارەکان. ستراتیجیەی زانستی لەخەباتی سیاسی ولەکاتی جەنگدا بریتی یە لەپراکتیکی زانستی یاساکانی سیاسەت و جەنگ.

لەڕاستیدا قوتابخانەی جیاواز هەیە لەبیری ستراتیجی لەجیهان بەڵام ستراتیجی هەمەلایەنە وگشتی کەلەلایەن دەسەلآتی ڕەسمی دەولەتەوە ئاراستە دەکرێ ئێستا



هەواڵنامەی کتێب

کاری پێ دەکرێ لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانی جیهان. ئەرکی ئەم ستراتیجیەتە تێگەیشتن و دەست نیشان کردنی ڕێڕەوی جەنگە کەناڕاستەی ئەرکە ستراتیجیەکانی تر دەکات وەك ستراتیجیەتی سیاسی و ئابووری و دبلۆماسی وگونجاندن یان لەگەڵ یەکتری ولەگەڵ ستراتیجیەتی گشتی دەوڵەت.

بۆنموونە لەستراتیجی گشتی میلیتاری ئامانجەکەی بریتی یە لە تەنسیق کردنی هێزی ووشکایی(بری) وئاسمانی ودەریایی بەڵام پێویستە بۆچوونێکی ستراتیجی گشتی هەبێت لەبواری سیاسی کەدابەش دەکرێ بۆسیاسەتی ناوەوەو سیاسەتی دەرەوەو پڕوپاگەندە. هەروەها لەبواری ئابووری دا دابەش دەکرێ بۆ بەرهەم هێنان وبازرگانی ناوەوەو دەرەوە. هەمان شتیش دەبێ‌بکرێ لەبواری دبلۆماسی دا.

لێکۆڵینەوەی ستراتیجیەتی گشتی وهەمەلایەنە گەلێك زۆرن کەلەلایەن پیاوانی سەربازی وفەرماندە سەربازی و سیاسیەکانەوە کراون وبیری جیاواز هەیە و بۆچوونە جیاوازیش هەیە ئەمەش بۆ بارو دۆخی بەکارهێنانی ئەم ستراتیجیەتەوەبۆ بیرو باوەڕی سیاسی جیاواز دەگەڕێتەوە. جەنەڕاڵی فەرەنسی(ئەندریە پوفەر) فەرماندەی هێزەکانی فەرەنسی لەشەری(سویس)ی ساڵی(١٩٥٦)ن بەم جۆرەی خوارەوە باسی ستراتیجیەتی میلیتاری دەکات:

(کلوزڤتس) سێ خاڵی سەرەکی داناوە بۆ ستراتیجیەتی جەنگ:

١/ کۆکردنەوەی هێزەکان .

٢/ بەکارهێنانی هێزەکان دژ بەهێزەکان.

٣/ یەك لاکردنەوەی جەنگ بەڕێگەی شەڕکردن لەگۆڕەپان و شوێنی سەرەکی بەپێی تواناو بەشێوەی شەری بەرگری وپەلاماردان.

(لیدل هارت) خاڵەسەرەکیەکانی ستراتیجیەتی جەنگ بەم جۆرە دەست نیشان دەکات:

١/ فشار خستنە سەر دوژمن بۆ ئەوەی بڵاوە بەهێزەکانی خۆی بکات بەنزیك بوونەوە لێی نزیك بوونەوەیەکی ناڕاستەو خۆ.

٢/ ئەنجام دانی چالاکی سەربازی ناکاو وکەپێش بینی ناکرێت.

٣/ گەران بەدوای یەك لاکردنەوەی جەنگ لەگۆرەپان و شوێنە لاوەکی یەکانی شەرەکان.

(ماوتسی تۆنگ) شەش خالی داناوە بۆ هەلسوراندنی جەنگ:

١/ پاشەکشەکردن لەپێشرەوی دوژمن.

٢/ پێشرەوی کردن بەرەو پاشە کشێی دوژمن.

٣/ بەکارهێنانی ستراتیجیەتی(پێنج دژ بەیەك).

٤/ تاکتیکی پێنج دژ بەیەك .

٥/ بەکارهێنانی زەخیرەی دەژمن.

٦/ گرنگی دان بەیەك رایی وپتەوی نیوان سەپاو گەل.

(لینین)و (ستالین) سی خالی سەرەکی یان داناوە بۆ ئەم مەبەستە:

١/ بەرز کردنی ورەی گەل وسوپا بەیەکەوە لەکاتی جەنگ.

٢/ گرنگی دان بەبەرەو پشت بەرەکانی جەنگ.

٣/ ئامادەباشی دەروونی پیش دەست پیکردنی هەرچالاکی یەکی سەربازی بەهیز.

قوتابخانەی ستراتیجی(ئەمریکی) نۆی دووبنەمای سەرەکی هەیە:

١- بەرپەرچ (ردع) دانەوەی بەپلە.

٢- وەلام دانەوی لەسەر خۆ.

ئەم ستراتیجیەتە جەنەرالی ئەمریکی(ماکسویل تایلور) دایناوە کەبوار بۆ پەیمانی(ئەتلەسی)دەرەخسینی کەوەلام و کاردانەوەی هەر هیرشیك بکا بەفشاری سیاسی دەست پیدەکا بەسەر دوژمن و بەپەلاماری(ئەتۆمیش) کۆتایی دیت.

دەتوانین بیری ستراتیجی بکەینە دوو ستراتیجی سەرەکی:

ستراتیجی راستەو خۆو ستراتیجی ناراستەوخۆ. بەکارهێنانی هەر یەکێك لەم دوو جۆرە ستراتیجیەتە لەسەر بارودۆخی ئەو وولاتە رادەوەستێ بەپێی سیستەمی سیاسی وکۆمەلایەتی وبیرو باوەرو توانای ئابووری وولاتەکە. ستراتیجی راستەوخۆ بیرۆکەی‌کەی لەپیناوی ستراتیجی(ئەلمانی) (کلوزڤیش) وەرگیراوە کەدەلی(دەبیچ جەنگ یەك لا بکریتەوە بە سەرکەوتنی سەربازی راستەو خۆ لەگۆرەپانی جەنگ دا). ئەم جۆرە ستراتیجیەتە سەرکەوتو نیە لەهەموو کاتیکدا دەبێ تواناو ئامادە باشی میلیتاری‌زۆر زۆر بەهیز بێ تاکو بتوانرێ سەرکەوتنی سەربازی تەواو خیرامسۆگەر بکرێ. لەمیژووی سەربازی دا ئەم جۆرە ستراتیجیەتە نەیتوانیوە سەرکەوتنی کۆتایی دەستەبەر بکا بۆ نموونە لەجەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤ز) هاوپەیمانەکان توانیان ئەم ستراتیجیەتە سەربازی یەی(ئەلمانی) تیك بشکینن هەروەها لەجەنگی دووەمدا(١٩٤٠ز) (ئەلمانیا) نەیتوانی دەریای(مانش) ببرێ بەئاسانی وئەنجامەکەشی زۆر خراب بوو. لەشەری کۆلۆنیالیشدا ئەم ستراتیجیەتە سەرکەوتوو نەبوو بۆ نموونە هیزی سەربازی ( فەرەنسی) نەیتوانی زال بێ بەسەر روحی بەرگری گەلی (جەزائیری) وپاشەکشێی کرد پاش حەوت سال لە جەنگی ئازادیخوازی (جەزائیری). لە جەنگی (ڤیتنام)یشدا هیزی گەورەی (ئەمەریکا) نەیتوانی سەرکەوتن دەستەبەربکا لەم جەنگەدا بەبەکارهینانی ستراتیجەتی راستەوخۆ. بەلام لە ستراتیجەتی ناراستەوخۆ سەرکەوتن ئاسانترەو پراکتیکی‌ترە چونکە چالاکی سەربازیەکان دوا دەخا هەتا ئەوکاتەی کە دوژمن ناچاردەکاو وە ئامادەباشی سەربازی خۆی کەم کاتەوەو گورزی سەربازی یەك لا کەرەوەی ناراستەی دوژمن دەکا لەکاتی پیویست و لەباردا. لەم جۆرە ستراتیجەتەدا لەکاتی جەنگدا رووبە رووبونەوەی دوژمن بەشیوەی راستەوخۆو بەهیزی سەربازی ئەنجام نادری بەلکو لە دوژمن نزیك نابێ تا ئەو کاتەی کەبەتەواوی دوژمن هیزەکانی خۆی پەرت دەکاو ورەی دادەبەزی و سەنگی هیزەکانی لەق دەبێ ئینجا لەناکاو و پیشبینی‌نەکراو لەتەوەری جیاجیای گۆرەپانی جەنگ هیرش دەکریتەسەرئەم ستراتیجەتە ناراستەوخۆیە زۆر لە

چەکدارە پارتیزانەکان و هێزە سەربازی ئازادیخوازەکان پەیرەوی دەکەن دژ بە دووژمنە بەهێزەکانیان لەبواری سەربازی‌دا چونکە ئەو هێزە زۆرەیان نی‌یە کەسەرکەوتن دەستەبەر بەسەر دوژمن و لەو شوێنەی کە دوژمن هەلیدەبژێری. هەروەها ستراتیجەتی ناراستەوخۆ هێزی (معنوي) وورەی بەرز دەخوازێ لە نێو رۆلەکانی گەلدا بۆ ئەوەی هاوسەنگی هێزە سەربازیەکان بێت. ئەم ستراتیجەتە بە ستراتیجەتی درێژخایەن ناسراوە و سەرکەوتن دەستەبەر ناکا تەنها لەو کاتە نەبێ کە ئامانجی سەرەکی جەنگ جیاوازبێت لە بەهاو پیرۆزی‌یەکەی لای هەردوو هێزی شەرکەر. بەووتەیەکی تر ستراتیجەتی ناراستەوخۆ ئەو ستراتیجەتەیە کەدەیەوێ جەنگ یەك لاکەوتەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی بە ئامرازی جیاواز لە ئامرازی سەربازی راستەوخۆ. گرنگترین ئامراز لەم ستراتیجەتەدا بریتی‌یە لە هێنانی رای دوژمن کە بەردەوام بوونی جەنگ بێ‌هودەیە بەکارتێکردن بەسەر رای گشتی جەماوەر و سەرکردەسیاسی‌یەکان و حکومەتە دراوسی‌کانی دوژمن و نەتەوە یەکگرتووەکان ...... هتد.

ئەم ستراتیجەتە عەقلیکی بەکاری دەوێو سەرکردەو سەرکردایەتی‌یەکی متمانە پی‌کراو دەخوازێ هەروەها ئیرادەیەکی پۆلاینی پێویستە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە جەنگ بە هێزیکی کەمەوەو بەبەکارهێنانی شێوەی تاکتیکی‌و ستراتیجی جیاواز بەپێی کات و شوێن و توانا.

بەم پی‌یە ستراتیجی ناراستەوخۆ ستراتیجیکی عەقلانی‌و پراکتیکی‌یە و هێزو لایەن وگەلانی ژێر دەست و چەوساوە پەیرەوەی دەکەن بۆ وەدی هێنانی ئامانجە رەواکانی خۆیان لە ئازادی‌و رزگاری نیشتمانی واتە ستراتیجیکی سیاسی‌یە پێش ئەوەی ببێتە ستراتیجیکی سەربازی واتە کاری سەربازی تەرخان دەکرێ بۆ خزمەت و ئامانجی سیاسی بە پێچەوانەی ستراتیجی راستەوخۆ کە ستراتیجیکی تەواو سەربازی‌یەو هێزو دەولەتە زل هێزەکان پەیرەوی دەکەن بۆ ئامانجی نارەوای خۆیان. ستراتیجی ناراستەوخۆ جیاوازی ریشەیی هەیە لەگەل کاری تیرۆرو

هەواڵنامەی کتێب

تۆقاندن کەزۆر جار ئامانجی رەوای میللەتێک یان نەتەوەیەک دەبێتە قوربانی ئەم کارە تیرۆرستانە.

ستراتیجی ناراستەوخۆ گەر لێی بکۆڵینەوە زۆر کۆنەو زۆر لەسەرکردە شۆرشگێرەکان پیادەیان کردەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو هەتا روحی خۆیان و میللەتەکەیان هەر لە (سپارتاکۆس) و (عیسی) و (موسی) و (محمد) و (گاریبالدی) و (بودا) و (لینین) و (گەرامیشی) و (ماوتسی تونگ) و (قازی محمد) و (بارزانی) و (ماندیلا) و (عبدالناصر) و (گاندی) و ...... هتد. ئەم جۆرە ستراتیجەتەیان پەیرەوکردوە بەجۆرێك و شیوەیەك لە جۆرو شیوەکانی ستراتیجیەتی ناراستەوخۆ. لەم ستراتیجیەتەدا ئازادی کارکردنی سیاسیو سەربازیو تاکتیکی زۆرە. هەروەها فاکتەری دەروونی رۆلیکی گرنگی هەیە چونکە لیرەوە مەبەست گۆرینی هیزی سەربازیو بابەتییە بۆ هیزی ئایدیۆلۆجیو هیزی یەکگرتووی گەل کە عەقلیکی کارامەو مەزنی دەوی. واتە عەقل جیی هیز دەگریتەوە لەم ستراتیجیەتەدا.

سەرچاوەکان:

١_ العقل و الحرب: (فۆن پاوەر)

٢_ العقل الستراتیجی: (هۆسەر گلاد)



# ئەمریکا ... کۆمەڵگای تاوان

## 25 هەزارتاوانی کوشتن و 100 هەزار روداوی دەست درێژی سێکسی لەیەك ساڵدا و 3 کوژراوو 12 روداوی دەست درێژی سێکسی لەهەر کاتژمێرێکدا

و: بۆ کوردی/ بەختیار مستەفا

لە دوایین هەفتەی مانگی ئابی ١٩٩٤ دا سەرۆکی ئەمەریکا بیل کلنتۆن



سەرکەوتنی بەدەست هێنا لەوەرگرتنی دەنگی پێویست لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا بۆ بەرژەوەندی پرۆژەی یاسایەکی گشتی بۆ قەڵاچۆکردنی تاوان کە زۆرترین تێچوونی بودجەی پێویست بوو لە مێژووی وڵاتە یەککرتووەکانی ئەمریکادا. کەبارستایی هاوسەنگی‌یەکەی بە (٣٣) ملیار دۆلار هەڵدەسەنگێنرێت، لە ناوەرۆکەکەیدا هاتووە کە لەشکرێکی سەد هەزار پۆلیسی لەماوەی پێنج ساڵدا پێکبهێنرێت هەروەها دروست کردنی (١٠) زیندانی گەورەو دامەزراندنی سەربازگەی چاککردن و ئامادەکردن بۆ زیندانی‌یە لاو و هەرزەکارەکان، سەرەرای قەدەغەکردنی (١٩) جۆر چەکی ئۆتۆماتیکی و نیمچە ئۆتۆماتیکی کە رێگە بە کرین و فرۆشتنی دراوە وەك ئەوەی باوەو بە پشتیوانی یاسا هەر هاووڵاتی‌یەکی ئەمەریکی لەهەر تەمەنێکدابێت و بەبێ ئەوەی پێویست بە مۆڵەتدان و لێپێچینەوەبکات بۆی هەیە چەکی پێبێت و کرین و فرۆشتنی پێوەبکات.

هەروەها لە ناوەڕۆکی پرۆژەکەدا هاتووە کە سزاکان توندتر بکرێن لە دژی ئەوانەی کە هەڵدەستن بەتاوانی سێکسی بەتایبەتی دژی منداڵان لە هەر دوو رەگەز، هەروەها لە بڕیارەکەدا راسپاردەیەك هاتووە کە ئەو کەسانەی بۆ جاری سێهەم تاوانی توندو تیژی ئەنجام دەدەن دەبێت سزای زیندانی هەتا هەتایی بدرێن و سزای لە سێدارەدانیش زیاد بکرێت کە سزایەکە لە زۆربەی کاتدا لە ئەمریکا کاری پێدەکرێت بۆ شەست تاوانی نوێ کە پێشتر ئەوانەی بەو تاوانانە هەڵدەستان لە سێداره نەدەدران. ئەم رازی بونەی ئەنجومەنی نوێنەرانیش لەسەر پرۆژەی نەهێشتنی تاوان پاش سازشکاری‌یەکی خەست و چەند




رۆژی هات کە کۆشکی سپی پێی هەڵسا لەگەڵ نوێنەرانی هەردوو



حیزبی کۆماری‌و دیموکراتی‌و بووە هۆی رودانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لەدەقی سەرەکی‌دا کە پێشتر ئەنجومەنی‌نوێنەران بڕیاردانیان لەسەر ئەم پێشنیارە رەت کردبۆوە.

لایەنی ناراستەوخۆش لەم سازش کاری‌یەدا بریتی‌بوون لە دروستکەران و بازرگانانی چەکی بچوک (سووک) ئەوانەی ئەم پرۆژەیە زیانێکی دارایی گەورەیان پێ‌دەگەیەنێ، بەتێبینی کردنی ئەو

بەندەی کە پەیوەندیدارە بە قەدەغەکردنی کرین و فرۆشتنی (١٩) جۆر چەکی بچووك بە هاووڵاتیان، ئامارە سەرەتاییەکان وا دەگەیەنن کە قەوارەی بازرگانیکردنی ئەم جۆرە چەکە لەناوخۆی ئەمریکادا دەگاتە دەیان ملیار دۆلار لەیەك سالدا، ئەم کارەش وای لەبەرهەم هێنەران و بازرگانی چەك کرد کە فشار بخەنە سەر نوینەرەکانیان _ ژمیریارەکانیان _ لە ئەنجومەنی نوینەران بۆ دژایەتی کردنی پرۆژەی یاسای نەهیشتنی تاوان کە بەریوەبەرایەتی پیشکەشی کردووەو، تابەناچاری وایان لیبکەن راستیبکەنەوەو دەقیکی نوێی نەرمتر دەریبکەن کە بتوانریت بەسەریدا باز بدریت دەرئەنجامەکانی لە ئەستۆبگرن، زۆر لە چاودیران وا دەبینن کە پرۆژەکە کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی نابیت لەگەمارۆدان و تەسك کردنەوەی بازرگانیکردن بە چەك، بەهەمان شیوەش گەمارۆدان وتەسك کردنەوەی کاری توندو تیژی کەلی دەکەویتەوە، بەلام هەندێ چاودیرانی تر دەلین کەسەرجەم پرۆژەکە بەسەریەکەوەو لە کاتی جێبەجێکردنیدا بەکردەوەو ئەگەر هاتوو ئەنجومەنی پیرانیش رازی بوونی خۆی لەسەر پیشان دا، ئەو کاریگەریتییەی نابیت چونکە بەتەنها لەسەر نەهیشتنی تاوان رادەوەستیت و ناچیت بەلای چارەسەری هۆکارەکانیداو، لیکەوتە کۆمەلایەتیو رۆشنبیری و سیاسیو ئابورییەکەیدا، ئەوانە پییان وایە کە پیویستە دەولەت کاربکات بۆ کەم کردنەوەی هاوکیشەی هەلئاوسانی بەرزو بەکارخستنی سووپای بیکاران کە زیاتر لە سی ملیۆن کەسی لە خۆگرتووە، ئەمە زیاتر سەرکەوتوتردەبیت لەنەهیشتنی تاوان وەك لە یاساو ریو شوینە سەرکوتکاریەکان و سزادان.

هەرچۆنیك بیت، کلینتۆن سەرکەوتنیکی ناوخۆیی گرنگی بۆخۆی تۆمارکرد بەوەی کە پرۆژەکەی بۆ چووە سەر لە ئەنجومەنی نوینەراندا کە تایبەتە بە

ئەمێشتنێکی گشتگیری تاوان.

بێگومان کلینتۆن و دارو دەستەکەی هاندەریان هەیە بۆ بەردەوام بوون لەو پرۆژەیە و بەدواداچونی تاکۆتایی، ئەگەر سەرنجمان دابێت وولاتە یەکگرتووەکان بە پلەی یەکەم دێت لە رووی ژمارەی ئەو زیندانیانەی کەلە بەندینخانەکانیدان، هەروەها لە رووی ژمارەی ئەوانەی سالآنە لە سێدارە دەدرین لە ولایەتەکانیدا بەریگای جۆراوجۆرو بەپێی یاسای هەر ولایەتیک، هەر لە گوولە باران کردن و خنکاندن و کوشتن بە گاز و دەرزی ژەهراوی و بێهۆش کەرە کوژەرەکان تا بە کورسی کارەبایی دەگات ... .

بەلآم ژمارەی قوربانیانی تاوان لە وولآتە یەکگرتووەکاندا سالآنە دەگاتە (٢٥)هەزار کوژراو، واتە بەتیکرای یەك کوژراو لە هەر (٢٠)خولەکیکدا. وەلە ئامارە گشتی یەکاندا، ریژەی تاوان لە وولایەتە یەکگرتووەکان دوو هیندەی ریژەی تاوانە لە یابان یان لە فەرەنسا.

ئیستا ... چی دەربارەی وورده کاری یەکان؟

پاش نیوەرۆیەکی بارانـاوی لـە بازاریکی بچووك لە گەرەکیکی هەژار هەندێ کریار خەریکی شت کرین بوون پیش ئەوەی بگەرینەوە بۆ مالەوە بۆ نان خواردنی ئیوارە، لە پریکدا گولە داباری بەسەریاندا لە هەردوو دەرگای بازارەکەوەو لاشەکان کەوتن ... .

نۆ قوربانی لە پیرو ئافرەت ومندالّ ... ئەمە فلیمیکی سینەمایی نەبوو بەلکو ئەوە لە واشنتۆن دا رووی‌دا ئەو شارەی کە بەراستی شایستەی ئەوەیە کە بەپایتەختی تاوان ناوزەند بکریت. ئەوە ئەو توندو تیژی‌یە بەرەلآییانەیە کە خەو ئارامی لەبەر ئەمریکی‌یەکان بری‌وە. کە ناتوانریت پیش بینی بکریت یان خۆی لێبپاریزریت وای لێهاتووە کەم رۆژ هەیە تاوانی وەك ئەو تاوانە لەشارە گەورەکانی ئەمریکا بەتایبەت لەگەرەکە هەژارەکانی‌دا روو نەدات وەدیاردەی تاوان دەستی بە گویزانەوە کردووە لە شارەکانەوە بۆ کەنارەکان.

هەندیك هۆی بڵاو بوونەوەی تاوان دەگیرنەوە بۆ نزمبوونەوەی ژیانی شارستانیو دارمانی. وەچەندین شاری گەورە لە وڵاتە یەكگرتووەكان دا هەیە كەبەدەست ئەم دیاردەیەوە دەناڵینن وەك نیۆرك و شیكاغۆ و فیلادلفیاو بۆستن و واشنتۆن و لوس ئەنجلوس و دیترۆیت و هتد.

كیشەی تاوان لە وڵاتە یەكگرتووەكاندا بۆتە هۆی ماندوو كردنی بیری هاوڵاتی ئەمریكیو كیشەیەكی هەمیشەیی بۆ دروست كردووەو بۆتە هۆی خەوزڕاندنیان.

بەپێی رای پسپۆرەكان چەند هۆكاریك بونەتە هۆی نزم بوونەوەی ژیانی شارەكان لە ئەمریكا لە رەوكردنی ژمارەیەكی زۆر لەكەسانی چینی مام ناوەندی لە سپی پیستەكان بۆ قەراغ و كەنارەكان بەمەش ریسای باج سەندنی شارەكان كەم بۆتەوەو بەم جۆرەش لە داهاتیكی سەرەكی بێبەش دەبیت ئەم كارەش بۆتە هۆی كەمكردنەوەی خەرج كردن لە خویندنگــــاو كارگوزارییــــە تەندروستیو كۆمەڵایەتییەكان.

لە حەفتاكانی ئەم سەدەیەدا مادە بێ هۆشكەرەكان لە وڵاتە یەكگرتووەكان بڵاوبووەوەو بڵاوبونەوەیەكی ترسناك گەیشتەماڵەكان و خویندنگاكان و شوینەكانی كاركردن و قەیرانی بێكاری كەلەكەبوو لە نیوان لاوەكان بەگشتیو رەش پیستەكان بەتایبەتی پەرەی سەند، لەهەندیك لە شارەكان گەیشتە نیوان ٣٠،٥٠٪ لەگەڵ بەردەوامی پشیوی رەگەز پەرەستی و. كۆمەڵایەتی لە نیوان تویژە جۆراوجۆرەكان كە لە شارەكانی ئەمریكادا نیشتەجین لە نۆردوگا جیاجیاكاندا سەرەرای ئەوەی ژمارەی هەژاران و لانەوازان و هەڵگیرسانی ئاگری رەگەزپەرەستیو. كۆمەڵایەتی لە نیوان كاتیك و كاتیكیتردا لەشارە سەرەكییەكاندا، دواین كاری لەو جۆرەش ئاگربەربوونەكەی شاری لۆس ئەنجلۆس بوو پیش دوو ساڵ

لەمەوبەر کە بووە هۆی زیاتر خراپ بوونی بارەکە.

## گۆران كاری ئه نجامه‌كان

بەهۆی گۆڕانکاری‌یە کۆمەڵایەتی‌یە زۆرگرنگەکانەوە چەمکی نوێ سەریان هەلدا گەیشتە خێزان و پەیوەندی‌یە سێکسی‌یەکان و سەربەستی تاک و رۆڵی دەولەت لە ژیانی‌داو کاریگەری کۆمپانیا گەورەکان لە ژیانی هاووڵاتی ئەمریکی‌دا.

هەرچەندە خێزانی ئەمریکی‌و شارە بچووکە بەر بڵاوەکان لە شوێنە جیاوازەکانی وڵاتدا لە رابردوودا بە شادەماری ژیانی ئەمریکی پێناسەدەکرا ئەمڕۆ وانەماوە پاش رمانی خێزانی باو کە پێشتر هەبوو ئێستا تیکرای لیکجیابوونەوە (طلاق) گەیشتۆتە لە سەدا پەنجاو ناچارکردنی منال بەمانەوە لەگەڵ باوك یان دایك.

## جیاکەرەوەکان

لەسەر ریسای ئەم پێشینەیە و لەو روانگەیەوە دەتوانین لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر دیاردەی تاوان لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا تێبگەین کە چۆن ئەو دەولەتە زۆرترین زیندانیانی لە جیهاندا لە خۆگرتووەو زۆرترین نیشانەی بەلگەداریش بریتی‌یە لەوەی بەهۆی ئەو دەستورە نەرمەی داریژراوە بە شێوەیەك کە بگونجیت لەگەڵ خواستەکانی تاکە کەس داو سەربەستی‌و مافیکی بێ‌رینەی هەبیت سەرەرای ئەوە دەبینین کە هاوڵاتی ئەمریکی بارمتەی ترسی کۆمەڵایەتی‌یەو دیلی مالەکەیەتی و ناویریت لەشەودا لیی بیتەدەرەوەو ناتوانیت مسۆگەری گەرانەوەی منالەکانی لە خویندنگاوە بۆ مالەوە بکات.

## داهێنانی کوشتاری بەکۆمەڵ

داهێنانی ئەمریکی تەنها لەسەر زانست و تەکنیکیو. شتیتر لەچالاکیی‌یە مرۆڤایەتی‌یەکان راناوەستیت بەلکو پەرەندوویەتی‌یەوە بۆ شیوازی تاوان و کوشتن، ئەگەر هاتور لە پیشوودا لە فلیمەکانەوە ئاشنا بووبین بە پیاوانی عەسابەکان لەنموونەی جیسی جیمس لەسەدەی نۆزدەدا تادەگاتە بۆی و کلاید وخیزانی کابۆنی و....هتد لەسالانەی دوایدا ئەوا بەم نزیکانە ئاشنا دەبین بەوینەی بکوژی بەکۆمەل کەدەیان کەس بەبی‌هۆ دەدۆزیتەوە، بۆ نموونە وەك ئەوەی یەکیکیان خۆی دەکات بەچیشتخانەیەکدا وئاگری تفەنگەکەی ئاراستەی کریکارەکان دەکات لەپیرو ئافرەت و مندال پاشان ملی ری دەگریت و بەسەیارەیەکەوە بۆی دەردەچیت وتاوانەکەش دژی کەسیکی نادیار تۆمار دەکریت و ژمارەیەکی تریش دەخریتە سەر ژمارەی ئامارەکان.

بکوژی بەکۆمەلیش دیاردەیەکی کۆمەلایەتی یە کەبەتەواوی وولاتان وکۆمەلگاکانی پیشکەوتوی تر لەدەرەوەی وولایەتە یەکگرتووەکان پیی ئاشنانین.

## ئامارە ترسناکەکان

ئامارەکان رەنگدانەوەی قەوارەی کیشەکەو گرانی چارەسەرەکانی‌یەتی لە سالی ١٩٩٣ دا (٢٥)هەزار مرۆڤ کوژراوەو زیاتر لە سەد هەزار ژن دەست دریژی سیکسی کراوەتە سەریان (ئەو رووداوانەی کە لە دۆسی‌یەکانی پۆلیس دا تۆمارکراوە)و لیرەدا زۆر رووداوی‌تر هەیە کە تۆمارناکریت یان پۆلیس لی‌ی ئاگادار نەکراوەتەوە. وە ژمارەی ئەوانەی تووشی پەلاماردان هاتوون گەیشتە نزیکەی دوو ملیۆن کەس و سی لەسەر یەکی خیزانە ئەمریکی‌یەکان کە سیکی تیایە کە روو بەرووی جۆریك لە جۆرەکانی توندو تیژی بۆتەوە. وەلەم (٣٠) سالەی رابردوودا

ژمارەی تاوانەکانی کوشتن لە ئەمەریکادا سێ هێندە زیادی کردووە، لەهەر بیست خولەکیکدا هاولاتی‌یەك دەکوژریت و لەهەر بیست چرکەیەکیش سەیارەیەکیش دەدزریت کە لە ٦٠٪ یش لە رووداوەکانی دزینی سەیارەدا چەك بەکاردەهینریت وە پیش چەند مانگیك دەولەتی ئەمریکی ناچاربوو داوای لێبووردنی رەسمی لە حکومەتی یابانی بکات بە هۆی فراندنی سەیارەیەکی دوو خویندکاری یابانی پاش کوشتنیان لەشاری لۆس ئەنجلوس کە فراندن و دزینی زیاتر لە حەوت هەزار سەیارەی تیادا تۆمارکراوە تەنها لە سالی ۱۹۹۳ دا، تاوانەکانی ئەو شارە بووە هۆی مشت ومریکی کۆمەلایەتی‌و ئەخلاقی فراوان و وای‌لەدەسەلاتداران کرد کە یاسایەك دابنین کە فراندنی سەیارە بەتاوانیکی گەورە دابنین و لەوانەیە ببیتە هۆی زیندانی‌کردنی تاوانبارەکە بۆ ماوەی (۱٥)سال یان دەرکردنی فەرمانی زیندانی کردنی هەتا هەتایی ئەگەر هات و فراندنەکە بووە هۆی کوشتنی شۆفیرەکە ....

تاوان لە ئەمەریکا بەتوندو تۆلی گرێدراوە بەمادە بێهۆش کەرەکان و بلاوبوونەوەی لە کۆمەلگاداو تەنها لەشاری نیۆرك دا زیاتر لە پینج سەد هەزار مدمن هەیە، بەلام دەسەلاتداران ئاسان کاری چارەسەرکردنیان تەنها بۆ (٥٥)هەزار مدمن دابین کردووە.

## مندالان .. یەکەمین قوربانیانن

ترسناکترین دیاردەی توندوتیژی‌و تاوان لە ئەمەریکادا بەتاییەتی مندالان ولاوانی وولات دەگریتەوە بەشیوەیەك کە ئەم پەتا کۆمەلایەتی‌یە زیاتر لە (١٦٠)هەزار مندالی ناچارکردووە کە لە مالەکانیاندا بمیننەوەو نەچن بۆ قوتابخانەکانیان لەترسی توندو تیژی، لە سالی رابردوودا سەرۆك کلنتۆن ووتی کاتیك لە رۆژنامەکاندا دەربارەی مندالیك خویندیویەتی‌یەوە لە واشنتۆن کە خۆی بۆ مردنی

مسۆگەر ئامادەکردووە، لە نێوان هەر (٢٠)قوتابیدا کە دەچن بۆ قوتابخانە یەکێکیان چەکی خۆی پێیە، هەندێ لە قوتابخانەکان لەدەرگای چوونە ژوورەوەی قوتابخانەکانیان ئامێری ئەلەکترۆنیان داناوە بۆ گەران بەدوای دەمانچەو چەقۆ و چەکی بەکوژدا، ئامارە بلاوکراوەکان دەریدەخەن کە ٧٠٪ی هەرزەکارەکان کە تاوان ئەنجام ئەدەن لە خێزانە لیکترازاوەکان.

## کێ کێ دەکوژێت؟

زوربەی کاتەکان رەش پیستەکان دەبنە قوربانی، وە زۆربەی قوربانیانی توندو تیژی بەتایبەت لە شارەکاندا لە هەژارەکان و کەمایەتییەکانن، یەکێ لە دیاریترین کیشەکان کە بەرەو رووی سەرکردە رەش پیستەکان دەبیتەوە بریتییە لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو توندو تیژییەی کە رەش پیستەکان لە دژی یەکتری ئەنجامی دەدەن لەگەل ئەوەی کە ریژەی رەش پیستەکان بەتەنها دەکاتە ١٢٪ تیکرای دانیشتوانی وولات، بەلام لە نیوە زیاتری ئەوانەی لەماوەی سالی ١٩٩٣ کوژراون لە رەش پیستەکان بوون وە ریژەی ئەو رەش پیستانەی بەدەستی رەش پیستەکانی تر دەکوژرین دەگاتە ٩٤٪ بەلام ریژەی ئەو سپی پیستانەی لەلایەن سپی پیستەکانیترەوە دەکوژرین دەگاتە ٨٣٪ .

لە: الهیرالدتریبیون، التایم، النیوزیك..
وەرگیران و ئامادەکردنی بۆ عەرەبی: غفران الحمو، لە گۆڤاری اسرار الشرق الأوسط، ژمارە:٢٦، ایلول ١٩٩٤



هەواڵنامەی کتێب

# کەسیتی کورد ... لە نیوان رووداوو خواست و پرسیارو وەڵامەکانی سەدەی بیستەم دا

نوسینی/ حەیدەر سالح بابان



میژوو، لەکۆتایی هەموو سەدەیەکدا، پرسیارەکانی خۆی تۆماردەکاو وەڵامەکانی وەردەگریتەوە، بۆیەلە کۆتایی ئەم سەدەیەدا، پرسیارەکانی، ئەگەر رووبەرووی کەوتنی دەولەتی عوسمانیو شۆرشی ئۆکتۆبەر و جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان و کارەساتی هیرۆشیما و ناکازاکی و سیاسەتی ئاپارتاید و خەباتی رزگاریخوازی گەلان و دروست بوونی میرنشین و دەولەتان و گۆرانکارییەکانی باشوری ئەفریقا رۆژهەلاتی ناوەراست و مەسەلەی کامپ دیڤد و ئاشتی ئیسرائیل _ عەرەب و تەقینەوەی چیرنۆبل و شۆرشی ئیران و هەردوو جەنگی کەنداوی یەکەم و دووەم و ئیفلیج کردنی عیراق و کۆتایی شەری سارد و هەلوەشانەوەی یەکیتی سۆڤیت و یوگۆسلافیا و پەیمانی وارشۆو پەرەسەندنی ناتۆو باڵادەست بوونی ئەمریکا و مەسەلەی تیرۆر و پارەی یۆرۆ و راپەرین و کۆرەو کیمیابارانی کوردستان و گواستنەوەی زانستە سەرەتاییەکان بۆ جەنگی بۆشایی ئاسمان و مانگی دەست کرد و کۆمپیوتەرو ئەنتەرنیت و کۆپیکردنی مرۆڤ و عەولەمەی ئابوری و سیاسی و سەربازی و فەرهەنگی ئەمریکا و سیاسەتی‌نان و دارو بانیك و چەند هەواو هەژار کردنی خەلك و پروپاگەندەی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و هەزاران رووداوی‌تر، ببنەوە. ئەوا چەند پرسیاریکیش رووبورووی نەتەوەی کورد، پەیوەست بەبوون و کارو خەبات و چەق بەستنی

ئەبنەوەو پیشی ئەلین: تۆ لەم سەدەیەدا چیت پیش کەشی نەوەی نوێو مرۆڤایەتی کردووە؟ خەباتت، زانستت، شۆرش، رزگاریت، میژووت، چ وەلامیك بۆ نەوەکانی رابردوو، داهاتوو پێیە؟ تۆ وەك، تاکو کۆ، ریکخراوو رووناکبیریی، پارت و شۆرش و نەسرەوتن، بەرامبەر بە ئەرك و فەرمانی میژوو چیت کردووە؟ قوربانیت زۆر داوە، کوا بەرهەمی ژان و خوینی شەهیدەکانت، کوا دەرس وەرگرتنت لەکارەساتە دلتەزینەکانت، چیت بەرامبەر بە راستی و خورافەو بیرو عەقڵو زانیاریو شۆرش و گۆرانی کۆمەڵ و شارستانیو ئاوەدانیو داواکانت کردووە؟ کوا ووتاری سیاسیو رەخنەییت؟ کوا بنیات نان و هەلسانەوەی دوای شکستەکانت؟. کۆتایی سەدەی بیستەم نامەی (اعمال)ت ئەداتە دەست و لە ئەلفەوە تا یێ ی هەموو کردەوەکانتی تیدایە و لەبەردەمی نەوەکانی رابردوو و داهاتووی ئەم میللەتە و لە ناوجەرگەی نەتەوەدا رات دەگرێ، هەزارو یەك پرسیارت لێدەکات و وەلامی دەوێ و پیت دەلێ و پرسیارت لێدەکات، لەدوای هەموو زستانیك کە بەهارت بینی، مشووری زستانیکیترت خوارد؟ پاشان پیت دەلێ: ئەی کوا دەنگی رزگاریو ئازادیو سەربەخۆییت؟ ئەی نەتەوەی چوارەمی رۆژهەلاتی ناوەراست، ئەی گەورەترین نەتەوەی بێ ئالا!!. دەبا ئیمەش وەك کەسیکی هەست بە لێپرسینەوەکەری ناو کۆمەلگەی کوردستانی دابەش و داگیرکراو، هەموو فەرهەنگ و زانست و توانای عەقلی و بیرو هەست و نەستیو هەلکەوت و بژیوییو لایەنەکانی تری ئابوریو کۆمەلایەتیو کەلتوریو سەربازی، بێپیرەوکردنی زنجیرە، بەیەکەوە ببەستین و بەکۆلی خۆمانیابدەین و تیکەلیباری سیاسی شۆرش و راپەرین و خەباتی ئەم میللەتەی بکەین و بەیەك پیوانەی حەسرەت بەبارو پر لە شکست و سەرنەکەوتوو و لە ژیر کاریگەری هیزو فاکتەری ناوەکیو دەرەکی لیکیبدەینەوەو لەو خالەوە دەست پێبکەین، کە هەموو گوناهو تاوانیك، بەتەنیا نەخەینە ئەستۆی بیگانەو زلهیزو تواناو مەرامە ئیقلیمییەکان و دوژمنەکانی دەرەوەی ئەم نەتەوەیە، بەلکو بە گوتاری رەخنەییو لەویوە دەست پێبکەین، کە کورد وتوویەتی ( مریشك، ئەگەر خۆی خۆڵ بەسەر خویدانەکات،

کەس بە سەریداناکات) و (تەور، ئەگەر کلکەکەی لە دار نەبێت، داری بۆ نابڕیتەوە) و (ئاو لە سەرچاوەکەیەوە لیل نەبێت)!. کار لەوەشدا نەماوە، کە هەموو کورد ئەو دەستەواژەیە نەزانێت کە ... خەبات، شکست، هەلسانەوە جارێکی‌تر، شکست، دیسان خەبات و جارێکی دیکەش شکست ... ئەمە لە کەسێتی مرۆڤی شکست خواردووی کوردا ڕەنگی نەدابێتەوە! پێچەوانەیە، نەک لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە، بەلکو لە ڕوخانی دەولەتی ماددی کوردەوە، ئاوا هاتووەو بۆتە کالای بالای کورد. ئەم سەدەیە، کە سەدەی ڕاپەڕین و ڕزگاری نەتەوەکان بوو، کاریگەری شۆڕشی فەرەنسا و شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی بۆرژوای سەرمایەداری و شۆڕشی ئۆکتۆبەری پێوە دیاربوو، بەلام بۆ کورد، هیچی بە هیچ نەکرد، ئەو کاریگەریانەش دادی‌نەدا، ئیستەش تەنیا بیست و یەک مانگ لەبەردەستا ماوە، کە یادی ماتەمینی سەدەی ڕابردو بگێڕین و لە پەراوێزی ئاهەنگی نەتەوەکانی دراوسێ‌دا پێناسە کۆنەکەمان، کە بە خەتی ئاڤیستایی نووسراوە، نیشانی پرسگەی ئاهەنگەکە بدەین!! ئینجا ئاوڕێك بدەینەوەو بلێین، ڕەنگە ئەو گازندەو گلەییە باوانەی کە لە حکومەتی مەلیك مەحمود و شۆڕشی شێخ عوبەیدولای نەهری‌و سمکۆخان و کۆماری پێشەواو شۆڕشی ئەیلول و بارزانی و چەند سەرکردەو ڕاپەڕین و شۆڕشێکی تری کوردستان لە سێ‌چارەکی پێشەوەی ئەم سەدەیە دەکرێن و دەوترێت کە پیاوانی ئاین و شێخ و ئاغا و بەگ و مەلا و سەرەك عەشیرەت پێشەوایەتی ئەو شۆڕش و حکومەت و دەسەلاتەیان کردووە، ڕەنگە بەری دلّ‌بگرن و ڕاستیش بن و ئەو کەسێتیانەش سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنابێ، بەلام بۆ؟ چونکە کەسێتی سیاسی‌و کۆمەلایەتی و ئاینی کورد و تەکنیکی سیاسی سەرکردەکانی شۆڕشی کورد و فاکتەرەکانی سەردەم و شوێن و سامانی کوردستان، بەیەکەوە، لە ژێردەستی بیری دواکەوتوویی‌و هۆزایەتی‌و ناوچە گەریتی و ئاینی زال بەسەر کوردستاندا لە داروخانی بوون و تێکشکانی کەسێتی، ڕزگاریان نەبوو ... زانست دەری خستووە، ئەگەر کەسێك زۆر بچەوسێنرێتەوە و نەهێلرێت سەری زیادبکات و بەندبکرێت، توانای عەقل و ئەندامانی لەش و

خانەکانی میشکی بەرەو پووکانەوە دەچن و لە تەعامول لەگەڵ کۆمەڵدا، دەچێتە پەراوێزەوە.

میللەتی کورد، وای لێبەسەرهاتووە، چونکە هەر لەسەرەتای سەدەی شەشەمی (پ.ن)وە کیانە سیاسیی و دەولەتەکەی روخێنراو ژێردەستەبوو، ئینجا ئاینەکەشی تەپەسەرکراو بیروباوەرە رۆحیەکەی‌و فەلسەفەکەی مردێنراو سوتێنراو فەرهەنگەکەشی هەر بەو دەردە برا. ئاینی زەردەشتی کوردی، کە هەموو کوردستان تا هیندستان و تا یۆنان و تا یەمەنیشی‌گرتبۆوە، ئاینی یەهودو وەمەسیح و ئیسلام، لەناویان برد،هەموو نوسراوو کەلتوری زەردەشتیش لە شەری قادسیەدا، بەیەکجاری لەناوبران. خۆ ئەگەر یەکێك سەیری کتیبی (العراق فی التاریخ) بکات، دەزانێ چۆن حاشا لە بوونی زەردەشتی‌و شوینەوارو ئاینەکەی لە عیراق و کوردستاندا، دەکرێت. دوای نەمانی ئاین و هیزە گیانیەکەی کورد، خاکەکەشی کەوتە بەردەمی کیشمەکیش و ململانیی فارس و ئاشوری و رۆم و دەولەتی ئیسلامی و عوسمانی و لەسەرەتای ئەم سەدەیەشەوە، لەلایەن ئیمپریالیزم و عەرەب و تورك و فارسەوە و بەپەیمانی جۆربەجۆر لە نیوان بەرژەوەندخوازاندا بەش کرا. تاك و هۆزەکانی کوردستانیان، لەبەکارهێنانیاندا وەك جەنگاوەری ئازا بەلام بەسوخرە تووشی رارایی و دوودلی وبی هودەیی و شکست و روخان کردن و هەر رۆژەی هیزیك بۆ پاراستن و دەست کەوتی سەربازی و ئابووری خۆی بەکاردەهیناو سامانی کوردستانیان تالان دەکرد.. تاکی کورد، بەدەستی مستەفا کەمال وستالین و رەزا شاو سەدامەوە، تووشی بی هودەیی وبیزاری و روخانی دەروونی و دارمانی کەسیتی بوو. کەلاپەرەکانی میژووەکەشی زۆری بەدەستی داگیر گەران و نەیارانی و دوژمنەکانی تۆمار کراوەو خۆشی دەیخوێنیتەوە، زۆر جار نەفرەت لەچارەی رابووردوی خۆی دەکات و هەندیك جاریش تەسلیمی دیفالتوی سیاسی و ئاینی دەبیت، کە ئەمە زۆر جار شۆرش و سەرکردەکانیشی گرتۆتەوەو لەناوچە وچەند هۆزیکدا لەقۆزاخە نراون و هەولەکانیشیان قەتیس کراون، کە دیارە مەسەلەی ئاینی ئیسلام لەزۆربەیاندا مەسەلەیەکی بەرچاوەو کورد

ئەو ئاینەی وەك پەیوەندیەكی رۆحی لەنیوان خودی خۆی وهێزێکی خوایی وەرنەگرتووە، بەلکو: ئەوان کوردیان بە رۆحی سیاسی ئەو ئاینەوە پابەندکردوەو لەسیستەمی حوکمی ئاینەکەدا، کە مەندیان کردووە، پاشان لەگەل ئاینەکەدا تەبایان کردوە، کەدیارە لە قبول کردنەکەشیان حیکمەتیکی پۆزەتیفانەو چاکەکاری لەئاینەکەدا هەبووە، لەگەل ئەمەشدا ریگە نەدراوە گیانی ئاینی و ئاینزانی، دەروازە بۆ یاخی بوون بکاتەوە، هەرکاتیك روویدابیت دامرکینراوەتەوە، بۆیە تەنیا پیگە رۆحیەکەیان بەکورد سپاردووەو سەرکردایەتیش بەنەتەوەی خۆیان، تا ئەو کاتەی بەسەرجوغزی ئایینەکەداو لەسنووری خۆیان دا زال بوون و لەسایەیدا دەولەتیان دروست کردووەو نەتەوەکانی تر لەوانە کە کوردیان پیوە گریداوەو ئەو کاریگەریەش، تائیستە جیگەی خۆی گرتووە، بۆیە شۆرشەکانی ئەوماوەیە لەژیر کاریگەری ئایینیدا بوون و رزگاریان نەبووە.

بەلام ئەمە مانای وانیە، کەرۆحی نەتەوەیی، هەر نەبووەو گەشەی نەکردووە، بەلی هەبووە، بەلام بیری هۆزو تیرەگەری بەهیزتربووەو، دوژمنانیشیان، کە پیشتر پیگەی ئاینی و سیاسی و ماددیان تەواو رەخساو بووە، بەهیزتر بوون. رۆح و هەستە نەتەوەیەکەی کورد، پتر لەتاکەکانی کۆمەلی کوردا خۆی بینیوەتەوە، ریکخستنیشیان نەبووە، یان لاواز بووە. نەتەوەی کوردیش بەحوکمی چەوسانەوە بەردەوامەکەی وپەلاماری دوژمنان بۆ سەریان، هەمیشە خۆیان لەناو شاخەکاندا گرتۆتەوەو کاریگەری سروشت و کارە تۆپۆگرافییەکان، جگەلەوەی لە یەکتری دابریون و بی هیز بوون وخۆیان هەمیشە لە مەوقعی بەرگریدا بینییوەتەوە و لەمەودای شارستانی دابراون و کاریگەری چەواشەکاری ناوخۆش بوونەتە هۆی سەرەکی نەخوێندەواری رۆلەکانی و بەناروناکبیری ناهوشیاری ماونەتەوە، ئەمانەش لەهەموو بواریکی ژیانی کۆمەلگەی کوردستاندا کاریگەری سلبی هەبووەو عەقلیەتەکە وەك قۆناغ و وەك پیویست گەشەی نەکردووە. بەلام ئەمانەش مانای وانییە هەمیسان میلی راست و چەپ بەسەر خەبات و فیداکاری ئەو سەرکردەو شۆرش و راپەرینانەی ئەم سەدەیە دابهینریت، کەئەگەر لەهەلەو کەم و

کوری و خۆویستی و ناپاکی و بەرژەوەندپەرستی و ناکارامەیش، بێ بەش نەبوون..چونکە، ئەوان خۆیان کردووە بەپرد، تائێمە پێدا بپەڕینەوەو نەگەڕێینە دواوەو بگەینە ئەو مەبەستەی ئەوان ئاواتیان بووەو قوربانیان بۆ داوە ... سەرباری بیری ئاینی وهۆزایەتی و تیرە گەریتی وەك باسی نیوە دەکریت! سنگی بەگوللە نراوی مەلیك مەحمردو شەهید کردنی شیخ سەعیدی پیران و لەسیدارەدانی قازی محەمەدی پێشەواو دەست بەسەر کردن و تاراندن و شەهید کردنی دەیان سەرکردەی تری کورد ... لەنیشتمان پەروەری و هەستی نەتەوایەتیو داوای مافی کورد و رزگاری کوردستانی دابەشکراو و ئازادی و سەربەخۆیی زیاتر، چیتر دەگەیەنن؟! ئەگەر ئەوان، ئاین و ئاینزانی، هۆزایەتی، ناوچەچیتی، بەرژەوەندی خوازیی، ناهوشیاریی، ناسیاسی، نادبلۆماسی، نەشارەزایی و ساویلکەیی کار و بەرنامەو مەودای عەقڵو سیاسەتیان بووە. ئەی دەبێ کوردی داورۆژەکانی سەدەی بیستەم و رۆزگاری ئینتەرنیت و دیموکراسی و ئاگا لە دنیا، چ لۆمەیەکی گەورەبکرین و نەوەکانی دوای ئەوان چیان پێ بلێن؟! دەبا بیینەوە سەر خەباتی چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمی کورد و بەخۆمان بلێین، دەبێ ئێمە چ بەرنامەیەکمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی کیمیاباران و ئەنفال و قەدەغەکردنی زمان و جل و بەرگی کوردی و جینۆساید و سوتماکی هەموو کوردستان و تیکدانی بنەمای خیزانی کورد و هەلوەشاندنەوەی ژێرخان و سەرخانی کوردو پەرەپیدانی خورافەو گیر انەوەی عەقلی کورد بۆ سەدەکانی ناوەراست و بەنگ پیدانی کەسیتی کورد و نشوستی شۆرش و دووبەرکیو شەری ناوخۆو لە پالدانی تیرۆر بۆ بزافی نەتەوایەتی کورد و بە فیرۆدانی سامانی کوردستان، پێ‌بیت؟!! ئەگەر رووی رەخنە لە سەرکردایەتی خیلەکیو ناوچەیی سێ‌چارەکی یەکەمی ئەم سەدەیەی کوردبیت، ئەی چارەکی کۆتایی سەدەکە! ئایا خەبات و شۆرشەکەی پیاوی ئاین و شیخ و مەلا و فیودال و ئاغا و کۆلاك و بۆرژوا و کۆمپرادۆر و سەرەك هۆزو ئەرستوکرات و بیرۆکرات و مشەخۆر و پیاوە رایەلەچییەکانی تیدانیە؟ یان

ئایا بە عەقلیەتی ئەو تویژ کەسیتیانەش مامەلە ناکریت؟ ئەم پرسیارانە لە بەردەمی دوریانیکادا قووت بونەتەوە، یان ئەمە تەشقەلەی رۆشنبیرانە، یان راستی‌یەکی حاشا هەلنەگرن. وەلامەکان بۆ جەماوەر بەجێ دیلین، بەلام خۆ جێبەجێکەرانی کوشتاری چەکی کۆکوژی کورد و کوردستان و لە خویندا شەلالکردنی یەك نەتەوەو برینی هەلەبجەو گەلە کۆمەکیی عەرلەمەی تیۆری دەولی بۆ سەر گەلی ستەم دیدەی کورد و شۆرش و سەرکردە خۆشەویستەکانی لەبەر دەست دان و ئاشکران، خۆ درۆی زلی مافی مرۆڤ ناشاردریتەوە! خۆ قەدەغەکردنی سەربەخۆیی کوردستان و دزینی سامانەکەی و دەست تیوەردانی وەك رۆژی روناك، روونن!! ئەی کوا یەك دەنگی و یەك هەلویستی پارت و ریکخراوە سیاسی‌یەکانی کورد؟!!

لە دێ بچوکەکەی جیهان و لە دنیای حکومەت و دەولەتی نەتەوەو مەدەنیەت و سیستەمی عیلمانی‌یەتدا، چ بیانوویەك بەدەست سەرکردەکانی شۆرشی نویوەیە، تا هەمان تاس و حەمامەکەی شۆرشەکانی جاران بیت؟ لە کاتیکدا دوژمنان، هەر ئەوانەی جارانن، بەلام بە جل و بەرگیکی جیاوازەوە. دیارە لە سەر گورنەوە گۆرانیکی چۆنایەتی لەمەسەلەکەدا هەیەو عەقلیەتی کورد گۆرانی بەسەردا هاتووە، بەلام تەکنیکی سیاسی ناوەندی بریارو جەخت کردنی لەسەر هەریم و حوکمی زاتی و فیدرال و حکومەتی ساواو داوای مافی کەلتووری‌و کارگیری، کە جیگەی دەولەتی کوردستانی مەلیك و کۆماری کوردستانی پیشەوای گرتۆتەوە و زەمەنەکانیان پیچەوانە بۆتەوە، جیگەی تیرامانە دەبێ ئەو ناوەندە، ئیمرۆ لە سیبەری دیموکراسی و مافی مرۆڤ و جاردانی گەردونیەکەیداو لەگەل روحی شارستانیەکان و دیالۆگی نەتەوەکان و زمانی دیبلۆماسیەت و خستنە پیشەوەی رەوایی مەسەلەکە و تیکۆشانیکی چروپر و هەمەلایەنە، هەموو ئەو داواو مافانە بەسەربەخۆیی و رزگاری یەکجاری بگۆریت و هەول بدات، ووشە پرسیارەکان لەسەر ئەو مەتەلە بەلابدات و شان بەشانی ئەو پارت و ریکخراوانەی ئەو دروشمەیان هەلگرتووەو کاری بۆ دەکەن، ئەمیش کاری بۆ بکات و لەگەل داوای

جەماوەردا یەکان گیربببیتەوە، ئەگەر ئەم دروشمە بە گفتارو کردار هەموو کورد هەولی بۆ بدات، گوشارەکە کەمتر دەبیتەوەو رووبەروو بوونەوەکەش لەئاستیکدا ئەوەستیت و زل هیزەکان تەسلیمی ئەمری واقعی نەتەوەیەکی یەك دەنگ دەبن، کە ژمارەی چل ملیونەو خاوەن زمان و فەرهەنگ ومیژوو وخاکیکی بەرفراوان و لیك نەپچراوە و خاوەن ژیاری و شارستانیەتە و گەورەترین نەتەوەی جیهانە کە سەربەخۆیی وەرنەگرتووە، خۆ کورد، لە باشوری سودان و بیابانی رۆژئاوا و باسك و یانزە ولاتی یەکیتی سۆڤیەتی جاران و شەش ولاتی یوگسلاڤیا و ئەریتریاو تایوان و تەیموری رۆژهەلات و چیچان و کۆسۆڤۆ و ئیرلەندە و فەلەستین بزاڤە سەربەخۆیی خوازەکانی‌تری جیهان، کەمتر نی‌یە! هەر چەندە هەریەکە لە ئەوان رەوش و باری سیاسی تایبەتی خۆیان هەیە و لەخەباتدا بەردەوامن، بەلام هەندیکیشیان بە سەربەخۆیی گەیشتبوون. ئەگەر بۆ مۆزەخانەی ئیسك و پروسکەکانمان و بۆ ئەرشیفی میژووە پرلە کارەساتەکەشمان بیت، کیانیکمان پیویستە، ئەو ژان و ئازارەبێ رەزاو زەبەلاحانەی تیا هەلگرین!!. چ جای ئەوەی باسی دەولەتی علمانی‌و مەدەنی بکریت! ئەگەر ئەم داوایەی خەلك لەلایەن بریار بەدەستی کوردەوە یاساخە، ئەی شۆرشی نوێ چ چەمك و پرۆسەیەکی نوێی هەیە؟ تا لە شۆرشەکانی پیش خۆی جیابکریتەوە، ئاین، ئەگەر جاران مەسەلەیەکی عادەتی و رۆحی جەماوەریی‌بوو، ئیستە بۆ کورد، کراوە بەمەسەلەیەکی سیاسی، سیاسیەك کە رابەرانی تەوژمی ئیسلامی کوردستان، باسی سەربەخۆیی کوردستانی تیداناکەن، جاران ئەگەر بیری هۆزایەتی و رەچەلەك پابەندی زەوی‌و کشت وکالبووە، ئیستە، هەر ئەو بیرەسەرخانییە لەگەل سەرمایەو بازاری کارو ئامرازەکانی‌دا زیاتر گورروژمیان سەندووە، جاران سەرباری ئاپاکی، شەری عەشیرەت و تیرەکان بەردەوام بوو، کەچی شەری ناوخۆی شۆرشی نوێ حەوت بەردی بەواندا کیشا، ئەگەر بەرهەمی رەنج، جاران بۆ مشەخۆرو دەرەبەگەکان بوو، ئیستە، سیستەمی سەرمایە،

بەمەگینەی درومانی کۆمپیوتەریی باشترین گیرفانی بۆ سەرمایەدارەکان دروست کردووە، ئەگەر گلەیی لە ئەو میرو شیخانە، دوورتر بڕۆین بە سەلاحەدینیشەوە، ئەوەبێت، کە بۆچی وەك تورك و فارس و عەرەب دەولەتی خۆیان دروست نەکردووە؟ ئەی ئیستە گلەیی لە کێ بکریت، کە ناوهینای سەربەخۆیی و جیابوونەوەو دروست کردنی دەولەت بڤەو کابە کەچ بوون بیت! نەك هەر ئەمەش، بەلکو شۆرشی نوێ نەیتوانیوە ریفراندۆمیك لە ناو جەماوەری کوردستاندا بکات و خۆی لە خالی سەرەتایی دیموکراسیەت، کە حوکم و مافی گەلە بدات. دەوترین ناوهینانی سەربەخۆیی مەترسیەکە زۆری بەدواوەیە و ریگەمان پێنادەن و لیمان ئەدریت و دژایەتی دەکریین و دەولەتانی ئیقلیم دەبنە دوژمنمان و دەولەتان لەگەڵماندانین و ... هتد! ئەوە فەرامۆش کراوە، کە شۆرش واتە یاخیبوون لە ناهەقی و چەوسانەوەو گۆران بەرەوپیشەوە و سووربوون لەسەر داوای زۆربەی خەلك، واتە رادیکالیەتی مەسەلە بنچینەیەکان.

ئەگەر کورد، چاوەروانی ئەوە بیت خەلك پیی بلی فەرموو سەربەخۆبە، هەرگیز ئەوە نابیت، پیویستە ئەم گەلەو شۆرشگیرەکانی ئەو کارە بکەن، کە هەرگیز قوربانیەکانی ئەو ئامانجە، ناگەنە زیانی کیمیاباران و ئەنفال و دەرپەراندن و تەعریب و تەتریك و جینۆسایدو خاپوورکردنی دیهاتەکان و نەخۆشیو مردن بە ئابلوقەی ئابووریو کارەساتی شەری ناوخۆ ... لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، خەبات بۆ سەربەخۆیی، قوربانی دەویت، ئەو سەربەخۆییە، کە لەقۆناغی شۆرشی رزگاری و دیموکراتیەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ پارچەیەکی کوردستان بیت، یان هەمووکوردستان بگریتەوە، ئیستا سەرباری دژایەتی کردنی، بەلام هەلیکی زیرینە، مەسەلەی کورد بۆتە مەسەلەیەکی سیاسی دەولی، بەشی زۆری کوردستان_ عیراق _ لە ژیردەستی کوردایە، یەك دەنگی نەتەوەی کورد هەموو دنیای شلەقاندووە، گرتنی بەریز ئۆجەلان و گەلە کۆمەکەی دەولی لە کوردو غەدر لی کردنی وویژدانی مرۆڤایەتی جولاندووە، باری دەولتی مەرکەزی عیراق لاوازەو رای دەولی لەگەڵ نەماوە، لە کۆنفرانسی ئەوروپاو نەتەوەییدا باسی کورد و مەسەلەکەی

لەبەرنامەی کاردایە، ئەورووپاو ئەمریکا بەرەو ناتەبایی دەچن و روسیاو رۆژهەڵات پێویستیان بە ناوچەی کورد هەیە، هەندێ لە وڵاتی عەرەب پشت گیریت دەکەن، ئەوە داوای دەیان ملیۆن کورد و ئازادیخوازی دنیایە، رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد بە هەموو دنیادا بڵاوبونەتەوە، کێشە ناوچەیی‌یەکان بەرەو تەقینەوە دەچن، بزوتنەوەکان و فەلەستین داوای دەوڵەت و جیابونەوەو سەربەخۆیی‌دەکەن، سۆدان لەوانەیە دان بە جیابونەوەی باشووردا بنێت، مەغریب بە بیابانی رۆژئاوادا ئەندەنوسیا بە تەیموری رۆژهەڵات و دەیان جێگەی تر. پێویستە کوردیش ئەو داوایە بەخەیاڵ و خەون نەزانێت و کاری بۆ بکات، ئەم کارە، کورد لە پیلانی دوژمنان دووردەخاتەوە، خاک و یەک ووشەیی‌و یەک هەڵویستی‌و یەک زمانی‌و یەک هەستی ئەم نەتەوەیە دەپارێزێت و وەڵامیکیش دەبێت بۆ هەموو نەخشەو پیلانە شوومەکانی رابردوو نوێ، لە دابەشکردنی کوردستان و تاڵان کردنی سامانەکەیدا. کوردیش لەم کارەیدا پاڵپشت و یارمەتی‌دەری بۆ پەیدادەبێت. دیارە جەماوەر سەربەخۆیی‌یەکیان گەرەکە، کەستەم و جەورو دەمارگیری بخاتەلاوەو مامەڵە لەگەڵ گیانی سەردەم و ئاشتی‌دا بکات، لە جیهانی شارستانی‌و دیموکراسی‌و دوور لە ئەفسانەو نەریتە گەندەڵەکان و لەگەڵ مافی مرۆڤدا مامەڵەبکات، گیانێک جەماوەری‌و لە پیناوی زۆربەی زۆری خەڵکدابێت، نەک گیانێکی حیزبی‌و خەتی سەرەوەی سیاسەت و دوور لە دادی کۆمەڵایەتی و نایەکسانی. ئەم داوایەش حەتمی‌یەتیکی مێژوویی‌یە، یاخی‌بونێکی پۆزەتیڤانەی جەسارەت داری دەوێت، هۆشیاری‌و عەقڵ‌و مەعریفەیەکی نەخشە بۆ کێشراوی دەوێت، تا پارت و سیاسیە رۆشنبیرەکان، لەگەڵ پاکژکردنەوەی حکومەت و شۆرش داو لەناوەندی بریادا بانگی حەقی لێبدەن، یان لە کۆنگرەیەکی هەمە لایەنەی دەولی کوردی کە زۆربەی رۆشنبیرە بەتواناکانی کورد بەشداری تیابکەن و لە ئەنجامی دیالۆگی دەسەڵات و نەتەوەو سەرکردەکانی دەوروبەری جیهان پێی لەسەر دابگرن و بریاری لەسەربدرێت، هەموو کارێکی رەسەن و چاک و پەسەندیش، ئەرک و شەکەت بوونی دەوێت.

# ئیمپریالیزمێتی مافی مرۆڤ

نووسینی: هوێر و شێرمەر*　　　و/ بۆ کوردی: نزار محەمەد

- 1 -

ماوەی نیو سەدەیە مافی مرۆڤ بۆ یەکەم جارە بوەتە بەشێك لە یاسای نێودەولەتی، بەلگە نامەی نەتەوەیەکگرتوەکان وای دادەنێت یەکی لە ئامانجەکانی هاریکاری نێودەولەتی‌یە لە پیناوی پەرەسەندن و قول کردنەوەی ریزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی‌یە بنچینەیی‌یەکانی بۆ هەمووان ئەویش بێ گوێدانە رەچەلەك و رەگەز و زمان و ئایین، بەم جۆرە ئەو سێ ماددەیەی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ کە لە سالی ١٩٤٨ دەرچووە، بە شێوەیەکی بەر فراوان ئامانجی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پیناوی پتەوکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنچینەییەکان بەرجەستە دەکات. هەروەها ریکەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و پاداشت نەکردنی ئەوانەی ئەنجامی دەدەن، کە لە هەمان سالدا دەرچووە پیشکەوتنیکی گەورەو خالی وەرچەرخان لە یاسای نێودەولەتی پیك دەهینیت، بە دەستهینانی ئەم دوو دەسکەوتە لە سەرەتای جەنگی سارددا دەگەریتەوە بۆ بەردەوام بوونی چری خەباتی دیموکراسی دژ بە فاشییەت و سەرکەوتنی هاوپەیمانی دژ بە هیتلەریەت لە جەنگی جیهانی دووەم دا.

لە دادگایەکانی نۆرمبرگ ئەو تاوانانەی خرابوونە پال سەرکردە نازی‌یەکان تەنیا تاوانەکانی جەنگ نەبوون بەلکو تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیش بوون، بەم جۆرە دان

---

* پرۆفیسۆر هۆیر: ئەندامی سەرکردایەتی پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی.

* پرۆفیسۆر شیرمر: یاساناسیکە لەگەل پرۆفیسۆر هۆیر کاردەکات.

پیانان بە مافەکانی مرۆڤ لە لایەن یاسای نێودەولەتی سەرکەوتنێکی سەقامگیر بوو بۆ ئەو هاوپەیمانیەتیە گەورەیەی دژ بە فاشیەت بوو، کە لەگەل سەرەتای جەنگی ساردا تارادەیەك پەرش و بلاو بۆوە، بەلام مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ئایدۆلۆژیەوە (هەرچەندە ئەمە دژی بنەمایەکە لە بنەماکانی یاسای نێودەولەتی) بوو بەچەکێکی کاریگەر لە جەنگی ساردا. پاشانیش لە سیستەمی بە جیهان بوونی و لیبرالی نوی دا بوو بە ئامرازێکی پروپاگەندەی بەهێز، جیاکردنەوە لە نێوان مافەکانی مرۆڤ لە ناو یاسای نێودەولەتی و لە ناو ئایدۆلۆژیای لیبرالی نوێ ئەو خالەیە کە لێرەدا لە سەری دەوەستین.

دەسکەوتێکی گەورەی تر کە پاش سالی ١٩٤٨ بەدیهات، بریتی بوو لە بەرقەرار بوونی پەیمانی نێودەولەتی بوو، بۆ مافەکانی سیاسی و مەدەنی‌یەکان، هەروەها پەیمانی نێودەولەتی بوو بۆ مافە ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری‌یەکان لە سالی ١٩٦٦ دا. لەگەل ئەوەی هەردوو پەیمانەکە پابەندبوونی یاساییان هەیە، بەلام میکانیزمی جێ‌بەجێ کردنیان ئێجگار لاوازبوو، دانانی بی چەندوچوونی مافەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری وەك بەشێك لەمافەکانی مرۆڤ لە یاسای نێودەولەتی دا دەسکەوتێکی مەزن بوون ، ئەم دەسکەوتانەش نیدانە کردنی ئایدۆلۆژیای لیبرالی نوێی توندرەو بەرجەستە دەکات ئەمەش سەرەرای ئەوەی کە مافە کۆمەلایەتی‌یەکان وا داریژراونەتەوە کە ئامانجی گشتی بن و قۆناغ بە قۆناغ دینە دی. هەردوو پەیمانەکە لە چوارچێوەی گەشەکردنی ئازادی‌یە مرۆڤایەتیەکان و گەشەسەندنی بزوتنەوە ئازادیخوازەکان بەرقەرار بوون، بەلام کاربەدەستە سیاسی‌یە نێودەولەتی‌یە پێشینەیی‌یەکان تا سالی ١٩٧٦ ئەم دوو پەیمانەیان مۆر نەکرد، ئەمریکا تا سالی ١٩٩٢ پەیمانی نێودەولەتی مافە سیاسی‌و مەدەنی‌یەکانی مۆر نەکرد. هەروەها تائیستا پەیوەست نەبووە بە پەیمانی نێودەولەتی بۆ مافە کۆمەلایەتی‌یەکان. مافە کانی مرۆڤ کە لەم دوو پەیمانەو ریکەوتننامە نێودەولەتی و ناوچەیی‌یەکانی تر جیگیر کراون ناگاتە



هەولێرنامەی کتێب

ئەوپەری ریکخستنی یاسایی بۆ گەشەدان بە رزگارکردنی مرۆڤایەتی. بەلام لەگەل ئەوەشدا جیهان دەبیت بە جیهانیکی تر ئەگەر مافە مرۆڤایەتیەکان هاتنە دی وەك ئەوەی کە لە ماددەی ١١ی پەیمانی نیودەولەتی دا هاتووە بۆ مافە ئابووریو کۆمەلایەتی و رۆشنبیریەکان کە (ماق دابین کردنی خۆراك و جل وبەرگ و نیشتەجێبوون و چاککردنی هەل و مەرجی ژیان لە خۆ دەگریت).

- 2 -

بەلام واقع شتیکی ترە، لە هەموو لایەکی جیهان دا خۆگیل کردن و پیشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ رۆژانە بەردەوامە. یەکیك لە هۆکانی نشووستی دەولەتە سۆسیالیستەکان لە ئۆروپا پشت گویخستن یان راستتر بلیین پیشیلکردنی ماق مرۆڤ بوو. ئەمرۆش دەبینین ئەو ولاتانەی کەخۆیان بە پاریزەری ماق مرۆڤ دادەنین وەك ئەلمانیا و ئەمریکا لە ولاتەکەی خۆیاندا گرنگی بە مافەکانی مرۆڤ نادەن، ئەوەتا لە ئەلمانیا پیشیلکاریەکی هەمەلایەن و بەردەوامی مافەکانی مرۆڤ لە ئارادایە، ئەمە رووبورووی نیشتەجێ بیگانەکانی دەرەوەی یەکیتی ئەورووپارو هاولاتیەکانی ئەلمانیای دیموکراسی پیشوو دەبیتەوە. برسیتیو هەژاری کەلە جیهانی سێیەم بەربلاوە پیشیل کردنیکی مافە بنچینەیەکانی مافی مرۆڤ پیك دینیت، تەنانەت لە رواندا بارودۆخی نامرۆڤایەتی گەیشتۆتە رادەی جینۆساید.

لە حالەتی پیشیل کردنی ئاشکرای مافی مرۆڤ پیویستە لەسەر دەولەتان بەناوی خۆهەلنەقورتاندن لە کاروباری ولاتانیتر وەك تەماشاکەر نەمیننەوە، بەلام ئەمە لایەنیکی چیرۆکەکەیە لایەنیکیتری بریتیە لە بەکارهینانی مافەکانی مرۆڤ بۆ مەرامی تایبەتی لەلایەن ولاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانی ئەتلەسی وەك ئامرازیك بۆ تیك وپیکدانی ئەو دەست کەوتانەی کە لە ولاتە سۆسیالیستەکاندا بەدەست هاتبوو، تا ئیستاش وەکو هۆکاریك بۆ دووپات کردنەوەی بەرژەوەندی خۆ سەپاندن بەرامبەر سەربەخۆیی دەولەتانی جیهانی سێیەم بەکاری دەهینن و،

لە تەکیشیدا هێزی سەربازی بە شێوەیەك کە روو لە زیادبووندایە دەخاتەگەڕ، ئەمە گۆڕانکاری‌یەکی ترسناکە دەتوانین ناوی لێ بنێین بە ئیمپریالیزمی مافی مرۆڤ.

هێنری کیسینجر لە کتێبەکەی کەبەناوی (عەقلی نەتەوەکان) ئەوە روون دەکاتەوە کە سەرۆکەکانی وەك نیکسۆن و فۆرد و کارتەر لە زمانی سیاسی‌یاندا (مافەکانی مرۆڤ)یان بە سوود بەخش دەزانی، بەڵام ریگن و راوێژکارەکانی هەنگاوێکی دوورتریان هاویشتبوو کە (مافەکانی مرۆڤ)یان وەك ئامرازێکی کاریگەر بۆ ویران کردنی (کۆمۆنیستی)و بە دیموکراتیکردنی یەکێتی سۆڤێت بەکارهێنا. بەڵام جۆن ئایدۆلۆژیای (مافی مرۆڤ) بەکارهێنرا بۆ ئەوەی سەدان ملیۆن کەس لە مافە کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌یەکانی بێ بەش بکرێن. ئەمەیان باسێکە پێویستی بە وورد بوونەوەی زیاترلەوەهەیە کە ئێستا باسکران.

- 3 -

ئەم شێوازە ئایدۆلۆژیەی خوارەوە لەپشت بەگرخستنی مافی مرۆڤ دەوەستێت

یەکەم : بواری یاسایی (حەق)و مافەکانی مرۆڤ لە رووی چەمکەوە جیادەکرێتەوە لە دەولەت و سیاسەت. سەرەرای ئەوەی کە حەق و یاسای نێودەولەتیشی لە تەکدابێت، بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی و دەست کەوتێکی خەباتە کۆمەڵایەتی‌یەکانەو، نابێت بە حەق تا ئەو کاتەی نەبێتە یاسایەك کە دەولەت دای دەرێژێت، ئەو کاتەش پلەیەکی دیاری‌کراو لەسەر بەخۆیی بەدەست دەهێنێت و ئەتوانێت رۆڵێکی کاریگەر لەناو کۆمەڵ و سیاسەتدا ببینێت کەخۆی لێوەی هەلقولاوە. بەڵام جیاکردنەوەی یاسا لە دەولەت و سیاسەت دەبێتە مایەی ئەوەی جۆرێك لە تەم و مژ باڵ بکێشێت بەسەری‌دا تا وای‌لێدێت کە وائەزانێت لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوار، مەسەلەی رەوایەتی دیموکراسی بۆ یاسا (لە ریگای خەباتە کۆمەڵایەتی‌یە مێژوویی‌یەکان) هەر وەکو بریاری دادگاکان خۆی لە خۆی‌دا رەوایەتی بەسەر خۆی‌دا ئەدات. ئەم تێروانینانە بۆ ماوەیەکی درێژ رۆڵێکی گرنگی

لەبیرکردنەوەی یاسایی ئەنگلۆ ـ ئەمریکی گیرا. ئەم جیاکردنەوە یاسایی‌یە لە دەولەت و سیاسەت لەیاسای نیو دەولەتی‌دا چاو لەتیهەلقورتانی سەربازی دەپۆشیت کە وەك کاردانەوەیەك بۆ کیشەکان بەکاردەهینریت، هەروەها دەبیتە مایەی ئەوەی کە بەپێی خواست و ئارەزوی یاسا دەربکریت و کۆمەلەی نیو دەولەتی و دەولەتانی لێدوور بخریتەوە، هەروەك ئیستا کەلە بۆسنادا هەیە.

دووەم : مافی مرۆڤ لە پرنسیپە کارەکانی یاسای نیودەولەتی جیادەکریتەوە. لەبری ئەوەش یاساکانی مافی مرۆڤ وەك جۆریك لە یاسای سروشتی دەخریتە روو، جۆریکی ئاشکرا لای هەلبژاردەیەك، بەم شیوەیە گرنگی‌دان بە پرنسیپەکارکەرەکانی لە بەلگەنامەکانی نەتەوە یەککرتووەکان لە رووی دەسەلاتی یەکسانی و خۆ تیهەلنەقورتاندن و هاوکاری نیو دەولەتی‌و قەدەغەکردنی بەکارهینانی توندو تیژی لاواز دەبیتەوە، بەلام ریزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ نایەتەدی تا ریز لەو پرنسیبانە نەگیرێ. بەلگەنامەکانی نەتەوە یەککرتووەکان مافی مرۆڤ لە چوارچیوەی هاوکاری نیوان دەولەتە ئەندامەکاندا دائەنیت، نەك لە چوارچیوەی روو بەروو بوونەوەدا. راگەیاندنی پرنسیپەکانی یاسای نیو دەولەتیش هەر وەکو لە کۆمەلی گشتی لە سالی ١٩٧٠ لەسەری ریکەوتوون، بریار لەسەر ئەوە دەدات بەرگری‌و ریزگرتنی جیهانیش بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادی‌یە سەرەکی‌یەکان بۆ هەموان، (هەروەها لابردنی هەموو جۆرە رەگەز پەرەستی‌و دەمارگیری ئاینی) دەبیت بچیتە ئەسۆتی هاوکاری نیودەولەتی.

لە رووخانی یەکیتی سۆڤیەتەوە و کۆتای هاتنی جەنگی سارد، زۆر هەل و مەرجی وا دروست بوو لە پیشیل کاری مافەکانی مرۆڤ لە وولاتانی تردا بەرامبەر ئەمەش وولاتە یەککرتووەکان و هاوپەیمانی ئەتلەسی هیزی سەربازی‌یان بەکارهینا (خۆتیهەلقورتاندنی مرۆڤایەتی‌یانە)، ئەمەش بەو بیانووەی کە ئەمە تەناها ریگایەکە بەدەستەوەمابیت بۆ پاراستنی ئاشتی‌و رزگارکردنی ژیانی خەلك.

بەڵام لە راستیدا ئەم توندو تیژی‌یە سەربازی‌یە شیوازیکی تەواو نەگونجاوە بۆ سەپاندنی مافەکانی مرۆڤ. ماددەی دووەم، لە برگەی چوارەمی بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەرەشە بەزەبری هیزو بەکارهینانی و پەیوەندی‌یە نیو دەولەتی‌یەکان حەرام دەکات، بۆیە دەتوانین بلیین ئەم هەرەشانە لەگەڵ مەرجەکانی بەڵگەنامەکەدا ناگونجیت لەمەوە (خۆتیهەڵقورتاندنی مرۆڤایەتی) پیشیل کاری‌یەکە بۆ یاسای نیو دەولەتی.

سێیەم : بەم شیوەیە یەکیتی مافی مرۆڤ وەك کۆمەلیك لەبەریەك هەڵدەوەشیتەوە بۆ دوو بەش، دابەش دەبیت بەم شیوەیە (سیاسی _ مەدەنی و ئابوری _ کۆمەڵایەتی). بەناو داکۆکی‌کەران لە مافی مرۆڤ تەنیا گرنگی بەلایەنی مافی سیاسی _ مەدەنی دەدەن، بەڵام مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان بەلایانەوە گرنگ نی‌یەو، لە واقیعدا بوونی ئەم جۆرە مافانەش رەت دەکەنەوە، بۆ نموونە بێکاری حالەتیکی کاتی‌نی‌یە بەلکو لە هەناوی سروشتی سەرمایەداری‌دایەو پیشیل کاری‌یەکی هەمیشەیی و ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ پیك دەهینیت. جوانەمەرگ بوونی ناوەختی ملیۆنەها مرۆڤ لە رووسیا (لەسایەی یەلسن ئەی گەرینمەوە بۆ سەرمایەداری) بەهۆی برسیتی‌و نەخۆشی‌و نائومیدی‌یەوە (کە ریکا بۆ خۆ بیهۆش کردن بە مەی و راهاتن لەسەر ماددە بێهۆش کەرەکان خۆشدەکات) ئەمانە بەتاوانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ دانانرین سەرەرای ئەوەی زۆر دڕندانە بەریوەدەچیت. هەموو مافیك لە مافەکانی مرۆڤ پەیوەندی‌یەکی ئالوگۆڕو وابەستەیی لەگەڵ مافیکی‌تردایە، ئەمەش ئەو گشت گیری‌یە پیك دەهینیت کەناکریت لە یەکتر جیابکریتەوە. مافە سیاسی‌و مەدەنی‌یەکان پیویستن و نابیت هیچ مەرجیکیان بۆ دابنریت و ناشکریت مافەکانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی بەجیگیرەوەیان بزانریت، ئەمە ئەو راستی‌یەیە کە دەبیت بەحەسرەتەوە لە وڵاتی خۆماندا فیری‌بین لە ئەلمانیای دیموکراتی، بەڵام ئیمە ئیستا لە ئەزمونیکدا تیدەپەرین کە ئازارەکانی لەمە کەمترنی‌یە، ئەم مافانە (سیاسی‌و مەدەنی) پیش

هەرشتێك لە بواری تیروانینێکی نموونەی خۆی دەبینێتەوە. هاوڵاتی‌یەکانی ئەلمانیای دیموکراتی پێشوو ئەم مافانە لە چوارچێوەی فراوان بوونی ئازادی‌دا هەست پێ دەکەن ئەمە کارێکی پەسەندە بەڵام دیاریکراوە چونکە ئەم مافە سیاسیانە بەدەستەبەرگرتنی مافە کۆمەڵایەتی‌یەکان پشتیوانیەکی تەواوی لێناکرێت. کلۆڵەکانی جیهان ئەمرۆ بریتین لە هەژار و برسی‌یەکان و دەربەدەرەکان و ئەو منداڵانەی کە حوکمی برسیتی‌و نەخۆشی‌یان بەسەردا دراوە، هەروەها ئەو ئافرەتانەی کەلە مافەکانی بێبەشکراون و پیرو پەککەوتە لەبیرکراوەکان کە لە سایەی نەداری‌دا ژیان بەسەردەبەن، ئەمانە هەموویان ئازادنین هەرچەندە مافی سیاسی‌و مەدەنی خۆیان هەیە، بە پێچەوانەی ئەمەیشەوە ئەو خەلکەی مافی کۆمەڵایەتی‌یان پارێزراوە بەڵام مافی سیاسی‌یان زەوت کراوە دیسان بە هیچ شێوەیەك ئازادنین.

چوارەم: ئەم کورتی‌یە لە مافی مرۆڤ دەبێتە بنەمایەك بۆ دەق گرتنی پێشیل کردنی مافەکانی مرۆڤ بێگوێپێدانی پێوەرە نێو دەوڵەتی‌یەکان. وە بە بێبوونی چەند بنەمایەکی جێگیرو نەگۆڕ لە یاسای نێودەوڵەتی هیچ دەست نیشانکردنێکی ئاشکرا بۆ چەمکی پێشیل کردنی مافەکانی مرۆڤ نامێنێت، بەلکو ئاماژە بۆ (بیرۆکەی) مافەکانی مرۆڤ دەکرێت، ئەمەش بەئاسانی وادەگات ئەو سیاسەتە ئابوری‌یە قبوڵ بکرێت کە پێی‌دەوترێت (چاکسازی بنچنەیی) کە لەبری مافەکانی مرۆڤەوە لەلایەن هەردوو رۆژنامەنووسی بەتوانای راگەیاندن رۆبرت مەردوخ و ئاڵوویلکەری ملیاردێر جۆرج سوروس داڕێژراوەتەوە. گەشەکردنی مافی مرۆڤ لە چەرخی رۆشنکەری ئۆروپی و خەبات لە پێناوی سەربەخۆی لەهەردوو ئەمەریکاو شۆڕشە بۆرژوایەکانی ئۆروپا هەموو رووداوی گەورەی مێژوویین، ئەوەی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ دا ناگونجێت ئەوەیە کەبکرێت بەکەرەستەیەك بۆ بڵاوکردنەوەی لیبرالی‌یەتی نوێ یان بە هۆکارێك بۆ بڵاوکردنەوەی بەفشارو توندو تیژی. پێویستە جیهانیتی مافی مرۆڤ وەك بەردەوامیتی

هاوکاری ئاشتی‌یانە تیبگەین، هەروەها وەك هەولیك ژ ئەوەی زۆرترین دەولەت ئەو ریکەوتننامانە مۆر بکەن کە ئیستا لەئارادایە، لەلایەکی‌ترەوە بۆ پیکهینانی ریکەوتننامەی نوێو بە جێگەیاندنی وابەستەیی‌یەکان، جیهانیەتی مافی مرۆڤ تەنها پرنسیپیکی رووتکراوە نی‌یە بەلکو وابەستەیە بە پیوانە هەست پیکراوەکان لە بەلگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و (ریکەوتننامەکانی تریش) ئەمەش بەنیسبەت ئەو وولاتانەی ئەم بەلگەنامانەیان مۆرکردووە.

- 4 -

جێبەجێکردن مافەکانی مرۆڤ بەرپرسیاری‌یەتیەکە وەك پیشان دەکەویتە ئەستۆی ئەو وولاتانەی کە پەیوەندی دارن، هیچ دەولەتیکیش مافی ئەوەی نی‌یە بەبیانوی سەروەری دەولەتەکەی یان بەبیانوی خۆهەلنەقورتاندن خۆی بدزیتەوە لەو وابەستەیی‌یە نیودەولەتەکانی بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ، ئەو دەولەتانەی‌تر کە بەلینیان داوە بە جێبەجێکردنی ئەو جۆرە پابەندبوونانەوە، نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەپێی دەست رۆیشتوویی و دەسەلاتی دەتوانیت داوا لەودەولەتە بکات ئەرکەکانی جێبەجێبکات، دەشتوانیت بۆ ئەم مەبەستە ئەو ریێو شوینانە بگریتەبەر کەلەسەری ریکەوتوون و یاسا نیودەولەتی‌یەکانی ریگەی پێدەدات، بەلام هیزی سەربازی لەو هەنگاوانەنی‌یە کە ریگەی پێ‌درابیت.

نەتەوە یەکگرتووەکان دەزگایەك نی‌یە لەسەر دەولەتەکانەوە کە خاوەنی پۆلیس و دەسەلاتی قەزایی بیت و ریگەی پی بدات بە شیوەیەکی لە خۆرا بەسەر وولاتاندا بالادەست بیت، ئەم دەسەلاتەش هەرگیز لەدەستی وولاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانی ئەتلەسی‌دانی‌یە.

بەلام دەولەتیك دەتوانیت چی‌بکات ئەگەر هاتوو هاوولاتیەکانی رووبەرووی مەترسی بۆوە بەهۆی پەشیوی بارودۆخی ناوخۆ لە دەولەتیکی‌تردا؟ ئایا ئەم دەولەتە خاوەنی مافی خۆیەتی، یاخود لەوانەیە ئەرکی سەرشانی‌بیت هاوولاتی‌یەکانی‌خۆی لەو مەترسانە رزگاربکات تەنانەت بەبەکارهینانی هیزی

هەواڵنامەی کتێب

سەربازیش بێت؟ ئارەزوو دەکەین لێرە رووداوێک بۆ خوێنەر بگێرینەوە کەلە هۆکانی راگەیاندن زۆر سەدای نەدابۆوە بەڵام ئەو ئاست تەنگیەی سەرەوەمان بۆ نمایش دەکات، لەو شێوە جەنگە ناوخۆیی‌یە کەلە ساڵی ١٩٩٧ لە ئەلبانیا روی‌دا، سەربازە ئەلمانیەکان بە هەلی کۆپتەر چونە ناو خاکی ئەلبانیاوە بۆ ئەوەی هاوڵاتی‌یە ئەلمانی‌و بیگانەکان بگوازنەوە، چەند دەستریژیکیش کرا کەس نەکوژراو کەسیش بریندارنەبوو بەڵام ئەمە تەنیا ریککەوت بوو، ئەلمانیا ئەم کارەی سەربەخۆ ئەنجام دا بێ‌هیچ رەزامەندی‌یەك لەلایەن حکومەتی ئەلبانیاوەو، هەروەها بەبێ هیچ بیرورا گۆرینەوەیەك نە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان نە لەگەڵ هاوپەیمانی ئەتلەسی، بیانووشیان بۆ ئەم هەلس و کەوتەیان هینایەوە کە رەنگە ئەمە رەفتاریکی ئاسایی‌بیت بۆ هەل و مەرجیکی وەك ئەو هەل و مەرجە، ئیستا سوپای ئەلمانیا بۆ ئەو جۆرە هەل ومەرجانە خۆی رادەهینریت. بەڵام ئایا ئەم جۆرە کارانە پاساویکی یاسایی یان ئەخلاقی و سیاسی‌هەیە؟ پیمان وانی‌یە.

ئەم کردەوانە پیشیل کاریەك بۆ یاسا نیودەولەتی‌یەکان پیك دەهینیت. لیرەدا تەنها دوو حالەتی تایبەت هەیە لە قەدەغەکردنی یەکجارەکی بۆ بەکارهینانی هیز لە بەلگە نامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە ریگای پی‌دراوە: مافی بەرگری لە خۆکردن لەکاتی دوژمنکاری‌یەکی‌چەکدارانەدا، یان ری‌و شوین گرتنی توندوتیژی زۆرەملی لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە ئەگەر لەوە دلنیابوو کە هەرەشە لە ئارادایە لەسەر ئاشتی یان کاریك لە کارەکانی دوژمنکارانە، ئەم دوو حالەتە تایبەتی‌یە هیچیان لە کارەسەربازی‌یەکەی ئەلمانیا لە ئەلبانیادا نەبوون، ئەمە کاریکی نا ئەخلاقیانەیە ئەگەر دەولەتیك لەسەرو یاساوە بەکاریك هەستیت و بەهیزی سەربازی بچیتە خاکی دەولەتیکی‌تر ئەویش بۆ رزگارکردنی هاوڵاتی‌یەکانی‌خۆی کە ژیانیان لە مەترسی‌دا ئینجا ئەم بیانووە راست بیت یان درۆ. کی‌بریار لەسەر بوونی ئەم جۆرە مەترسیانە دەدات یان نەبوونی چارەسەریکی‌تر بیجگە لەبەکارمینانی هیزی سەربازی بەولاوە؟ هەروەها

کێ دەتوانیت ڕێگە لەوە بگریت کە ئەم جۆرە چالاکیانە نەبنە هۆی ڕوودانی هەلگیرساندنی جەنگ؟

-5-

بەڵام کار چییە ئەگەر لە دەولەتیکی سەربەخۆدا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە پیشیل کارییەکانی مافی مرۆڤ پەرە بسینیت تا بگاتە ئاستی جینۆساید؟، بەداخەوە ڕیکەوتننامەی جینۆساد کە لە سالی ١٩٤٨دا مۆرکراوە ئەو ڕاسپاردانەی کەدەبیتە جێبەجێکردنی لەخۆ ناگریت، حالەتەکانی لەم جۆرەش تایبەتمەندیکی ناوە خۆیی نییە کە تەنیا تایبەت بیت بەو دەولەتە مەبەست دارە. ئایا نابیت کۆمەلگای نیودەولەتی بەزووترین کات و بەو پەری گورج و گۆلییەوە بەو کردەوەیەی کە لەتوانادایە تەنانەت بەشیوازی سەربازیش بیتە وەلام؟ بۆ وەلامی ئەم پرسیارە گرانە وا بۆی دەچین پیوویستە ئەم خالانەی خوارەوە بەهەند هەلبگیریت:

یەکەم: کێ خۆی لەو واقعە هەلبقورتینیت، لە کویش؟ وا باوەڕەوەی لەم جیهانەدا خۆی هەلئەقورتینێ بەهیزە نەك لاواز. ئەو هیزانەش بریتییە لە وولاتە یەکگرتووەکان، هاوپەیمانی ئەتلەسی، دەولەتە ڕۆژئاواییەکانیتر، تەنیا ئەمانەن کەلەباریکی سەربازیو ئابوریو داراییی ئەوتۆن کە بۆیان دەلویت ئەم جۆرەکردەوانە لەکەنداو یان لە سۆمالَ ئەنجام بدەن. لە کاتیکیشدا ئەگەر بریار لە ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەرچوو ئەوا هەر دەبێ لەلایەن دەولەتانی ڤیتۆ (ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا) خۆ تێ هەلقورتاندن دروست بیت، لە ڕاستیدا سیستمی نوێی جیهان لە کۆمەلیکی بچوك لە دەولەتان پیك دیت کە ڕۆلی پۆلیسی نیودەولەتی ئەبینن.

دووەم: ئەم خۆ تیهەلقورتاندنە دژی کێ ڕوودەدات؟ بێگومان دژی دەولەتە سەرمایەدارییە گەورەکان نابیت، هەروەها دژی ئەندامانی هاوپەیمانی ئەتلسیو ئەندامانی یەکیتی ئەوروپاش نابیت، بە دلنیایەوە دژی بەریتانیا لە باکوری

ئیرلەندە نی‌یە، لە چیچانیش دژی رووسیای لاواز بەڵام خاوەنی چەکی ئەتۆمی نابێت، دژی چینیش لە تبت نابێت، هەروەها دژی وولاتەیەکگرتووەکانیش نابێت لە چەقی باشوری لۆس ئەنجلوس. ئەوەی وەك ئامانجێك بۆ خۆتێ هەلقورتاندن ئەمێنیتەوە تەنیا کۆمەلێك دەولەتی لاوازە کە خواو هاوپەیمانەکان دەستیان لێبەرداوە، تەنانەت لەناو ئەم لاوازانەش دا دەولەتی لاوازتر هەلدەبژێریت، پاشانیش بەرژەوەندی سیاسی نەك توندی پێشێلکاری‌یەکانی مافی مرۆڤ بریاردەدات لە کوێ و لە چ کاتێکدا تۆپە قورسەکان دامەزرێنن.

سێ‌هەم: ئەو هۆیانە چین کە بیانوو دەدەن بەدەستەوە بۆ خۆتێهەلقورتاندن وکێ‌بریاردەدات کە لە هەموو حالەتێکدا ئەم هۆیانە لەئارادابن؟ لە یاسای نێودەولەتی هیچ پێو دانگێك بۆ دیاری‌کردنی ئەم هۆیانەنی‌یە. ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت بریاری گرتنەبەری کاری سەربازی بدات کاتێك ئاشتی بکەوێتە مەترسی‌یەوە یان پێشێل بکرێت (مادەی ٣٩ لە بەلگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ). بەڵام لە ژێر چ هەل و مەرجێکدا پێشێلی مافەکانی مرۆڤ دەتوانرێت لەهەمان کاتدا وەك پێشێل یان هەرەشە کردن لەسەر ئاشتی دابنرێت؟ ئەم بریارێکی سیاسی رووتە ئەنجوومەنی ئاسایش دەیدات، ئەمەش بەدەست ئەو پێنج دەولەتەیە کە مافی ڤیتۆیان هەیە. پێوەری دیاری‌کراونی‌یە، هۆیەکانی خۆتێهەلقورتاندنی سەربازی ئەو کەسانە دیاری‌دەکەن کە بەشداردەبن لە خۆتێهەلقورتاندنەکە، بەداخەوە لەبەرنەبوونی پێوەری دیاری‌کراو بەناوی مافی مرۆڤەوە دەرگا لەبەردەم کاری دایلۆسینەرانەدا دەکاتەوە لە زۆر کاتیشدا لە بەردەم چالاکی‌یە ئیمپریالیستی‌یەکان و لە ژێر هەمان پەردەی مافی مرۆڤ.

چوارەم: لە سوودی کێ و بۆ بەرژەوەندی کێ خۆتێهەلقورتاندنی سەربازی روودەدات؟ ئامانەوێت نکولی لەوە بکەین کە خۆتێهەلقورتاندنە سەربازی‌یەکان وەك یەکێتی سۆڤیت لە ئەفغانستان و ڤیتنام و لە کومبۆدیای

پۆلپۆت، یان وولاتەیەکگرتووەکان لە سۆماڵ رەنگە ژیانی خەلکی رزگارکردبێت یان رەنگە لەبەرژەوەندی ئەوانەدا بووبێت کە هەرەشەی برسیتیو تۆقاندنیان لەسەر بووبێت. بەڵام لە هەموو ئەم حالەتانە وەك لە حالەتەکانی تریشدا ئیجابیاتی ئەم خۆتێهەلقورتاندنانە دیاریدەیەکی ناسەرەکی‌یە لەچاو بەرژەوەندی‌یە تایبەتی‌یەکانی لە فراوانکردنی هێزو سیاسەتی سەربازی دەولەتانداو فراوانکردنی بواری دەسەلاتی ئابووریان، وە هەر شتێکی‌تر.

- 6 -

رەتکردنەوەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی وەك هۆکارێك بۆ سەپاندنی مافەکانی مرۆڤ بەمانای دوورخستنەوەی هەموو جۆرە رێگایەکی‌تر نایەت.

لە یاسای نێودەولەتی دا هەندێك چارەسازی (ئاشتیانە) هەیە، (هەنگاوی دیبلۆماسی، سزای ئابووری، کەنارگیرکردنی سیاسی لە رێکخراوە نێودەولەتی‌یەکاندا)و، وەك نموونەیەکی کەمێك سەرکەوتووی ئەورێو شوێنە کەبەدەست هات دەتوانرێت ئەو هەلمەتە جیهانی‌یە کە لەشەست و حەفتاکاندا لە دژی وەلاتانی رەگەز پەرستی لە ئەفریقیای باشور وەرگیراوە دابنرێت، هەروەها ئەو رێو شوێنە ئاشتیانەیەی کە هێشتا مابوویان بەتەواوەتی کۆتاییان پێ‌بێت پێش ئەوەی پەنابیرێتە بەرچەك. ئێمە هەست بەوە دەکەین کە ئەم کاردانەوە ئاشتیانەیە چی‌لی‌نەکەوێتەوە، چونکە تەنیا لەبەرئەوە بەکارناهێنرێت کە (ئاشتیانەیە)، بەلکو لەبەرئەوەش کەوا مل کەچی سیاسەتی هێزە، وەزۆربەی کات دژی ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێت کە پێویستە مافەکانیان بپارێزرێت، ئەویش لەبری ئەوەی لە دژی ئەو خاوەن دەسەلاتدارانە بخرێتەگەر کە رێز لەو مافانە ناگرن، زۆر کاتیش بە شێوەیەکی لە خۆوە و ئارەزوو مەندانە بەکاردەهێنرێت، سەرەرای هەموو ئەمانەش شێوازە ناسەربازی‌یەکان زیاتر مرۆڤانەترن لەو جەنگانەی کە بەناوی مافی مرۆڤەوە بەرپادەکرێن.

هەندیك جار پشت بەهیواکان دەبەستریت بۆ دامەزراندنی دادگایەکی سزایی نیودەولەتی کە ئامرازەکانی لە دادگای چینایەتی نیودەولەتی پیك هاتبن. ئەم دادگایەش بەپێی چەند پیوەریك کەلەسەری ریککەوتبوون لە یاسای نیودەولەتی دا فەرمان بدات بەسەر کیشەی پیشیل کردنی درندانەی مافەکانی مرۆڤ دا. حوکمیش بەسەر تاوانباران بدات، ئیمە لە رووی مەبدەئیەوە نامانەویت ئەم کارانە رەت بکەینەوە بەلام گومانکردن زۆریش پیوویستە. رەنگە لەسەر پیناسەیەك بۆ تاوانەکانی مافی مرۆڤ و ئەو پیوەرانەی بۆی دەگونجین بۆ دیاریکردنی توانای دادگایی یەکان ریککەوتنیك رووبدات، بەلام رەنگ نی یە دەولەتانی جیهانی ئەمرۆمان لەسەر ئەوە ریك بکەون کە فەرمانیکی جیهانی بۆ دەستگیرکردنی بەرپرسیاریکی خۆیان لە چوارچیوەی سنوورەکەی خۆیان جێبەجێ بکەن یان رازی بن بەرپرسیاریکی خۆیان بدەنە دەست دەسەلاتداریتی نیودەولەتی بۆ دادگاییکردن و سزادانیان.

ئەو دوو دادگایەی کە تایبەتە بەو تاوانانەی کەلە یۆغۆسلافیا و رواندا دا ئەنجام دران مژدەبەخش نین بۆ هاتنە کایەی دادگایەکی دادپەروەری نیودەولەتی. هەر دوو دادگاکە بۆ حالەتی دەولەتیکی لاواز درووست بوون، ئەمەش پیشیلکاریەکە بۆ پرنسیپەکانی یەکسانی لە نیودەولەتاندا، هەولدانی لیپرسینەوە لەبەر پرسیارانی ئەمەریکی لە ڤیتنام و یەلسن و دارو دەستەکەی کەبەر پرسیارن لە چیچان تەقەلایەکی بێسوودە، ئەو شیوازە توند و تیژیەی کەلە بۆسنە لە ریگای سەربازەکانی ناتۆ لە دژی هاوولاتیە سربەکان ئەنجام دراو بووە مایەی کوژرانی یەکیکیان لە وولاتەکەی خۆی و بەبێ رەزامەندیتی دەسەلاتداریتی رەسمی کاریکەپیوویستە پەیرەوی لێ نەکریت و پەسەند نەکریت.

تاقیکردنەوە دەری خست هەروەك چۆن ئەمرۆش کارەکان بەو شیوەیەن کە پیکهینانی یاسایەکی سزایی نیودەولەتی یان کاری نەکردەیە یان دەبیتە ئامرازیك بۆ سیاسەتی ئیمپریالیستی. لە سایەی ئەم هەل و مەرجەشدا کە

دەسەڵاتی تاکهیزی مەزن بەرکەماڵەو دەسەڵاتی لیبراڵی یە نوێکەی بەسەر هەموو جیهانەوەیە، ناکرێ هەروا بەئاسانی دادگایەکیوا بیتە ئاراوە کە رەوایی یەتی یەکی نیودەولەتی هەبیت و بەسەر هەموو دەولەت و گەلیك دا تیپەریت، ئەویش لە چەشنیدادگایی یەکەی نۆرمبرگ بیت.

- 7 -

لەگەڵ ئەو دیدە رەخنەییو رەش بینی یەدا، کیشەکە هەروا دەمینیتەوە چۆن دەتوانریت لەم جیهانەدا هەل ومەرجیکیوا برەخسیت لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ دا تەبابیت، ئەگەر دان بەوەدا بنیین کە هۆی پیشیلکاری یەکانی مافی مرۆڤ لەناو پەیوەندی یە کۆمەلایەتی یە سنور بەندەکاندا خۆی مەلاس داوە کە پیرۆزترین ئامانجی بەدەست کەوتنی قازانج بووە لە کالای کاری مرۆڤداو دەست خستنی کەلەکەبوونی سەرمایە لەناوەندە ئیمپریالیی یەکاندا، ئەوا چارەسەریش دەبیت لە خەبات کردن بیت لەدژی ئەو پەیوەندی یانە.

لەسەر ئاستی جیهانی ئەم خەباتە لە پیناوی پەیوەندی ئاشتیانەو یەکسانی یە لە نیو هەموو دەولەتاندا، گەورەبیت یان بچووك، بەهیزبیت یات لاواز، هەر ئەمەیە ریگەی ئاشتیو چەك دامالین، ریگەی دلنیابوون لە گەشەسەندنی ئابوری سەربەخۆ، دلنیابوون لە بارو دۆخی ژیانی مرۆڤایەتی لە جیهانی سێهەم و پاراستنی ژینگەی سروشتی.

گوزارشت لەنەوەیەکی نوێی مافەکانی مرۆڤ هاتە ئاراوە کە مۆرکی تاکیتیو کۆمەلی پیوەیە: مافی ئاشتیو گەشەسەندن لە ژینگەیەکی پاریزراودا. بەم جۆرە کیشەی مافەکانی مرۆڤ دیسان ئەو تەوەرە ئاشکرادەکات کەلە میانەی رەوەندی بەکارهینانی مافەکانی مرۆڤ بۆ مەبەستی سیاسەتی ئەمریکی بزربووبوو. بەلام بۆ هاتنەدی ئەم مافانە پیویستە ئەم رێ شوینانەی بگریتەبەر: دیموکراتیزەکردنی پەیوەندی یە نیودەولەتی یەکان تا پلەیەکی گەورە، کەم کردنەوەی دەسەلاتی

کۆمپانیافره نەتەوەکان و سەرمایەداری مالی، زیاترکردنی کاریگەری و رۆلی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ریگای چاکسازی‌یەکی دیموکراتی‌یانەیە تیایدا، بەوپی یەی ناوەندیکە بۆ هاوکاری لە پیناوی چارەسەری کیشەکان بەبەخشینی جیگەیەکی دیار بۆ مافەکانی مرۆڤ. سیستەمیکی جیهانی بەو جۆرەش، کە بەراستی نوێیە، پیویستە پشتیوانی لە دەسەلاتی یاسا بکات لەبری‌ئەوەی ماف بۆ بەهیزەکان بیت، هەروەها پیویستە بەکارهینانی‌یاسای نیودەولەتی و مافەکانی مرۆڤ وەك ئامرازیکی گالتەجاری بەدەست زل هیزەکانەوە رابگیریت، بەلکو دەبیت یەك پیوەریشیان لەگەل هیزی دەولەتدا هەبیت.

ئایا ئەمە بیریکی تۆباوی‌یە بۆ یاسای نیودەولەتی؟ پیویستە هەولی گۆرینی جیهان بدریت هەتا ئەگەر روون نەبیت کە سەرکەوتن مسۆگەر دەکات، ئەلتەرناتیفی ئەمە بەربەری‌یەتە، یان (قۆناغیك لەسەر هەمان ریگا) دیکتاتۆریەتی جیهانگیری ولاتە یکگرتووەکانی ئەمریکا و شەریکەکانی. لەم دیکتاتۆریەتەیشەوە بریار بۆ سەپاندنی مافی مرۆڤ دەدریت یان چاو لە پیشیلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە واشنتۆن دەپۆشریت، هەروەك ئەمرۆ ئەیبینین، بەو پییەی کە بگونجیت لەگەل بەرهەم هینانەوەی (سیستەمی نوێ)ی ئیستا. ئەمەش کۆتایی دوا ویستگەیە بۆ رووت کردنەوەی مافەکانی مرۆڤ، بۆ ئیمپریالیزمێ مافی مرۆڤ. ئەگەر چیش ئەمە وەك دەردەکەویت کە ریگرە بۆ هەولەکان، بەلام لەگەل ئەوەشدا پیویستە هەول بدریت بۆ ئەوەی ئەو یاسا ساکارانەی ئەخلاق و دادپەروەری کە پەیوەندی نیوان تاکەکان بەریوەدەبەن ببنە ریسای پیرۆز لە پەیوەندی نیوان نەتەوەکاندا. (کارل مارکس لە ئاخافتنی کردنەوەی نیو نەتەوەیی یەکەم).

وەرگیرانی بۆ عەرەبی/ صادق البلادی Monthly Review لە ژمارەی ئاداری ١٩٩٨.

سەرچاوە / (الثقافة الجدیدة) ژمارە ٢٨٦

# کوردو بنەچەی کورد

ن/ ئەحمەد باوەر/ م. پەیمانگای تەکنیکی کەلار

کوردان شان بەشانی گەلان و نەتەوەکانی وەك عەرەب، تورك، فارس [1] وبلوچ بەیەکێك لە نەتەوە رەسەنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست یان خۆرئاوای کیشوەری ئاسیا دادەنرێ و، لەناوەراستی هەزارەی دووەمی(پ.ز)[2] ەوە، لەناوەندی ئاسیاوە بەرەو وڵاتی کوردستان بونەتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی تائیستاو بەتەواوی لیکۆڵینەوەی گونجاو لەم بارەیەوە. نەهاتۆتەدی و لایەنە شاراوەکانی بەتەواوی روون نەکراوەتەوە. بۆیە زۆر گومانی جۆربەجۆر لەسەر بنەماو رەسەنایەتی هاتۆتە گۆری. رایەکی تریش لەم بارەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەخا. ئەو ئاریاییانەی لە هەزارەی سیهەمی (پ.ز) لە باشوری رووسیاوە بۆ خۆرئاوای ئاسیا کۆچیان کردووە. گەلیکیان بەرەو ئەوروپاو وڵاتی هیند بونەتەوە. ئەو برەشیان کە لە ئیرانی ئەمرۆدا گیرساونەتەوە بوون بە دوو ریچکەوە: ئەوانەیان لە دەشتەکانی ئیران نیشتەجیبوون بەناوی ( پارس )[3] ەوە، ناو شورەتیان رۆیشتووە. ئەوانەشیان لەسەر بنەمای کۆچەری مانەوە لە چیاکانی زاگرۆزو ئارارات دا. لە دوایدا دەولەتی (ماد)یان پیك هینا. هەر کە فارسەکانیش پەرەیان سەند. دەولەتیکیان بەناوی (هەخامەنشی)ەوە پیك هیناو: دەولتی مادیان لە سالی ٥٥٠ی پ.ز رووخاند[4]. ئەمەش بەتەواوی ئەوەمان بۆ ئەسەلمینی: فارسەکان ئەچنەوەسەر هەخامەنشی یەکان و کوردانیش ئەچنەوەسەر ماد[5]. هەندیك لە میژوو نوسان و تویژەرانی بواری رۆژهەڵات ناسی و کورد ناسی وای بۆ دەچن کوردان دەچنەوە سەر رەگەزی سامی یەکان و هەندێ بەتورك و فارسەکانیش [6] لەبەرئەوەی تارادەیەك نزیك بوونەوەیە لە نیوان زمانی کوردی فارسیدا هەیە. بەبنەچە دەگەرینەوە سەرفارسەکان و راستی و دروستی تیگەی کوردو کوردستان ناوەرۆوەدەکەنەوە، هەریەکەو بە خواستی خۆی لیکیدەداتەوە. بەڵام بەپیی ئەو

لێکۆڵینەوە زانستی‌و هەوڵە جۆربەجۆرانەی لە بواری مێژووی کۆندا دراون. بەتەواوی ئەوەیان سەلماندووە کەگەلی‌کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیەو بنەچەشی دەگەڕیتەوە بۆ سەر ئەو خیلە نیشتەجێبوانەی کە لەدیر زەمانەوە لەچیاکانی زاگرۆس دا ژیاون بەتایبەتی گۆتی، لۆلۆیی، کاشی، میتانی‌و میدی‌یەکانی باپیرەگەورەی کوردان لەسەر دەمەکانی کۆنداو لەگەڵ نەتەوەکانی تری (هیندۆ ـ ئەوروپی‌یەکان) لە مەلبەندو ناوچە شاخاویەکانی چیای زاگرۆس گیرساونەتەوەو، دەستیان بە ژیاری‌و شارستانیتی خۆیان کردووە هەندیك پییان وایە لە هەزارەی دووەمی (پ.ن) وە یاهەزارەی سیهەمی (پ.ن)ەوە سەریان هەلدابێ.

کەچی سەرچاوە مێژوویەکانی ئەکەدیی‌یەکانیش وای دەردەخەن کە لۆلۆیی‌یەکان و ئەکەدیەکان نزیکەی ٢٠٠٠ ساڵ (پ.ن) پەیوەندی‌یان لەگەڵ یەکدا پەیداکردووەو لەکاروباری فەرمانرەوایشیاندا بەشدار بوون[٨].

سەبارەت بەناوەکەشی واتە کورد:ـ تائیستا گەلی راو بۆچونی هەمەجۆر لەم بارەیەوە هەیە (درایڤەر) وای بۆ دەچێ[٩]. کۆنترین ناوهینان لەبارەی گەلی کوردەوە لەسەر ئەو کەڤالە (الالواح) قورینانەی سۆمەریەکان دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی دەگەڕیتەوە بۆ هەزارەی سیهەمی (پ.ن) وەك واژەی (زەوی‌کاردا) یا (قاردا). (Land fo Kar-da or qar-da) بەشیکی کەشی لە مێژووناسانی کۆن دەیگەڕیننەوە سەرو شەیا زاراوەی‌کاردۆچی (Karduchi) یا کۆردۆچی[١٠]. زەینەفونی یونانی لە کتیبەکەیدا (ئاناباسیس) باسی لیوەکردووە. هیواش هەیە دەیبەنەوە سەر کۆرتی‌یەکانی نزیك دەریاچەی (ورمێ)ی کوردستانی رۆژهەلات (ئیران) زەینەفون لەهەمان سەرچاوەدا و لەسالی ٤٠١ (پ.ن) باسی زیرەکی ئەو (کۆردۆخیان)ەی کردوە کەرووبەرووی دەهەزار سەربازەکەی یۆنان بونەتەوە لەکاتی گەرانەوەیاندا لە (شەری کۆناکسا) لە وولاتی ئیرانەوە[١١]. بەرەو یۆنان و لەم سەرو بەندەشدا شاری کاردۆ ناوی (ئۆرنتاس)بوو[١٢]. گەلیك بۆ چوونی‌تریش بەتەواوی ئەوەمان بۆ ئەسەلمینن کە کوردانی ئەمرۆ سەر بە نەوەی (میدی‌یەکان)ن و، مێژووشیان بەروونی لەدەست بەسەراگرتنی (نەینەوا)ەوە سەرچاوە ئەگرێ کەلە سالی ٦١٢

(پ.ز) (کەی ئەخسار Cyaxares) کەی خەسرەوی شای بەناوبانگی ماد دەسەڵاتدارەکانی سەکاکان راپێچ دەکاو دوابەدوای ئەوە هێرش دەباتە سەر ئاشوور[١٣]،دەیخاتەژێر رکێفی خۆیەوە. لەم سەردەمەشدا واتە سەدەی حەوتەمی (پ.ز). پایتەختی دەوڵەتی ماد شاری (ئەکبەتان)[١٤] واتە (هەمەدان)ی ئەمڕۆبووە. تەنانەت لیرە بە دوواوە هێندە دەسەڵاتیان بڕەوی سەندوە نابو نائیدی دەسەڵاتداری بابل نوێنەرانی نەجیب زادەی مادی بەپاشا ناوبردووە[١٥]. کەچی مەسەلەی فشاری قەڵەم ڕەوانی دەوروبەرو، دووبەرەکایەتی ناوخۆیان لەسەر دەسەڵات زیاتر ڕێگەی بۆ ئەوە خۆش کردووە. کە دەوڵەتی مادی کورد. لەساڵی ٥٥٠ (پ.ز) لەناوبچێو وڵاتەکەیان بکەوێتە ژێر ڕکێفی (فارسی)ی ئەخمینیەوە خۆ ئەگەر زیاتر لە سەرچاوە یۆنانیەکان وردبینەوە. دەبینین هەندێ جار (کوردستان)یان بەکاردۆچیا (Kardocilha) ناو بردووە، یۆنان و ڕۆمانەکان پێکەوە بە کوردوئێن (Corduene) یا گوردیایا (Gordiaea) ناوزەدیان کردووە[١٦]. سەرچاوە سریانیەکانیش (کاردۆ)یا (قاردۆ) یان پێ وتووە[١٧]،سنورەکەشیان وادیاری کردووە کە ئەرمینیا بکەوێتە لای باکوریەوەو ڕووباری (فورات)لای خۆرئاوای، بیابانی عەرەب لای باشوری،و، مێرنشینی میدیای کۆنیش بکەوێتە لای ڕۆژهەڵاتیەوە[١٨].بۆ زیاتر جەخت کردنش لەسەر ئەو ڕایەی کە میدیەکان باپیری گەورەی کوردبن. ئەوا ڕۆژهەڵات ناسی رووسی ڤلادمیرمینۆرسکی نوسیویە:((کوردان لەنەوەی ئەو میدیانەن کەلە باشوری خۆرئاوای دەریای(قەزوین)ەوە کۆچیان کردووە بەرەو کوردستان. لەهەزارەی یەکەمی (پ.ز)دا. دوایی لەباکوری وڵاتی نێوان دووئاواندا (بلاد مابین النهرین) گیرساونەتەوە)). زانای کورد (توفیق وەهبی)یش بەتەواوی داکۆکی لەم ڕایەدەکاو، کورد دەباتەوە سەر میدییەکان و ئەڵێ: کوردانی ئەمڕۆ نەوەی میدییەکانن[١٩].هەروەها وڵاتی (کۆردۆئێن یا کوردونیا) لەلایەن جوگرافی ناسی یونانی(سترابون)ەوە لەماوەی دە سەدەی یەکەمی (پ.ز)دا ناوەکەی لە کتێبە جوگرافیەکەیدا تۆمار کردووە بەشارە گرنگەکانی ئەو کاتەشیەوە وەك (ساریسا،

ساتالکا، بیناکا) کە کەوتبونە کەنارەکانی رووباری (دیجلە) ی ئێستا[٢٠]. هەریەك لەمانەش کەناومان بردن. هەموو نزیکن لەگەڵ ئەو ناوی(کوردستان)ەی کەبۆ یەکەم جار لەلایەن سەلجوقیەکانەوەو لەسەدەی دوانزەیەمی زاینی‌دا بەسەریا براوە. مستەوفی قەزوینی سنوری ئەم کوردستانەی وادیاری کردووە کە بکەویتە نیوان عیراقی عەرەب و خۆرستان (ئەهوان)و عیراقی عەجەم لەگەڵ ئەزەربیجان و دیاربەکردا[٢١]. سەرەرای ئەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن گەلی بۆچونی گەورەو سەلمێنراوەهەن بونی کورد و شارستانیتی کورد وەك گەلیکی خاوەن ژیاری کۆن ئەسەلمینن: لەوانە هەموو ئەو شارو مەلبەندە دیرینانەی تائیستا ماونەتەوە. ئەو شوینەوارو بابەتە کۆنینانەی بەتەواوی دەستی بەدوودا گەران و پشکنین و لیکۆلینەوەی (ئەرکۆلۆژی) یان پێ‌نەگەیشتووە، بەوردی لییان نەکۆلراوەتەوە وەك ئەشکەوتی شانیدەری باشوری چیاکانی برادۆست، هەزارمیردی نزیك بە شاری سلیمانی، زەرزی بەرامبەر بە شارۆچکەی سورداش، گوندی کشتوکالی چەرموو یا جەرمۆی دەوروبەری چەم چەماڵ، کەتەمەنی ئاوەدانی‌و نیشتەجێ‌بوون بەپێی سەرچاوە میژوویەکان لەوتەوەرەدا ئەگەریتەوە بۆ نزیکە (٧٠٠٠)حەوت هەزار ساڵ (پ.ز)، جگە لەدەربەندی گاوری لای قەرەداغ و هەموو ئەو شوینەوارو پاشماوە گرنگانەی دەکەونە کوردستانی رۆژهەلات (ئیران)و، باکورەو (تورکیا)پارچەکانی تری کوردستانی داگیرکراوەوە، کەهەر یەکەو بۆ خۆیان و بەپێی هەل و مەرجی میژوویی‌یان پیویستی تەواویان بە لیکۆلینەوەو لێوردبوونەوەیەکی ئەوتۆ هەیە. کەهەموو لایەنە شاراوەکانی میژووی کوردو گەلی کوردستانمان بۆ یەکلایی بکاتەوە.

**پەراویزو سەرچاوەکان:**

١_ الدکتور جمال رشید احمد، الدکتور فوزی رشید، تاریخ الکرد القدیم، اربیل ١٩٩٠، ص ٧

٢_ الدكتور دولت احمد صادق، الدكتور محمد السيد غلاب، الدكتور جمال الدين الديناصوري، الجغرافيه السياسيه، مكتبه الانجلو المصريه، القاهره ١٩٧٥، ص ٤٤٩

٣_ صديق بۆرەكەيى (صفىزادە) ميژووى ويژەى كورد، بەرگى يەكەم، تەوريز ١٣٧٠ى‌هەتاوى، ل ٥

٤_ صفىزادە، سەرچاوەى پيشوو، ل ٥

٥_ الدكتور عبدالرحمن قاسملو، كردستان و الاكراد، بيروت ١٩٧٠، ص ٣٩

٦_ قاسملو، المصدر السابق، ص ٤٠

٧_ نفس المصدر، ص ٤٠

٨_ نفس المصدر، ص ٤٠

٩_ ج . ر . درايڤر، الكرد في المصادر القديمه، ترجمه فواد حمه خورشيد، بغداد ١٩٨٦، ص ١٣

١٠_ ج. ر. درايڤر، المصدر السابق، ص ١٢_١٤

١١_ الدكتور جمال رشيد أحمد، دراسات كرديه في بلاد سوبارتو، بغداد ١٩٨٤، ص ١٨

١٢_ دكتور حسين خەليقى، كۆمەڵناسى كوردەوارى، بەرگى يەكەم، بەغداد ١٩٩٢، ل ٤١

١٣_ خەليقى، سەرچاوەى پيشوو، ل ٤٣

١٤_ توفيق وهبى، اصل الاكراد ولغتهم، المجمع العلمى الكردى، مجلد الثانى ١٩٧٤، ص ١٦

١٥_ قاسملو، كردستان و اكراد، ص ٤١

١٦_ درايڤر، المصدر السابق، ص ٣١

١٧_ المصدر السابق، ص ٣١

١٨_ المصدر السابق، ص ٣١

١٩_ توفيق وهبى، المصدر السابق ص ١

٢٠_ محمد امين زكى، خلاصه تاريخ الكرد و الكردستان من اقدم العصور التاريخيه، حتى الان، الجزء الأول، ترجمه محمد على عونى ١٩٦١، ص ٤٠

٢١_ درايڤر، المصدر السابق، ص ٤٤

هەواڵنامەی کتێب

# له تكریته‌وه ...... بۆ كوێت

## به‌شی یه‌كه‌م/ ( بارمته گرتن )

ن/ جوودیت میلر و لوری میل روا *   و/ له فارسی‌یه‌وه بۆ كوردی: م: سالح محه‌مه‌د



ئه‌مه ناوی ئه‌و كتێبه‌یه كه نووسه‌یكی ئیرانی له ئینگلیزی‌یه‌وه سالی ١٩٩٢ وه‌ریگێراوه‌ته سه‌ر فارسی له نووسینی دوو نووسه‌ری ئه‌مریكی به‌ناوی (جوودیت میلر_لوری میل روا) یه كه له سالی ١٩٩٠ نوسیویانه.

ژیانی سه‌ره‌ك كۆماری عیراق هه‌ر له منالی‌یه‌وه تا ئه‌و كاته‌ی هێرش ئه‌كاته سه‌ر كوێت شی‌ی‌ده‌كه‌نه‌وه. ده‌یانه‌وێت وه‌ڵامی ئه‌م پرسیارانه بده‌نه‌وه:

١_ ده‌بێت گوناحی كرێكارێكی هیندی چی‌بێت كه‌له ژیانێكی خۆشه‌وه كه‌وته سواڵ.

٢_ ئایا وه‌ك نووسه‌ری كتێبی ((كۆماری تۆقین)) ده‌لێت: سه‌دام گه‌وره‌ترین تاوانباری ئه‌م چه‌رخه‌یه؟

٣_ ئایا راسته سه‌دام هیتله‌ری چه‌رخی بیسته‌م و قه‌سابی به‌غدایه؟

---

* جوودیت میلر: جێگری سه‌رنووسه‌ری رۆژنامه‌ی نیۆرك تایمز

* لوری میل روا: پسپۆڕی مه‌لبه‌ندی رۆژهه‌ڵات ناسی_ زانكۆی هاروارد

٤_ ئایا ئەوەی کە ((عیراقیەکان سەدام یان خۆش دەویت)) راستە؟ یان ئەوە دارو دەستەکەی بۆی ئە هوننەوە.

٥_ ئەی خەلکی عیراق بۆچی ئەم هەموو زولمەی قبوڵ ئەکەن؟

ئەم کتیبە چەندان ملیۆن دانەی لێچاپکراوەو سەرانسەری ئەمریکاو بەجیهاندا بڵاوکراوەتەوە. دەبیت هەموو رۆشنبیریك بیخوینیتەوە بەتایبەتی رۆشنبیری کورد تا بەتەواوی لە تاوانی ئەم رژیمە دژی کورد ئاگاداربیت. لە زمانی بیانی‌یە بێلایەنەکانەوە راستی‌یەکان وەربگریت.

لە ناوەراستی سەدەی هەشتەمی زاینی‌دا دووەم خەلیفەی بەدەسەڵاتی عەباسی‌یەکان ((ئەبو جەعفەری مەنسوور)) ویستی کە پایتەختیکی تازەی بۆ فەرمانرەوایی‌یە بەرفراوانەکەی بۆ دروست بکەن بۆ ئەم مەبەستەش ناردی بەشوین باشترین وەستای (میعماری) ئەوکاتەو داوای لێکرد کە شاریکی وای بۆ دروست بکات کەتا ئەو کاتە شتی وادروست نەکرابیت.

پاش ماوەیەکی زۆر (وەستا) نەخشەو پیلانی تایبەتی شارەکەی برد بۆ لای ((خەلیفە))و پێی راگەیاند کە شیوەی شارەکە بازنەیی دەبیت و کۆشکی خەلیفەش دەکەویتە ناوەرستی‌یەوەو خانووەکانی تریش هەموویان یەك دوور رێیان ئەبیت لە کۆشکی خەلیفەوە. بەڵام خەلیفە لەم کارەی وەستا باش حالی نەبوو بۆیە داوای‌لێکرد کەباشتر بۆی روون بکاتەوە ئەویش داوای مۆلەتی کردو پاش ماوەیەك هاتەوە لای‌و لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ بینینی ئەو شوینەی کە شارەکەی تیادروست دەکرا بەڵام بە پیش هاتنی بە کریکارەکانی وتبوو کە بە چواردەوری شوینەکەدا چالیك هەلبکەنن و پری دارو پوشی بکەن ئینجا لەبەردەم خەلیفەداگری تی بەردا کلپەی ئاگرەکە لەشیوەی بازنەیەکدا بەرەو پیشەوە دەچوو بەمە خەلیفە لەمەبەستی وەستا تی‌گەیشت و بریاری‌دا دەست بەکاربن بەم شیوەیە بنچینەی شاری ((بەغدا)) دامەزرا.

ئەمرۆ ئەم شارە گەورەیە پایتەختی عیراقە ومەلبەندی فەرمانڕەوای ((سەدام))ی سەرکۆماری عیراقەو هەر لە کاخە گەورەکەی ئەم شارەوە سەدام فرمانی داگیر کردنی (کویت)ی دەرکردو جیهانی خستە ئەم بارە ناهەموارەوە.

رۆژنامەکانی عیراق کەهیچ سەربەخۆیی یەکیان نی یەو زمان حالی حکومەتن بەشان و بالی ئەم کارەی سەدام یان هەلداو بەدووەم شۆرشی عیراقیان لەقەلەم دا بەلام دەنگدانەوەی جیهانی رۆژئاواو سازمانە نیو دەولەتی یەکان زۆر پر لەسەروسەداوناڕازی بوون بوو،ئەنجومەنی ئاسایش چەند دانیشتنیکی کوت و پری سازداو چەند بریاریکی دەرکردو بەپەلە داوای لە عیراق کرد کە خاکی کۆیت بەجی بهیلیت بۆ ئەم مەبەستەش ئابلووقەی ئابووری خستە سەر بەلام سەدام هیچ گوی‌ی بەمانە نەداو بەلکو بەرامبەر بەوە کەوتە گرتنی هاوولاتی ئەمریکایی وئورووپایی‌یەکانی ناو عیراق وکۆیت وەك بارمتە بەسەرشوینە گرنگەکانی پیشەسازی دا دابەشی کردن تاوەکو قەلغان سوودیان لی وەربگریت.

هەموو دراوسیکانی عیراق دژی ئەم کارەی (سەدام)وەستان و لەگەل ئەنجومەنی ئاسایش دا یەك را ئابلوقەکەیان توند کردو ریزیان لیگرت.

تورکیا کە دراوسیی سەروی عیراقەو ئەندامی سازمانی (ناتۆ)یە و تابینەقاقای لەژیر قەرزا ئەنالینیو هەولی ئەوەیەتی کە لە بازاری هاوبەشی ئەورووپا وەك ئەندام وەربگیریت یەکەم دەولەت بوو کە دژیئەم کارەی (سەدام) وەستا. (ئۆزال)ی سەرەك کۆماری تورکیا هەر ئەو رۆژە تەلەفۆنی بۆ (بۆش)کرد و دلنیای‌کرد کە ئەگەر سەدام کویت بەجینەهیلیت ئەوا دەولەتەکەی هیلی نەوتی عیراقی دەبەستیت و شادەماری ژیانی عیراق دەبریت کە سی‌یەکی نەوتی عیراقی لەم بۆری‌یەوە دەروات. هەر بەمەشەوەنەوەستا بۆ رۆژی دوایی تەلەفۆنی بۆ (فەهد)کردو دلنیای‌کردو کە لەگەلیایەو نابیت هیچ ترسی هەبیت.

(حافظ اسد)ی پیشەوای سوریای دراوسیی رۆژئاوای عیراقیش، کە هەر لەکۆنەوە نیوانیان لەگەل سەدام دا باش نەبوو، ئەم بارەی بە فرسەت زانی زۆر

بەگەرمی پشتیوانی لە کویت کردو ئەم کارەی بەتاوان زانی. شایانی باسە کەلە شەری ئیران عیراق دا سوریا پشتی ئیرانی دەگرت کەئەمەش ناکۆکی نیوان عیراق و سوریا بەهیزترکرد. لەگەڵ ئەوەی کە نیوانی سوریا و ئەمریکا لەسەر ئیسرائیل زۆر ناخۆش بوو بەلاّم هەر بۆ شکانی سەدام بریاری‌دا کە ناراستەو خۆ بچیتە ریزی نەیارەکانی سەدام بۆیەش بریاری ناردنی (٢٠)هەزار سەربازو (٢٧٠)تانکی رووسی‌دا بە سعودی‌یە.

دراوسێ‌یەکی‌تری رۆژئاوای عیراق واتە (ئەردەن) پەیوەندی‌یەکی زۆر بەهیزی لەگەڵ عیراق دا هەیە ئەم ولاّتە هەژارە و بەپیچەوانەی زۆربەی دەولەتەکانی ناوچەکە نەوتی نی‌یەو لە ٩٠٪ نەوتی پیداویستی لە عیراق دەکرێ هەروەها ٢٥٪ پیویستی‌یەکانی‌تری هەر لەم ولاّتەوە دەبات (شا حسین)وەك حافظ اسد کەوتبووە سەر دووریانیك، لەلایەکەوە نەی‌دەویست نیوانی لەگەڵ سەدام داتیك بچیت وە لەو هەموو سەودانەی کە لە عیراقی‌یەوە دەست دەکەوت خۆی بێ‌بەش بکات لەلایەکی‌تریشەوە ئەو پەیوەندی‌یە بەهیزەی کە بە ئەمریکایەوە دەبەست نەی دەویست ببرێ لە شەری ئیران ـ عیراق دا پشتی (سەدام)ی گرتبوو سەدام ی بەپالەوانیکی میللی هاوتای جەمال عبدالناصری میسری دەزانی لەو بروایەدابوو کە تاقە ریبەری ولاّتە عەرەبی‌یەکانەو دەتوانێ عەرەب بەهەموو ئاواتەکانی شاد بکات هەر بۆیەش بۆ پەیوەندی رامیاری لەگەڵ ئیراندا بچری. ئەو شاحسینەی کە رۆژنامە نوسانی رۆژئاوا بە شای کورتە بالاّ ناوی دەبەن بۆ چارەسەرکردنی کیشەکە بەپەلە خۆی گەیاندە (سەدام)و پاشابیش یەکسەر خۆی گەیاندە ئەمریکا بەلاّم پاش ئەوەی کە ئەم ناوبژی‌گەری‌یەی بێ‌سوودبوو وازی هینا، ئەمریکا وازی لێ‌نەهینا تاوای لیکرد بیتە ریزی دژەکانی سەدام کەبەمەش زۆر نارەحەت بوو.

ئیرانی دراوسێی رۆژهەلاّتی عیراقیش کە لە سالی ١٩٨٠وە کەوتبووە بەرهیرشی عیراق رازی‌بوونی خۆی بەبریاری نیودەولەتان ئاشکراکرد لەگەڵ ئەوەش دا کە شەری نیوان عیراق و ئیران کۆتایی‌هاتبوو وەهەردوولا بەبریاری

٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش رازیببوون بەڵام زۆر مەسەلەی جیکەی مشت و مر لە نیوان یاندا مابوو لە بەر ئەوە سەدام بۆ کردنەوەی لاپەرەیەکی دۆستایەتی لەگەڵ ئیران دا کت و پر وازی لە هەموو داواکانی لە خاك و ئاوی ((شط العرب)) (کەتەنها ریگەی ئاوی عیراقە کەبە جیهانی‌یەوە دەبەستیت) هینا ئەم شەرەی عیراق و ئیران ئەوەندە بەربڵاوبوو کە هەندیك لە شارەزایانی سیاسی وای بۆ دەچن کە زیانی مرۆیی هەردوولا خۆی ئەدات لەیەك ملیۆن بیجگە لەو هوموو زەرەرو زیانە دارایی یانە وە لەو برواییەدان ئەم جەنگە پر زیانترین جەنگی ناوچەیی یە پاش جەنگی مغۆل_ئیران لەسەدەی سیانزەدا.

لەگەل ئەوەی هەولدان بۆ بەرپابوونی ئاشتی یەکی تەواو لەنیوان عیراق وئیران دا هەر بەردەوام بوو بەلام هەلویستی ئیران بەرامبەر هیرشی عیراق بۆ سەر کۆیت تا دەهات توونـدو تیژتـر ئـەبوو.رۆژی١٢ی‌ئـابی/٩٩٠ ((خامنـەیی)) جیگـری ((خومـەینی)) بـانگی غـەزای بـلاو کـردەوە بـۆ دەرکردنـی هیزەکـانی ئـەمریکا لەناوچەکەداو داوای لەهەموو مسولمانان کرد تا یەك بگرن بۆ وەدەرکردنی هەموو هیزە بیانیەکان لەهەمان کاتیشدا بەتووندی داوای لە سەدام کرد کە ئەبیت کۆیت بەجی بهیلیت و کۆتایی بەم هیرشەی بینی هەروەها رای گەیاند کە بەهەموو بریارە نیودەولەتیەکان رازی یەو بیجگە لەدەرمان وخواردەمەنی ریگانادات چی تر بچیت بۆ عیراق. بەم کارەی ئەو هەولەی سەدام ی پووچەل کردەوە کەدەیویست ئیران ئابلووقە نەخاتە سەر عیراق.

عەرەبستانی سعودی دراوسـێی خـوارووی عـیراق کەشـۆینیکی سـتراتیجی تایبەتی هەیە و شا(فەهدی) شای ئەو وولاتە کەلەماوەی چەند سالیکی رابردوودا بەهۆی پارەی زۆریـەوە وولاتەکەی پرکردبوو لەچـەکی هەمـە جـۆری((ئـەمریکی)) لەترسی ئەوەی کە هیرشـەکەی سەدام ئەویش بگریتەوە بەپەلە داوای لە (بۆش) کرد کەخیرا فریـای بکـەویت ویارمـەتی بـۆ بنـیری ئـەمریکاش کەپیداویستی یە

ئەوتی‌یەکانی خۆی لە ناوچەدا لەژێر مەترسی دا بینی بەپەلە وەلامی((فەهدی)) دایەوەو بۆ بەرەنگاری ((سەدام)) هێزەکانی لەو وولاتەدا دابەزاند.

پێویستە ئەوەش بوتری کەپێش داگیرکردنی کویت (شا فەهد) زۆری هەولدابوو بەناوبژی کردن لەنێوانیادا بەلام هەموو ئەو هەولانە بی‌سوود دەرچوون یەکێك لە دەست و پیوەندەکانی (فەهد) دەلیت: ئەو شەوەی کە سەدام کۆیتی داگیر کرد چاوی لیك نەناو تووشی نارەحەتی ببوو خیرا خیرا داوای یامەتی لە(بۆش) ئەکرد چونکە خۆی لەژێر مەترسیەکی کوشندەدا دەدیت بۆیە دەرگای وولاتەکەی بۆ هێزە رۆژئاواییی‌و هی‌تر کردەوەو لەماوەیەکی زۆر کەم دا نزیکەی (٢٠٠)هەزار سەرباز کە (١٤٠)هەزاریان ئەمریکی‌بوون لە خاکی سعودی‌دابەزینران دەولەتە هەلاتووەکەی کویتیش پەیتا پەیتا داوای لە ئەمریکا ئەکرد کە بە زووترین کات سەدام دەرپەرینێ و ئەوان بگەرینەوە بۆ وولاتەکەیان و خیزانی (سەباح) بچنەوە شوینی خۆیان بەلینیشیان دا بە ئەمریکا کە قەت ئەو چاکەیان لەبیرنەچیتەوەو پاش گەرانەوە هەرچی بویت دەی‌دەنێ‌و چەند بنکەیەکی هەمیشەیی سەربازی دەدەن بە ئەمریکا.

یەکیکی‌تر لە دەولەتەکانی کەنداو کە (بەحرینە) ئەویش دەرگای وولاتەکەی بۆ هێزەکانی ئەمریکاو ئینگلیز خستە سەرگازی پشت و چەند بنکەیەکی سەربازی خستە ژیر دەسەلاتیانەوە هەروەها (عومان) کە پاش روخانی شای ئیران ببوە شوینی دەسەلاتی رۆژئاوایی‌یەکان ریگەی بە ئەمریکادا کە هەرچۆنیك بی‌یەوێ ئەتوانێ لەو وولاتە سوود وەرگرێ.

یەکیکی‌تر لە نەیارەکانی سەدام، حوسنی مبارەك بوو کە پیشان لە شەری ئیران ـ عیراق دا پشتی عیراقی گرتبوو بەلام زۆر بە توندی نارەزای بەرامبەر داگیرکردنی کویت دەربری‌و داوای لیکرد تازووە کویت بەجی‌بهیلیت هەروەها (٣٠)هەزار سەربازی پیادەو (٢)هەزار سەربازی دەریایی بەرەو سعودیە نارد و بەلینیشی‌دا کە بەزوترین کات تۆپ و تانکیش بنیریت.

ئا بەم شێوەیە ڕێك و پێك کردنی هێزەکان دەستی پێکرد هەموو جۆرە فڕۆکەو پێداویستی‌یە جەنگی‌یەکان لەسەرووی سعودی‌یە دامەزێنران و دابەزین فڕۆکەکانی (ئەواکس) کە کۆنترۆڵی کەشتی‌یە جەنگی‌یەکان و ڕێنمای فڕۆکەکانی‌تریان پێ‌سپێررابوو کەوتنە ئاسمانی ناوچەکە و زۆربەی شارەکانی عێراقیش خرانە ژێر توانای مووشەکە دوورهاوێژەکانەوە بەم جۆرە ئەو سەدامەی کە خۆی بەرابەری عەرەب دەزانی خۆی لە ژێر فشارێکی ترسناك دا بینی‌یەوە بەڵام چونکە ئەم پیاوە درندەیە و گوێ بە هیچ نادات خۆی تێك نەداو کوێتی چۆڵ نەکرد.

دوو هەفتە پێش داگیرکردنی کوێت، عێراق نزیکەی (١٠٠)هەزار سەربازی لە سنوری ئێرانەوە گواستبۆوە بۆ سنوری کوێت دەوڵەتەکانی کەنداوی فارسی ئاگایان لەم بارە بوو هەر زوو خەبەریان بە ئەمریکا دابوو بەڵام ئەوان ئەو کارەیان ناچیز لە قەلەم دابوو گوێیان پێ‌نەدەدا.

بۆچی سەدام بەم کارەی هەم وڵاتەکەی خۆی و هەم ناوچەکەی تووشی ئەم ئاشووبەکرد؟ ئەمەریکا بۆچ خۆی گێل کرد و ئەو هەموو ئاگادارکردنەوانەی کە بۆی دەچوون بێ‌نرخ لە قەلەمی دەدات؟ ئایا سازمانی سیخوری (سیا) بێ‌ئاگابوو؟ یان چەند مەسەلەیەك کە ئێمە دەربارەیان هیچ نازانین خەریکی درووست بوون بوون تائیستاش زۆر لە لێکۆلەوەران نەیانتوانیوە هۆیەکانی ئەم بێ‌مبالاتیەی ئەمریکا دەربخەن و تا ئیستاش وەڵامی زۆر لەم جۆرە پرسیارانە دیارنی‌یەو بێ‌سەروشوینە. (مۆرفی) کە جیگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکایە بۆ کاروباری ناوچەی ڕۆژهەڵات و خواروی ئاسیا لەو بروایەدایە کە ئەوەی پالی بە سەدامەوە نا ئەم کارە بکات گوێ نەدانی عەرەبەکانە بەو داوایانەی کە لێیانی دەکرد لە کاتی شەری ئێراندا چونکە وای چاوەروان دەکرد کە دەبوو ئەو دەوڵەتانە باشتر یارمەتی بدەن و ئەو یارمەتی‌یانەی کەدابویان زۆر بێ‌نرخ و کەم بایەخی دەزانی ئەو وای دانابوو کە خۆی کردووە بە قەلغان لەبەردەم ئێراندا و ئەو

هەموو لاوانەی کردووە بە قوربانی ئەو هەموو زیانانەی کەداویە هەر لەپێناو ئەوان دابووە جابۆیە بەو بێدەنگی‌یەی ئەوان و یارمەتی نەدانیان نارازی بوو لە راستی‌دا شەڕەکە هەر شەڕی نێوان عێراق و ئێران نەبوو بەڵکو شەڕی ئێران و هەموو دەوڵەتەکانی کەنداوبوو راستە (کوێت) هەندێ یارمەتی دابوو بەڵام ئەو ئەویارمەتیانەی زۆر بەکەمتر ئەزانی لەوەی چاوەڕوانی دەکردوو بەشتیکی ناچیزی دەزانی.

هەشت رۆژ پێش ئەوەی کوێت داگیربکات سەدام سەفیری ئەمریکای لە بەغدا خاتوو (گلاسپی) بانگهێشتن کردبوو و گرێی دلی خۆی بەم جۆرە بۆ کردبۆوە کە وتبووی:((من خۆم کردبووە قەلغان لە بەردەم وولاتەکانی کەنداوو خەلکیکی زۆرم بە کوشت داو زیانیکی دارایی زۆرم کرد چ وولاتیک ئامادەیە لە پێناو سوودی خەلکیدا بچیتە جەنگەوە ئەم هەموو زەرەرە دارایی‌و گیانی‌یە قبوڵ‌بکا؟ لە کەمتر لە یەك هەفتەدا دە هەزار کوژراومان هەبوو پاش دوو هەفتە لەو روداوە لە جەبهەیەکی‌تردا دە هەزاری ترمان لەناوچووە ئەمە گاڵتەیە؟ ئایا وولاتەکەی ئێوە دەتوانیت زیانی‌وا قبوڵ بکاو ناوچەوانی گرژ نەبیت؟ گەلی عێراق لە بەرامبەر ئەم گیان فیداکاری‌یەدا چاوەڕوانی بەلای کەمەوەی هاوکاری ئەو دەوڵەتانەبوون کەچی ئەوانە ئەو شتە کەمە کە دابوویان بە کاریکی گەورەو بەنرخ دەزانن کە لە راستی‌دا ئەوەندە کەم بایەخە بۆ باسکردن ناشیت. من ئیستا پیویستی‌یەکی ئیجگار زۆرم بە پارە هەیە و کەچی ئەوان خۆیان ناکەن بە خاوەن تەنانەت من جیگەکەی خۆمم خستۆتە مەترسی‌یەوە ژمارەی کوژراو بریندارو پەك کەوتووەکان ئیجگار زۆرە، ئیمە بۆ ئاوەدان کردنەوەی وڵات پیویستی‌یەکی تەواومان هەیە بە پارە)).

لەو جەنگە هەمەلایەنیی‌یەی کە لەگەڵ ئێران دا کردی لەگەڵ ئەو هەموو زیانە مرۆڤی‌یانە و ئابووری عێراقیش لێک هەلوەشاو تووشی شەلەل بوو پێش دەستپێکردنی شەڕەکە عێراق خاوەنی (٣٠)ملیار دۆلاری دانراوبوو کەچی دوای تەواوبوونی شەڕەکە بە قەرزارداری (٧٠)ملیار دۆلار لەو شەڕ هاتە دەرەوە و توانای دانەوەی ئەو قەرزانەی لە خۆی‌دا شك نەدەبرد کویت یەکێك بوو لەو دەولەتانەی کە داوای قەرزەکانی دەکردەوە و لەسەر ئەوەش پافشاری دەکرد سعودیەش هەروا داوای قەرزەکانی دەکردەوە بەڵام زۆر فشاری نەدەکرد چونکە ئەو دەیزانی کە سەدام توانای قەرزدانەوەی نی‌یە تا دەهات کویتی‌یەکان زیاتر تەنگیان بە سەدام هەڵئەچنی و داواکەیان دووبارە دەکردەوە سەدامیش نەك هەر خۆی بە قەرزدار نەدەزانی بەلکو داوای هی‌تریشی دەکردو هەموو جارێ بۆ ناچارکردنی ئەوان داواکانی خۆی لەزەوی کویت دا دووبارە دەکردەوە.

کەشمەکەشی سنوری نێوان عێراق و کویت بۆ پێش (٥٠)ساڵ ئەگەڕێتەوە وە لەماوەی ئەم ٥٠ساڵەدا هەموو جارێك عێراق داواکانی تازەکردۆتەوەو هەندێ پارەی وەرگرتووەو بێ‌دەنگ بووە بەڵام هەڕەشەکانی ئەم جارەی سەدام لەو جۆرانە نەبوو کەچی کویتی‌یەکان هیچ بایەخیان پێ‌نەدەداو وایان دانابوو کە هێزەکانی عێراق لێك هەلوەشاوەو هیچ یان پێ‌ناکرێ ئابەم جۆرە کەوتبوونە هەلەوە ئەگەر زیرەکانە لە مەسەلەکەیان بڕوانیایە هەرگیز تووشی ئەو بارە نەدەهاتن.

یەکێك لە سیاسی‌یە گەورەکانە ئەمریکا دەلێت:

((کاتێك کە بەرەو ڕووی شێرێکی برسی دەبیتەوە واچاکە پارویەکی چەوری بخەیتە بەردەم و هیچ نەبێت بۆ ماوەیەکی کەم بێ‌دەنگی بکەیت بەڵام ترساندنی ئەو شێرە برسی‌یە لەگەڵ ئەوەشدا کە کەلکی نی‌یە مەترسی بۆ خۆشمان زیاتر پەیدا دەکات، ئاشکرایە پیشاندانی نەرمی و تیرکردنی بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت مەترسی کەم دەکاتەوە)).

لەمانگی شوباتدا مەسەلەکە تەواو بەرەو مەترسی دەڕۆیشت جولەکەکان لەو هێزانەی کەلە سنووری عیراق کوێتدا دامەزرابوو نارەحەت بوو بوون بە ئەمریکا ڕاگەیاندبوو کە چەند مووشەکێك لەوسەر سنورانە جێبەجێدەکرێت کەچی ئەمریکا لەبەر هەر هۆیەك بێت گوێیان پێنەئەدا بەو بەلگەیەی کە گوایا مەبەستی سەدام تەنها چاو سوورکردنەوە لە کوێت و ئەمریکا و ئیسرائیل و مەبەستی باج وەرگرتنە ئینجا ئایا ئەم بەلگەیە قبوڵ دەکرێت؟ ئایا عیراقیەکان بۆ ترساندنی ئەم دەولەتانە ڕێگەیەکی تریان نەبوو؟.

ڕۆژی ١٢ی شوبات (جان کلی) جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەلات سەردانی وولاتەکانی کەنداوی فارسی کرد هەروەها سەردانی بەغدادیشی کرد کە بە سەردانێکی سوودبەخش لەقەلەم دەدا (کلی) بە دەولەتەکەی ڕاگەیاند کە عیراق باری ئابوری زۆر خراپەو سەدامیش زۆر ڕقی لە دەولەتەکانی کەنداو هەلگرتووە بە تایبەتیش لە کوێت، وە زۆر نزیکە هێرش بکاتە سەر واشنتۆن ئەنجامەکانی ئەم سەردانەی زۆر بەباش زانی ئەوەندەی نەمابوو کە پەیوەندی نێوان ئەم دوو وولاتە ئاسایی ببێتەوە کەچی دوو ڕۆژ دوای ئەوە ڕادیوی دەنگی ئەمریکا لە یەکێك لە ووتارەکانیدا هێرشێکی توندی کردە سەر ئەو دیکتاتۆریانەی کە لە جیهاندا هەبوو داوای لەگەلەکانیانی کرد کەبەرو ڕوویان بتەقنەوەو لە هیچ نەترسن لەناو ئەو دیکتاتۆرانەدا ناوی سەدامیش هاتبوو بۆیە سەدام لەو ووتارە نارەحەت ببوو وە ناردبووی بە شوێن سەفیری ئەمەریکاداو زۆر بەتوندی نارەزای خۆی پێڕاگەیاندبوو سەفیریش لە وەلام دا پێی ووتبوو کە بەرنامەکانی دەنگی ئەمریکا سەربەخۆ ئامادەدەکرێن و تەنها ڕای ئەو کەسەن کە ئامادەیان دەکات بە هیچ جۆرێك پەیوەندییان بە دەولەتی ئەمریکاوە نیە ئەوەندەی نەمابوو کە دیسان پەیوەندی نێوان ئەم دوو دەولەتە بەرەو ئالۆزبوون بچێتەوە.

ڕۆژی ١٢ی شوبات (ئەنجومەنی هاوکاری عەرەب) بەسەرۆکایەتی سەرۆك وەزیرەکانی عیراق و یەمەن و ئەردەن و میسر کۆبونەوەیەکیان بەست ئەم ئەنجومەنە بۆ یارمەتی عیراق دامەزرابوو سعودیە حەزی نەدەکرد بچیتەناوی سەدام کرابوو بە سەرۆکی ئەم ئەنجومەنە بە قسەی یەکێك لە سیاسەت زانەکان یەکێك لە ئامانجەکانی سەدام کە سەرکردایەتی عەرەبە بۆی هاتبووە دی لە یەکێك لە دانیشتنەکانی ئەم ئەنجومەنەدا سەدام هێرشیکی توندی کردە سەر ئەمریکا و وتی دەبێت بەزووترین کات کەشتی‌یە جەنگی‌یەکانی لە ناوچەکەوە دەربنێت وە داواشی لە سەرۆکەکانی عەرەب کرد کە دەبێت زۆر ئاگاداری خۆیان بن کە ئەمریکا بۆ سودی خۆی و جولەکەکان سوود وەرنەگرێت بەتایبەتی کە دەولەتی شورەوی وازی لە ناوچەکە هیناوە دەبێ عەرەبەکان هەموویان بە تیکرا دژی ئەمریکا بوەستن هەروەها وتی: سەرکردەکانی ئەمریکا کە هەمیشە دژی ئاواتەکانی عەرەب بوو لەمەودوا زیاتر پێ‌ی لێ‌هەڵ دەبرن و ئەوەتا خەریکن کە چەکی زیاتر بدەن بە جوولەکە.

سەرکردەکانی ئەمریکا گوێیان بەم قسانەی سەدام نەداو وایان دانا کەئەوە لە رقی ووتارەکەی دەنگی ئەمریکا بووە.

سەدام لەدانیشتنیکی‌تری ئەم ئەنجومەنە کەلە (عەمان) بەسترابوو هەمان قسەکانی پیشووی دووبارە کردەوەو لە کۆتای‌دا ووتی:

(تەنها یەك بوونمانە دەتوانین لەم ناوچەیە بمانپارێزیت وەرن دەست بخەینە ناو دەستی یەك و بەرەو ئامانجە نەتەوەیەکانمان بڕۆین و دەستی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم لە ناوچەکە کورت بکەینەوەو ئەگەر یەك بین دەتوانین شاری (ئۆرشەلیم) لە بیگانەکان بسەنی نینەوەو بی‌دەینەوە بە خاوەنەکەی ئاسۆ لەبەردەم مان رووناکە.

هەندێ لە دەولەتە عەرەبی‌یەکان لەم دوای‌یەدا داوای قەرزەکانیان دەکەونەوە لیمان بەلام من لیرە بە ئاشکرا رای ئەگەیەنم کە ئەبێت نەك هەر داوای قەرزەکانیان نەکەنەوە بەلکو دەبێت یارمەتی تریشمان بدەن ئەوە ئەرکی سەرشانیانە ئاخر ئیمە

لاوەکانمان و دارایمان لە پێناوی ئەوان دا بەخت کرد وڵاتەکەی من پێویستی بە (٣٠)ی ملیار دۆلار هەیە تکام وایە بچن و بەو سەرۆکە عەرەبیانەی کەداوای پارەمان لێدەکەن رابگەیەنن کە دەبێت ئەو پارەیەم بدەنێ چونکە ئەگەر نەیدەن من بەزۆر لێیان دەسێنم).

ئەو نوێنەرانەی کە ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە بوون لەم قسانەی سەدام زۆر سەریان سورما و لە کاتێکدا کە نەیان دەزانی چی بکەن (حوسنی موبارەك) کە پیاوێکی قسە رەق و تورەیە توورە بوو وە روو بە رووی سەدام ووتی:

(جەنابی سەرۆك کۆمار ئەوە چۆن قسەیەکە؟ هەرەشە لە کێ ئەکەیت؟ من هەرگیز ئەم هەرەشانەت ناتم ترسێنێ). ئەمەی ووت و بۆ نارەزایی دەربڕین هۆڵەکەی بەجێ هێشت.

لە رۆژی ٩ی مارتدا جارێکی تر سەدام مانۆرێکی تازەی دژی عەرەبەکان ئەنجام دا فرمانی دا کە دادگایەکی تایبەتی بۆ دادوەری کردنی (فەرزادی بازۆفت)دا دابنرێت کە بە رەگەز ئێرانی و پەیام بنێری رۆژنامەی ئۆبزێرڤەری ئینگلیزی بوو ماوەیە لەمەو پێش بە تۆمەتی جاسوسی کردن بۆ ئیسرائیل گیرابوو خەلکی لەو بڕوایەدا نەبوون کە لە کاتێکدا کە وەفدێکی عیراقی لە لەندەن خەریکی ووتوێژی بازرگانی بوون ئەم پیاوە لە سێدارە بدات بەڵام سەدام ئەوەی کرد ئایا بۆچی بە تایبەتی لەم کاتەدا ئەوەی کرد؟ بەریتانیا لەو دەوڵەتانە بوو کە لە شەڕی ئێران – عیراقدا یارمەتی‌یەکی زۆری بە عیراق دابوو، بۆچی بەم پەلەیە ئەم کارەی کرد؟ ئایا نەی ئەتوانی تا کاتێك کە وەفدەکەی لە لەندەن دەگەڕێتەوە دوای بخات؟ دیارە ئەوە ئامانجێکی تایبەتی هەبوو.

هەر لەم کاتەدا مەسەلەیەکی تر پەیوەندی نێوان عیراق و رۆژئاوای تێك دابوو، رۆژی ٢٢ی مارت لە شاری (برۆکسل) لەلایەن چەند چەتەیەکەو (جێرالد بۆل) کوژرا، ئەم پیاوە خەلکی ئەمریکا بوو لە دروست کردنی چەکی تازە یارمەتی عیراقی دەدا بەوەی کە کاتێ بە مردوویی ٢٠ هەزار دۆلار لە باخەلیا مابوو

دەرکەوت کە بۆ پارە نەکوژرابوو بۆیە وا دانرا کە جاسوسەکانی ئیسرائیل کوشتویانەو بەمەش لە مەترسی ئەم پیاوە بۆسەر وولاتەکەیان رزگاریان بووە. رۆژی ٢ی نیسان سەدام بە رەسمی ئاماژەی بۆ ئەمە کردوو هەرەشەی لە جولەکەکان کرد کە ئەگەر دەست لەم کارەیان هەل نەگرن وولاتەکەیان بە چەکی کیمیایی ویران دەکات ئەم هەرەشەیەی سەدام وولاتە رۆژئاوایەکانی هەژاندن جولەکەکان زۆر بەتوندی داوایان لە ئەمریکا کرد کە بە ووردی سەدام بخاتە ژێر چاودێری‌یەوە چونکە ئەوان زۆر باش دەیان زانی کە ئەگەر یەکێك ئەم چەکە ترسناکە دژی هاولاتیانی خۆی بەکاربێنێ ئەوا بۆ بەکارهێنانی لە دژی جولەکە سڵ لە هیچ ناکاتەوە.

لە ناوەراستی نیساندابوو کە سەدام نامەیەکی بەنهێنی بۆ (رەفسەنجانی) نووسی ئاگاداری‌کرد کە ئەو دەستی لە (شط العرب) هەلگرتووە گەراوەتەوە سەر رێکەوتن نامەی جەزائیر وە ئامادەیە کە دیلە جەنگی‌یەکان ئالوگۆر بکرێت ئەو کاتە کەس نەی‌ئەزانی کە مەبەستی سەدام لەم کارە چی‌یە، بەلام ئەوەی بۆیە کرد تا ئەگەر هێرشی کردە سەر کوێت مەترسی ئێرانی نەبێت. لەکۆتای مانگی (مایس)دا سەرۆکەکانی عەرەب لە بەغدا کۆبونەوەو سەدام لە وتارێکدا لە بەردەمیاندا دیسان داوای یەکبونی لێکردنەوەو هەروەها داوای لێکردن کە داگیرکەران لەناوچەکە دەرپەرێنن و (قودس)بگەرێننەوە بۆ خاوەنەکانی بەلام لەم ووتارەدا باسی کوێتی نەکرد. کەچی بۆ رۆژی دوایی سەرکردە عەرەبەکان کۆبونەوە سەدام لە بەردەمیان ووتی:

((سەرکردەکانی کوێت ئامادەنین لەگەڵ مانارێك بکەون ئەوان نەك هەر داواکانمان قبوڵ ناکەن بەلکو بەقەرزارمان دەزانن، ئێوە هەموو دەزانن کە عێراق لەم بارە ناسکەدا بۆ ئاوەدانکردنەوە پێویستی زۆری بە پارە هەیە ئەوەش دەبێت کوێت بی‌دا، من نازانم بۆچی ئەو پارە نادەن و سەرەرای ئەوەش داوای قەرزمان لێ‌دەکەن؟))

نوینەری کویت تورەبوو لەگەڵ دەرخستنی ئەوەی کە دەوڵەتەکەی توانای نی‌یە ئەو پارەیەبدات هەروەها قسەکانی سەدامیشی بێبناغە دایە قەلەم.

چەند رۆژێك دوای تەواوبوونی کۆنگرەکە میری کویت (شیخ جابر) بریاریدا کە (شیخ علی خەلیفە) کە ماوەیەکی زۆر بوو وەزیری نەوتی کویتی بوو بکات بە وەزیری دارایی ئەو دەیویست بەرامبەر بەهەرەشەکانی سەدام پیاویکی شوینی متمانەی خۆی وەزیری دارایی‌بیت ئەم پیاوە لەو وەزیرانەبوو کە لە ریك خراوی (ئۆپك)دا لایەنی ئەوەی دەگرت کە نابیت نرخی نەوت زیاد بکریت.

لە کۆتای مانگی (حوزەیران)دا (سعدون حمادی) بۆ وتو ویژلە بارەی نەوتەوە سەردانیکی ولاتانی کەنداوی کرد مەبەستی لەم سەردانە ئەوەبوو کە داوای یارمەتی لە سەرکردەکانی ئەو ولاتانە بۆ عیراق بکات، لە سەردانی بۆ (کویت) ئەوەندە لەگەڵ میری کویت دا خەریك بوو تا ناچاری کرد کەبریاربدات لەماوەی (٣)سالدا (٥٠٠)ملیۆن دۆلار بدات بە عیراق، بەلام ئیتر لەوە زیاتر ئامادەنی‌یە هیچی‌تر بدات.

بەلام سەدام ئەو پارەیەی بە کەم زانی و قبولی نەکردو لەسەر داوای خۆی هەر سور بوو لە یەکیك لە ووتەکانی‌دا ووتی:

((دەولەتی کویت ئامادەنی‌یە داواکەمان جێبەجێبکات بەبیانوی ئەوەی کە گوایا پارەی نی‌یە، دەیەویت تەنها هەر (٥٠٠) ملیۆن دۆلارمان بداتێ ئیمە بەمە رازی‌نین هەموو ئەو پارەیەی کە داوامان کردووە ئەمانەویت، ئەوان ئەلین پارەمان نی‌یە بەلام ئیمە هەموو حسابیان لە بانکەکاندا ئەزانین و لە کاتی پیویستدا بە خەلکی رادەگەیەنین)) .

رۆژی ١٠ی تەمووز وەزیرەکانی نەوتی ولاتەکانی کەنداو بۆ لیکۆلینەوە لە داواکانی عیراق لە (جدە) کۆبونەوە عیراق هەر دوو دەولەتی کویت و ئیماراتی عەرەبی یەککگرتووی بەوە تاوانبارکردبوو کە پتر لەبەشی خۆیان نەوت دەفرۆشن و بەمەش نرخی نەوت دابەزیوە هەروەها کویتی بەوەش تاوانبار دەکرد کەلەبەشی

هاوبەشی سنور ئەو نەوتە دەرئەهێنێ و دەبێت ئەو پارە بدات بە عیراق، نوێنەرەکانی سعودیەو ئیران زۆر بە گەرمی داوایان لە کویت و ئیمارات دەکرد لە بەشی خۆیان زیاتر نەوت نەفرۆشن لەگەڵ زیادبوونی نرخی نەوتیش هەروەها عیراق لەسەر داواکانی هەر بەردەوام بوو (تارق عەزیز)ی وەزیری دەرەوەی عیراق لەنامەیەکیا بۆ (شاذلي قليبي) ئەمینداری گشتی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب کویتی بەوە تاوانبارکرد کە لە بیرە نەوتیەکانی (رميلە)ی هاوبەش نەوت بەدزی و نهێنی دەرئەهێنێ و پارەکەی ئەخاتە گیرفانی خۆیەوەلەهەمان رۆژدا لەوتەیەکیدا ووتی:

((هەندیك وڵاتی عەرەب لەبری ئەوەی لەم بارەی ئیستاماندا یارمەتیمان بدەن کە چی پیلانیکی گەورە دژمان جێبەجێدەکەن بەوەی نەوتی ئیمە دەدزن و پارەکەشیمان نادەنێ ئیمە لەسەر مافی رەوای خۆمان سورین و تامافەکانمان وەرنەگرین بێدەنگ نابین، ئیوە دەتانەوێ بەو هەموو سەروەتەوە کەهەتانە منالەکانی ئیمە لەبرساندا بکوژن کە قەد ریگەی ئەوەتان پێنادەین و دەبیت ئەو ئاواتەتان لەگەڵ خۆتاندا بۆ گۆر بەرن)).

لە رۆژی (١٧)ی تەمووزدا سەدام بۆ پشتگیری کردن لە وتەکانی وەزیری دەرەوەی خۆی دا ووتی:

((بەداخەوە دوو دەولتی کویت و ئیمارات لە دڵ سافی ئیمە بەخراپی کەلك وەرئەگرن نەوتی زیاد ئەفرۆشن و بەمەش نرخی نەوتیان دابەزاندووە لەوەش خراپتر ئەوەیە کە دەولەتی کویت لە بیرەکانی نەوتی هاوبەشمان دا نەوت بێئاگای ئیمە دەرئەهێنێ و دیناریکی مافی ئیمە نادات هەرچەند نیەت باشیمان نیشان دا کە چی ئەوان ئەنجامی باشمان نادەنێ ئیمە بیجگە لە بەکارهینانی هیز هیچ ریگا چارەیەکیتر شك نابەین))

ئەنجومەنی وەزیرانی کۆیت لەپاش یەك رۆژ دوای ئەم وتەیەی سەدام کۆبۆوە هەموو وەزیرەکان زۆر بەتووندی بەسەدام دا هەڵشاخان وهەموو ووتەکانی ئەویان رەت کردەوە. وەزیری دادوەری کۆیت دەستی بەقسە کردن کردو ووتی:

((هەرخوا خۆی ئەزانێت ئەگەر سەدام هەروا ئازادبێ  تاکوی بەرەوپێش ئەروات ئەو چەند خەیاڵ پلاوەی لەمێشکی دا دروست دەکات وبەم بیانوانە دەیەوێت بەمەرامە گڵاوەکانی بگات ئەو چ قەرزێکی لەسەرمانە تا بیدەینەوە؟ ئەوتەنها هەرباجی لیمان دەوێت وئێمەش باج بەکەس نادەین)).

وەزیرەکانی تریش هەر لەم بابەتەوە دوان. لەکۆتاییدا ئەنجوومەنی بڕیاری دا کە ئامادەبوونی گشتی رابگەیەنێت و پشووی سەربازان بەتاڵ کرایەوە. سەدام هەموو پێشەکیەکانی هێرشەکەی ئامادە کردبوو وگواستنەوەی هێزەکانی لەم لاوە بۆ ئەولا هەواڵی رووداني کارێکی گەورەی راگەیاند لە(٢١)ی تەموزدا سەرۆکی سازمانی سیای ئەمریکی ئەم هەواڵانەی پێگەیشت بەڵام ئەو لەو بڕوایەدابوو کەئامانجی سەدام ترسناندنەوەیەو وەدەیەوێ کۆیت ناچار بکات کە باجی بداتێ ئەگینا سەدام توانای داگیر کردنی کۆیتی نی یە.

بۆ ناوبژی کردن حوسنی مبارک خۆی گەیاندە بەغداو بەدرێژی لەگەڵ سەدام دا وتوویژی کردو ئەنجامی وتوویژەکان بەسوود مەند دایە لەقەلەم و ووتی:_

سەدام پەیمانی پێداوە کە بەهیچ جۆرێک هێرش بۆ کۆیت نابات هەرچەندە دوای ماوەیەک عیراقی یەکان بەرەسمی ئەو قسەیان بەدرۆ خستەوەو ووتیان:_ کە هەرگیز سەدام پەیمانی وەهای نەداوەو تەنها ئەوەی ووتووە کە تاووتوویژ لەنێوان عیراق وکۆیتدا بەردەوام بێت هێرش ناکات.

لە٢٤ی تەموزدا ئەمریکا بەرامبەر جموجووڵی هێزەکانی عیراق لەسەر سنووری کۆیت (شەش) کەشتی جەنگی بەناوی ئەوەی کە مانۆڕی سەربازی لەگەڵ هێزی دەریای ئیماراتدا ساز دەدات رەوانەی ئاوەکانی کەنداو کرد(بۆش) لەووتەیەکدا دەری بری کەلە جیهانی ئەمڕۆدا باج وەرگرتن باوی نەماوە.

وەدەبێت زۆرداران دەم کووت بکرێن، قسەکەری کۆشکی سپی ئەمریکاش رای گەیاند کە ئەو وولاتە بەرپرسیارە لە پارێزگاری کردن لە هاوپەیمانی خۆی لە

کەنداو بەلام لەگەل هەندیك لەو ووڵاتانەی کەنداو ئیمە پەیمانی مۆر کراومان نیە لەوانەش دەولەتی کۆیتە.

رۆژی دووەم سەدام سەفیری ئەمریکای بانگکردە کۆشکی خۆی و لەووتوویژیکی تایبەتی دا کە کات ژمیریکی خایاند سەدام دەری بری کە:

ئەمریکا وادیارە کە لە مەبەستەکانی ئەو بەچاکی تی نەگەیشتووە ئەو مەبەستی داگیرکردنی کۆیتی نی یە و تەنها داوای پارەی خۆی ئەکات.

هەرچەند دەقی ئەو ووتارانەمان لەبەردەستدا نی‌یە بەلام بەپێی راپۆرتیکی پەیامنیری (ABC) کەپاش هیرشەکەی سەدام بۆ کویت بلاوکراوەتەوە، سەدام بە خانمی (گلاسپی) ووتبو کە ئەگەر کویت گویٔ بۆ داواکانی شل نەکات ئەو چارەیەکی‌تر بیجگەلە بەکارهینانی هیزی سەربازی شك نابات

وەلامی سەفیریش بەم جۆرەبوو:

((بۆچی ئەبیت عەرەبەکان لەگەڵ یەکتردا شەر بکەن؟ ئەم شەرە پیچەوانەی ئامانج و ئاواتی عەرەبەکانە))

لە کۆتای کۆبونەوەکەدا سەدام بە خانمی سەفیری راگەیاندبوو کە عەرەبستان خەریکی ناوبژی‌یە و بەیانیش دانیشتنیکی زۆر گرنگیان هەیە.

خانمی سەفیر لە راپۆرتەکەیدا وای‌نووسیوە:

((ئەو بەمنی راگەیاند کە ئەگەر کویت لەگەڵمان ریك بکەویت و گیروگرفتەکان چارەسەر بکرین ئەوا هەرگیز هیرش ناکاتە سەری))

وادیارە خانمی سەفیر تەواو دلنیابوو کە هیرشیکی ئەوتۆ روونادات بۆیە پاش ماوەیەکی‌زۆر بە پەیامنیری ۆرژنامەی نیۆرك تایمزی راگەیاندبوو کە:

((من هەرگیز لەو بروایەدا نەبووم کە سەدام ئەم کارە شیتانە بکات زۆر لێپرسیاوی ووڵاتەکەشم هەمان بیرو رایان هەبوو))

رۆژی ٢٨ی تەمووز کارناسیکی نەوتی ئەمریکایی هاتە بەغداو لەناسیاوەکانی عیراقی خۆی پرسیبوو: ئامانجی سەدام چی‌یە؟ ئایا بەراستی هێرش دەکاتە سەر کویت؟ ئەوانیش بەم شێوە وەڵامیان دابۆوە:

((ئیمە لەم بارەیەوە هیچ نازانین ئیوە دەبیت بۆ وەرگرتنی ئەم وەڵامە تا هەفتەی ئاینده بوەستن)) کارناسەکە جاریکیتر ئەپرسێ:

((ئەی ئیوە لە ئەمریکا ناترسن؟، ئەوانیش لە وەڵامدا پێیان ووتووە: نەخیر بۆچی لە ئەمریکا بترسن؟ ئەو وەك پلنگیکی لە کاغەز دروست کراو وایە)).

کارناسە نەوتی‌یەکە راپۆرتی خۆی‌ئەدات بە واشنتۆن و مەترسی ئەو بارو زروفەیان پێ‌رانەگەیەنیت بەڵام کۆشکی سپی هەروا بێ مبالاتانە سەیری ئەویش ئەکەن.

رۆژی ٣٠ی تەموز سازمانی (سیا) خەبەری‌دا کە سەدام نزیکەی (١٠٠)هەزار سەرباز و سەدان تانکی لە سەر سنووری کویت کۆکردۆتەوە رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) کە ئەم هەواڵەی بڵاوکردبۆوە لە ژێر ئەو هەواڵەدا لە زمانی یەکیك لە لێپرسراوان نوسیبووی:

((عیراق هێرش ناکات ئەمە بلۆف زیاتر هیچی ترنی‌یە))

واشنتۆن و مۆسکۆ هەردووکیان ئەمەندە دلنیابوون کاتیك سەفیرەکانیان لە بەغداد داوای مۆلەت یان کردبوو مۆلەتیان دابوون و رۆژی دوایی بەغدایان بە جێ‌هێشتبوو.

رۆژی ٣١ی تەموز وت و ویژی عیراق و کویت بەناوبژی‌کردنی سعودی‌یە لە (جدە) دریژەی هەبوو (شیخ سعد) جیگری میری کویت لەم دانیشتنەدا بەشداری کردبوو بەنیازی ئەوەی ئەنجامیکی باش دەستگیربیت تا ئیستاش نهێنی‌یەکانی ئەم کۆبەنەوە گرنگە بڵاونەکراونەوە.

(محمد المشاط) سەفیری عیراق لە ئەمریکا لەم بارەیەوە دەڵێ:

((کویتی‌یەکان چارەسەرکردنی گیرەوگرفتەکەیان لە لا گرنگ نەبوو وەپێشنیارەکانی ئێمەیان بە جیدی وەرنەگرت)).

یەکێکی‌تر لە بەش دارانی ئەم کۆبونەوەیە کەنەی دەویست ناوی خۆی ئاشکرابکات و ووتی:

((سەرۆکی لایەنی عیراقی پێشنیارەکەی دووپات کردەوە کە دەبێت کویت (١٠) ملیار دۆلار بدات و ئەو زەوی‌یانەش کە نزاعیان لەسەرە بدات بە عیراق))

وەڵامی سەرۆکی لایەنی کویتی بەم جۆرەبوو:

((ئەمە وت و ویژ نی‌یە ئێوە تەنها هەر هەرەشەدەکەن ئێوە دەتانەوێ هەرچی‌یەکتان داواکرد بتاندەینێ نەخێر هەرگیز ئامادەنین ئەو کارە بکەین))

نوینەری عیراق بەم قسانە تورەبوو و لەرقا سالۆنی کۆبونەوەکانی بەجێهیشت. شیخ سەعد کە ئەو کاتە حازر نەبوو کە ئەم هەواڵەی پێگەیشت زۆر خەفەتی خوارد و داوای لە سەرۆکی وەفدی عیراق کرد کە باشتر وایە بە جووتە دانیشتنێك بکەن بەڵام سەرۆکی وەفدی عیراقی بە بیانوی سەر ئێشە بەو کارە رازی نەبوو. پاش ماوەیەکی زۆر (شیخ سەعد) لەبارەی ئەو رۆژەوە دەڵێ: ((ئێمە ئامادەبووین کە پاشە کشەبکەین و واز لە داواکانمان بهێنین و ناوچەیەکی نەوت دار بەکرێ بدەینە سەدام)).

کات ژمێر دووی بەیانی رۆژی ٢ی ئاب سەربازەکانی عیراق چوونە ناو کویت و لەماوەیەکی کەمتر لە (٦)کات ژمێر بەبێ زیان دان سەرانسەری وڵاتی کویت یان داگیرکرد بێ‌ئەوەش کە کویتی‌یەکان هیچ بەرەنگاری‌یەك بکەن.

سەرەنجام ئەوەی چاوەروان دەکرا رووی‌دا.

بۆچی سەدام ئەمەی کرد؟ ئایا بەراستی چ داوایەکی هەبوو بەرامبەر کویت و ئەمریکا؟ بۆچی ئەمریکا کەم یارمەتی دابوو؟ ئایا لەو رۆژانەی کە عیراق پێویستی بە گەنم هەبوو بۆی نەنارد لەگەڵ ئەو هەموو گیروگرفتەی کە هەبوو؟ ئەی ئەمریکا نەبوو رادارەکانی خستبوونە ژێر دەسەڵاتی عیراق؟

ئەی هەر ئەو نەبوو لە شکانێکی تەواو لەبەردەم ئێران دا رزگاریکرد؟ ئەو دەوڵەتی کوێت یارمەتی دارایی کەمی دابووییە؟ ئەی ئەمریکا پاش بۆمبابارانی کیمیایی کوردەکان و ئێرانییەکان بۆچ سەدامی نەترساند؟ بە پێچەوانەوە هەر ئەوکاتەبوو کە پەیوەندی لەگەڵدا بەهێزترکرد. ئەی ئەو هەموو کۆرو کۆمەڵەی ئەورووپا و واشنتۆن بۆچی پێش هێرشەکەی سەدام چوبونە خەوی غەفڵەتەوە؟ سازمانی (سیا) بەو هەموو بەر فراوانییە بۆچی تەنها یەك رۆژ پێش هێرشەکە واشنتۆنی ئاگادارکردەوە؟ هۆی چیبوو کەهەموان لەو باوەڕەدابوون کە سەدام کاری وەها ناکات؟ بەراستی ئەم کارەی سەدام هەموو جیهانی هەژاند و خستنیە دەریایەك کەشمەکەشەوە.

سەدام باش ئەیزانی کە ئەو کارەی رووبەرووی نارەزایی جیهان دەبێتەوە بەڵام هەرگیز بە بیریانەدەهات کە واشنتۆن وا بەتوندی وەڵامی دەداتەوە ئەمە جاری یەکەم نەبوو کە حیساباتەکانی سەدام بە هەڵە دەربچن ئەی لەبارەی ئێرانیشەوە تووشی هەمان هەڵەی گەورە نەبیبوو؟ ئەو وای دانابوو کە لەماوەی کەمتر لە یەك هەفتەدا دەتوانێت بەبەشی زۆری ئامانجەکانی بگات ئەوەبوو هێرشی کردو ئەو هەموو بەڵایەی بەسەر هاو وڵاتییەکانی خۆی و خەڵکیتردا هێنا خۆ ئەگەر یارمەتی دەوڵەتەکانی کەنداو نەدەبوو ئەوا هەر زوو ملیئەشکا.

هەر دوو هێرشەکەی سەدام لەماوەی (١٠)ساڵدا تووشی گەورەترین شکان و سەرلێشێوان هاتن ئەمە ئەوە دەرئەخات کە سەدام هیچ ئاگاداری لە رامیاری جیهانیدانییە ئەو کە خوێندنێکی رێك و پێکی نەبوو جیهانی تووشی دوو کێشەی گەورەکرد هۆکەشی هەر ملهوری و خۆ بە زل زانین و تاك رەوی ئەم پیاوەبوو.

*__تێبینی__/ ئاگاداری خوێنەرانی گۆڤارەکەمان ئەکەین کە لە ژمارەکانی ئایندەدا هەر جارەی بەشێك لە کتێبی (لە تکریتەوە بۆ کوێت) کە لە هەشت بەش پێك هاتووە بڵاو ئەکەینەوە.*

(هزری نوێ)

# چەوساندنەوەی تەقلیدی
# و
# کاریگەری لەسەر ژن

ئامادەکردن و وەرگێرانی: گۆنا جەزا

﴿ئەم ووتارە بەشێکە لە نووسراوەیەکی د.سناء الخیاط کەلە ژێر ناوی (الشرف و العار فی العراق المعاصر) کەلە(الثقافة الجدیدة) ژمارە (٢٦٢)دا بڵاوکراوەتەوە. کە بە شێوەی وەرگێرانێکی ئازاد وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی بەو هیوایەی کە وەڵام دەرەوەبێ بە ئێش و ئازارەکانی چەوسانەوەی ژن لەناو خزاندا بۆ هوشیاربونەوەو بەرخۆدانیان(وەرگێر)﴾.

لەچەند سەدە لەوەو پێشترەوە، ئافرەتی عێراقی مل کەچی هەیمەنەتی پیاوبووە. فەرمان ڕەواییان بەسەر چارەنوسیدا کردووە بەشێوازی جۆراوجۆر هەر لەساتەکانی لەدایك بوونیەوە. داب و نەریتە کۆنەکان خوازیاری مانەوەیان بووە بەدابراوی لە کونجی ماڵەوەدا، وە وادادەنرێ کە لاوازترە لە پیاو لە رووی جەستەو هزرەوە. ئافرەتی ناودارو چاك ئەوەیە کە گوێ ڕایەڵ وگوێ لەمستبێ، فێری ئەکەن خزمەتکاری کەسانیتربێت، بەڕێزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ دایك و باوك و برا گەورەکانی و هەموو ئەندامانی بەتەمەن تر لە خۆی خۆیو مێردەکەیو خێزانەکەی بکات.

(هەڵبەتە ئەمە بەشێوەیەکی یەکلایانە بەسەر ئافرەتدا دەسەپێنن بەبێ ئەوەی کەس بە بچووکترین ڕێز بۆئەو قایل بن)، دایکی نموونەی بەرزەبۆی لەسەر کچ پێویستە کە پارێزگاری لەشەرەفی خێزانەکەی بکات بەمانەوەی بە کچیو پاکی، وەلەسەر یەتی لەپاش شووکردن پارێزگاری لە دیمەنی بکات، وەهەوڵ نەدات بۆ گرنگی بۆ ئەوەی کەسیتیەکی سەربەخۆی هەبێت.

زۆربەی ژنانی عیراق، هیچ نازانن دەربارەی خوازبینیکەرەکانیان، جگە لەناوەکەیو شیوەکەی لەگەڵ شتیك لە خیزانەکەیو باری خەرجی، وە ئاستی خویندنی بە شیوەیەکی تایبەتی. ئەوان لایەنی کەم هیچ نازانن دەربارەی کەسیتییەکی (باری دەرونییەکەی)، لەبەرئەوە ئەو ئافرەتانەی چاوپێ کەوتنم لەگەلدا کردوون، وەزۆربەی ژنانی عیراق پییان وایە کە شووکردن پەیوەستە بەبەخت و نسیبەوەو لەسەر هیچ سۆزو پەیوەندییەکی سۆزدارینییە، وەلەسەر فاکتەری ماددی ریك دەخرێ زیاتر کەئەمەش لەپاش شووکردن گیروگرفت درووست دەکات. وەزۆربەی ئەو ژنانەی کە چاوپیکەوتنم لەگەڵ کردوون لەو بروایەدان کە پەیوەندی لەگەڵ میردەکانیاندا بەرەو پیش دەروا بەرەو خۆشەویستی و لیك گەیشتن کەشەدەکان بەتیپەربوونی چەند سالیك. ئەو کاتەی کە روو بەرووی شاردنەوەی ئەمە دەبنەوە، لۆمەدەکرین لەلایەن خۆیانەوە بەوەیکە نوشوستیان هیناوە لەگەڵ ئەوەی کەبەوە ئیعتیاری دەکەن پیویستە تەسلیمی ئەم قەدەرەیان بن و ئەمە هەلویستیانە راڤە دەکات لە قبوڵ کردن و تەسلیم بوونی تەقلیدی بەقەدەر بەبێ هیچ بەرهەلستییەك.

وەزۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە چاوم پێکەوتوون بەشیوەی جۆراوجۆر گوزارشیان لەوە کردووە کە تەسلیم بوون بە قیسمەت و نسیب وەئەمە بۆچونیکیباوە بەتایبەتی لەلادێکانی عیراقدا، وەزۆر لەسەر شووکردن نارۆن.

وە پیویستە ئەوەمان لەیاد نەچێ کەخیزان لەکۆنداو وەلە ئیستاشدا لە جیهانی عەرەبیدا بەهیزە، کە بنەمای خیزان لە خیزانی بەرفراوان بۆ خیزانی سەربەخۆ لەباوکیتیو میرد دەگۆرێ، کەنابیتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییەکانی خیزان.

لە وەلاَم دانەوەی پرسیارەکانمدا ئەوە روون بوەوە کە ژنانی عیراق لە ناو کۆمەڵدا هەموویان دەچەوسینرینەوە، کەپیکەوەبوون و هاوسەریتی (الزواج) بەوسیفەتەی دامەزراویکە دەکەویتە ژیر هەیمەنەی پیاوەوە، لەسەر بنەمای دەسەلاَتداریتی و بالادەستی پشت ئەستورە نەك لەسەر بنچینەی یەکسانی،

ئەمەش ژنان بەرەو مل کەچی پیاوان دەبات لە ناو خیزاندا، لەگەڵ ئەوەی ئافرەتە گەنجەکان هاوسەرە شکست خواردووەکان ئەبینن لەدەوروبەریان هەست بەو هەستە بە هیزە دەکەن کە هاوسەریتی (سەرکەوتو) گرنگترین ئامانجیانە لە ژیانیاندا. ئەمەش بەپلەی یەکەم ئەگەریتەوە بۆ پرۆسەی پیگەیاندنی کۆمەلایەتی کەوا فیرکراون کە هاوسەریتی ئەو رووداوە بنە رەتی‌یەیە لە ژیانی کچ دا، ئەوە پاداشتیکە بۆ باشی دەورو نەخشی‌ئەو. وە ئەگەر ئافرەت بەو شیوەیەی کۆمەڵ باوەری پێیەتی هەلسوکەوتی‌کرد ئەوا بە ئافرەتیکی شەریف ئیعتباری ئەکەن، وەئەگەر نا ئەوا شەریف نی‌یە، و ئەمە دەیبات بەرەو ئەوەی کەلە پاش ملە خەلك باسی بکات و ئەمەش کار ئەکاتەسەر ناوبانگی (سمعتها) و دوای ئەوەش لەسەر هەلی شوکردنی.

## کاری ناوماڵ و کاری کرێ گرتە

لەگرنگترین ئەو گیروگرفتانەی کە رووبەروی ژنانی ئیش کەر دەبیتەوە بریتی‌یە لە چاودیری کردنی منالو کاری ناو ماڵ، بەپێی رۆشنبیری باوو کەئەمانە ئیشی ژنە، بەلام ئەم گیروگرفتە گشتی‌یە، لە جیهانی رۆژئاوادا تارادەیەك لە توندو تیژی‌یەکەی کەم بۆتەوە ئەویش بە چاك کردنیکی ریژەیی لە هەلویستی پیاو لەچاو دیری کردنی‌دا بۆ منال و کاری ناو ماڵ، بەزیادکردنی ئاسانکاری‌یەکان وەکو خواردەمەنی ئامادەکراو و دامەزراوەکانی چاودیری کردنی منال.

بەلام لە عیراقدا هەتا ئیستا پیگەیشتنی کۆمەلایەتی بۆ ئافرەت هەلگری ئەو باوەرەیەکە پیاو بالا دەستە بەسەریا وەری نادات کە پیاو یارمەتی بدات لەکاری ناو مالدا بەو ئیعتبارەی کەئەو کارە تایبەتە بە ژن. ئەمەش ئەبیتە هۆی ئەوەی کە پیاو هیچ کاریك لە ماڵدا ئەنجام نەدات تەنها ئەرکە لاوەکی‌یەکان نەبیت. لەگەڵ

ئەوەشدا پیاو پێویستی بە ئافرەتە بۆ یارمەتی دانی (بەتایبەتی ئیش کردن لەدەرەوەی ماڵدا).

بەم شێوەیە ئافرەت خۆی هەلدەستی بە درێژەکێشانی دابەشکردنی تەقلیدی بۆ کارکردن لە نێوان هەردوو رەگەزەکەدا (ژن و پیاو)، هەمیشە ئافرەت دەناڵێنێ لە ململانێی نێوان ئارەزوویدا بۆ ئەوەی ببێتە ((ژنێکی چاک، باش)) وە ئارەزووی بۆ بەدەست هێنانی کاتی حەوانەوەو سەرگەرم کردن بەسەردانی هاوڕێو ناسیاو خزمەکانی، کە ئەم میوانداری‌یە مەسەلەیەکی گرنگە لە ژیانی ئافرەتدا لە رووە تایبەتی‌یەکەیەوە. بەلام پیاو لەگەڵ هاورێکانی‌دا ئەچێتە دەرەوە لایەنی کەم هەموو ئێوارەیەك.

پیاو خۆی ئیعتبارئەکات کە بەخێوکەری ئافرەتە، ئافرەتیش لەسەریەتی لەبەرامبەردا هەستێت بە خزمەت کردنی لە ماڵدا، بەلام ئافرەتی ئیشکەر بەکرێ ناگەرێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە کەیبانووی ماڵ لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لەسەری کاری ناو مالیش بکات بەبێ هیچ کرێیەك. لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە، لەکۆمەلە جیاوازەکاندا، کەکاری ناو ماڵ بەبەختێکی ئابوری دائەنرێت، ئەمەش ئەگۆرێ بەپێی پەی بردنی ئافرەت بۆ نرخی کارەکەی ناو مالی، لەگەڵ ئەوەشدا کاری پیاو تووشی شکست دەبێ بەپێی هەستانی ئافرەت بەکاری ناو ماڵ. سروشتی خزمەت گوزاری کە ئافرەت پێشکەشی ئەکات، بێبەری ئەکات لە هێزو لەدەست کەوتنی مالی، ئەوە یەکێکە لە فاکتەرەکانی ئارەزووکردنی ژنی عێراقی بۆ دەست کەوتن یان دۆزینەوەی مێردێکی دەولەمەند کە بتوانێت هەموو شتێکی بۆ دابین بکات.

لەلایەنی تیۆرییەوە بزوتنەوەی ئافرەتانی عێراق لە گرنگترین ئامانجەکانی، ئەتوانێ دەوری هەبێت لەبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژناندا، یان گۆرینی رێگەی بیرکردنەوەیان و یارمەتی دانی بۆ ئەوەی زیاتر ئیجابی بێت. وەتەسك بوونەوەی دەلاقەی نێوان هەردوو رەگەزەکە ((پیاو و ژن)) لە

کۆمەڵگادا، وە گۆرانی هەلویستی کۆمەلگا لە ئافرەت و تیروانینی بەکەم سەیرکردنی بۆی.

لەو چاوپیکەوتنانەی کە ئەنجامم داوە ئەوە ئاشکرابوو کەئەم ئامانجە هیشتا نەهاتۆتەدی، تا ئیستا ((ئازادی)) دادەنریت بەکاریکی شەخصی، کە هیچ کاریگەری نی‌یە بەکاری سیاسی‌یەوە، وە ئازادبوون کاریگەری دەبیت بۆ سەر ئابروی ژن وەك فەرد. وەکو چۆن پیٚنەگەشتوی کۆمەڵایەتی هەلگری ئەو بۆ چونەیە کە ئافرەت پاسەوانی ئابروی ((شرفها)) خۆیەتی‌و ئەوە ئابرووی خیزانەکەیەتی، وەپیویستە زیادە رەوی نەکەین لە ئازادبوونی‌دا، ئەگەر وسترا بە ((ژنیکی صالح)) دانریٚ.

بەپیچەوانەی گوندنشینەکانەوە، شارنشینیەتی عیراقی رووبەروی رۆژئاوایی‌بوون و تازەگەری بووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشا زۆر گرانە ئیستا شارنشینەکان بخوینن، وەریژەیەکی کەمیان لەدەرەوەی ماڵ کاردەکەن، لەگەڵ ئەوەی کە هۆشیاریان بەرزبۆتەوە، ئەوە زیاتر ژیانیانی ناارام و ئالۆزکردووە، لەهەمان کاتدا زەحمەت کیشان لەلادیٚ و لە شار رووبەرووی توندو تیژی جەستەیی ئەبنەوە، وە تیگەیشتووەکان رووبەرووی لیدانی زۆر توندو تیژی زهنی دەبنەوە لەلایەن میردەکانیانەوە یان لەلایەن یەکیك لە پیاوانی خیزانەوە، ئەم هەل و مەرجە لەلایەن هەلسوراوانی بزوتنەوەی ژنانی رۆژئاواوە پەی پیٚنەبراوە، بەبۆچونی ئەوان ژنانی هەر دوو چینی ((ناوەراست و سەروو)) روو بەرووی چەوساندنەوە نابنەوە کە ئافرەتانی چینی کریکار و لادیٚکان پیوەی ئەنالیت.

گەیشتمە ئەم وەڵامانە لە پرسیارەکانم، زۆربەی ژنان بەهەست کردن بە سووکایەتی ئەنالینن لە خیزانەکانیاندا، هەندیکیان ئەوەیان روونکردەوە، بەڵام هەندیکیان هەولی ئەوەیان دا بە روون و ئاشکرای دەری نەبرن، حەقیقەتی جیگیر ئەوەیە کە چل لە پەنجای ئەو ژنانەی کە چاوپیکەوتنم لەگەڵ کردوون پەشیمانی خۆیان نیشان داوە لە شووکردنەکانیاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئافرەتی خوێندەوار ئەوە ئەبینێت کە رەگەزی کچان پلە یەکی خوارەوەترو نزمتریان هەیە لە کۆمەڵگادا. بەگشتی ئەمانە ئیعتبار ئەکات بە تاقیکردنەوەیەکی خۆی لەناو خێزانەکەیدا کە شقلیکی تاکەکەسی هەیە نەك دیاردەیەکی گشتیبێ.

ئەم رووپۆشکردنە شقلیە تاکەکەسیيە بۆ گیروگرفتەکانی ژن، سیستمی باوك سالاری بۆ چەوساندنەوەی ژنان بەهێز دەکات ، وە ئەگۆڕێ بەبێ رێکخستنی خۆیان بۆدانانی سنوریك بۆ ئەم چەوسانەوەیە. خێزان فاکتەرێکی بنچینەییيە لە پێکهێنانی کەسیتی ئافرەتدا، هەتا ئیستاش دەورو ئەخۆشی خۆی بەرێوە دەبات لە هەردوو رژێمی تەقلیدیو تازەدا. وە یارمەتی پەیوەندیيە خێزانیيەکان ئەدات بۆ بەردەوامیتی رژێمی باوك سالاری چونکە خێزان تاکە مێ ینەکانی پەروەردە دەکات کەدەوریان جیاوازبێت لە دەوری رەگەزەکەیتر. ئەم پەروەردەکردنە بەردەوامیتی ئەدات بە مل کەچ کردنی ئافرەت.

پوختەی قسە ئەوەیە کە نە یاساکان و نەسیاسەتی فێرکردن کاریگەرییەکی راستیان لەسەر چەوسانەوەی ژنان لە عیراقدا دانەناوە.

لەباسەکەمدا ئەوە دەرکەوت کە ژنانی عیراقی، بەشێوەیەکی گشتی، کارئەکەن دژی خۆیان و ئازادییەکانیان، ئەوان خۆیان بەکەم سەیری ئافرەت دەکەن، پێیان خۆش نیيە لە ژێر ئیرادەی خۆیاندا کاربکەن، کەواتە ئاشکرایە کە پرۆسەی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیيان سەرکەوتووبووە لە چەسپاندن و بەهێز کردنی باوك سالاری.

لەکۆتاییدا، تازەگەری کۆمەڵگای عیراقی لەم دوایەدا لە رێی گۆرانکاری ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە بەر ئەنجامیکی سلبی لێبۆتەوە بۆ ژنان وای لێهاتووە دەوریان زیاتر ئاڵۆز بووەو شێوازی ژیانیان بەئەرك بووە وەهەروەها لە پێشوودا نیشانیان دا ئاارام بوون.

# (( ئـايـا بەراسـتـی بیرکردنـەوە گرنـگـە ؟))
## هاوپەیڤینێك لەگەڵ " میشیل فۆكۆ" دا

وەرگێرانی: سەردار محەمەد

پاش هەڵبژاردنی (فرانسوا میتران) بە سەرۆك كۆماری فەرەنسا لە ساڵی ١٩٨١ دا، دیدیە ئریبون (Didier Eribon)، کە دواتر ژیاننامەی میشیل فۆكۆی نووسی، لەلایەن رۆژنامەی (لیبراسیۆن)ی فەرەنسییەوە هاوپەیڤینێكی لەگەڵ فۆکۆدا سازکرد، کە لە ژمارەکانی ٣٠و٣١ی مایسی ١٩٨١ی ئەو رۆژنامەیەدا چاپ کرا. ئەم وەرگێرانەی خوارەوە بە شێك لەو هاوپەیڤینەیە.

**ئریبۆن: پێدەچێ کە شێوازێكی نوێ لە حوكم كردن لە حاڵی پێكهاتن دابێ؟**

**فۆکۆ: بەڵێ، ئەمە خاڵێكی گرنگە کە ئەمڕۆ بۆ یەکەم جار لەگەڵ هەڵبژاردنی میتران دا ئاشکرا دەبێ. بە بۆچوونی من، زۆربەی خەڵكی هەست دەکەن کە ئەم هەڵبژاردنانە جۆرە سەرکەوتنێك بووە و پەیوەندی نێوان حوکمرانان و خەڵكی خوارەوە دەگۆرێ. نە بەم مانایەی کە خەڵكی خوارەوە جێگەی ئەو کەسانەیان گرتبێتەوە کە حوکمرانی دەکەن، چونکە ئەوەی کە رووی‌داوە شتێك نەبووەجگە لە جۆرە جێ‌گۆرکێ یەك لە نێو چینی حوکمران دا. بەڵام ئەمڕۆ پێ‌دەنێینە قۆناغێکەوە کە (حیزب) حوکم دەکات. بەسەرجەم ئەو مەترسیانەوەی کە ئەم کارە لەخۆی دەگرێ، کە هەرگیز نابێت ئەم مەترسیانە فەرامۆش بکەین.**

**پاشان ئەو مەسەلەیەی کە ئەم گۆرانکاری‌یە نوێ‌یەی بەدیهیناوە ئەمەیە کە ئایا لە توانادایە پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان ئەو کەسانەی کە حوکم دەکەن و خەڵكی خوارەوەدا بەدی‌بێت کە بنەمای ئەو پەیوەندی‌یە لە جیاتی (فەرمان و ملکەچ کردن)، (کارکردن) بێت؟.**

ئریبۆن: مەبەستتان ئەمەیە کە ئایا توانای کارکردن لەگەڵ ئەم حوکمەدا بوونی دەبێت؟

فۆکۆ: پێویستە ئێمە لەبەردەم ئەم دووڕیانەدا هەڵبێین کە هەردوو ڕێگاکەی بە بن بەستی دەگات (کە یادەبێ لایەنگری کەسێك بین) یا (لە دژی ئەو بین). پێویستە ئەوە لە بیر نەکەین کە دەکرێ لە بەرامبەر حوکم دا هەڵوێستێکمان هەبێ و ئەو هەڵوێستەشمان بپارێزین. کارکردن لەگەڵ حوکم دا نەپێویستیبە ڕەخنەلێگرتنە و نەبەمانای پەسەندکردنی تەواویشە. ڕەنگە کەسێك لەگەڵ حوکم دا کاربکات و لەهەمان کاتیشدا هەم نەیاربێ و هەم سەرکێشیش بکات. ئەز تەنانەت لەو باوەڕەدام کە ئەم دووە پێکەوە دوانەن.

ئریبۆن: کەواتە بەم پێیە پاش ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر مێشیل فۆکۆمان وەك ڕەخنەگر بینیوە، ئایا هەنوکە دەکرێ ئەو لەبەرگی ریفۆرم خوازدا ببینین؟ لە بیرمان نەچێ کە ئەو ڕەخنەیەی زۆر جار گیراوە ئەوەبووە کە ڕەخنەی ڕووناکبیران بەهیچ جێگەیەك ناگات.

فۆکۆ: یەکەم، وەڵامی ئەم خاڵە بدەمەوە کە (بە هیچ جێگەیەك ناگات). لە پێناو ئاشکراکردنی ئەو مەسەلانەی کە ئەمڕۆ لە دەستووری کاردان، سەدان و بەڵکو هەزاران کەس زەحمەتیان کێشاوە. کەوابوو، هەڵەیە کە بڵێین ئەم هەموو کارو زەحمەتە هیچ بەرهەمێکی نەبووە. ئایا وێنا دەکەیت بیست ساڵ لەمەو پێش، خەڵکی وەك ئەمڕۆ ئەسڵەن لە فکری مەسەلەکانی وەك پەیوەندی نەخۆشی دەرونیو هەلو مەرجی ئاسایی دەروونی، یا مەسەلەی زیندانەکان، یا مەسەلەی ئەو دەسەڵاتەی کە پزیشك بەکاری دەهێنێت، یان مەسەلەی پەیوەندی ژن و پیاو و نموونەی وەك ئەوانەدا بووین؟

جگەلەمەش چاکسازی، خۆبەخۆ، بوونی نییە. چاکسازی لە هەواداو سەربەخۆ لە بەدیهێنەرانی ریفۆرم ڕوونادات. ناکرێ ئەو کەسانە لەبەرچاو نەگیرێ کە ئەرکی بەڕێوەبردنی گۆڕانکاریەکان دەگرنە ئەستۆ.

به بڕوای من، لـه هـەمووی گرنگتر ئەمەیـه کـه مومکینـه لـه نێـوان ڕەخنـەو گۆڕانکـاری‌دا یـا ڕەخنـەی (ئامـانجی)و گۆڕانکـاری (واقعـی)دا، پێ‌گەیشـتن بەرقـەراربکرێت. (ڕەخنـه) ئەمەنی‌یـه کـه بڵێـین هـەلو مـەرج بـەوجۆرەی کەهەیـه درووست نی‌یه. (ڕەخنه) ئەوەیه کـه بەفکری بێنینـەوه ئـەو شێوازو کارانـەی کـه جێگەی قبوڵی ئێمەن لەسەر چ شتانێك دارێژراوه کەبێ ئەم لاولا.

بەدڵنیـایی پەسـەند دەکـرێ، لەسـەر بنـەمای چ شـێوەفکرێکی گونجـاوو هەڵنەسەنگێندراو بنیات نراوه کـه هیچ کەسێك بەشك و گومان نی یه لەوانه.

پێویسـته ئێمـه لـەم کۆتـه ئـازاد بـین، کـەوەك تاکـه واقعییـەت پـیرۆزی بەکۆمـەڵگابدەین و فکردا کـه هێنـده لـه ژیـانی مـرۆڤ و پەیوەندی‌یـه مرۆیـەکاندا گرنگەو ڕوکاری بنچینەیی‌هەیه، بەشتێکی (زیاده) بزانین. فکر به جودا لەسیستەم و شێوازی توێژینەوەکان، هەبوونی سەربەخۆیی‌هەیه. فکر له پێش چاودانی‌یـەو شاراوەیه، بەڵام ئەو شتەی که دەبێته مایەی ڕەفتاری ڕۆژانەمان شتێك نی‌یه جگه له فکر. تەنانەت له ئەحمەقانەترین داب و نەریت و گەمژەترین دەزگاکان و بێ‌دەنگ ترین خوورەوشتیشسدا، دیسان کەمێك له فکربوونی هەیه.

ڕەخنـەگرتن بەمانای ئەمەیه کـه ئـەم فکـره لـه کـۆن بێنینـەدەر و هـەوڵ بدەیـن گۆڕانکاری‌تیابکـەین: بـەمانای ئەمەیـه کـه پیشـانی بدەیـن کەمەسـەلەکان بـەو ئەندازەیی‌یـەی کـه ڕێنادەکران هێنـده بەڵگەنەویسـت و باوەڕپـێ‌کراونین، بـەمانای ئەمەیه که چاومان بکەینەوەو ببینین ئەو شتەی کەتائەمڕۆ قبوڵکراوه لەبەرئـەوەی بەبەڵگەنەویسـت و دڵنیـایی وەردەگـیرا، ئیـتر پەسـەندناکرێ چونکـه ئیـتر بەبەڵگەنەویستەو باوەڕپێ‌کراو نازانرێت. ڕەخنەگرتن واتای ئەمەیه کەکارێ بکەین کە ئەو بزاوت و ڕەفتارانەی کەتا ئەمڕۆ بەسادەیی‌و سانایی ئەنجام دەدرێ، چی‌تر بەئاسانی ئەنجام نەدرێت.

لەم هـەل ومـەرج و بارودۆخـەدا، ڕەخنـه (وه ڕەخنـەگرتنی تونـدو ریشـەیی) لـه ڕوانگەی هەر شێوه گۆڕانکاری‌یەوه زەرورەتێکی ڕەهای هەیه. گۆڕانکاری‌یەك کـه لـه سنووری هەمان شێوه فکری پێشوتری تێ‌نەپەڕێت، گۆڕانێك کـه تەنها شێوازێك

بێت بۆ گونجاندن وسازگارکردنی زیاتری هەمان فکرە هەمیشەییەکان لەگەڵ ئەو واقعیەتی کە هەیە، شتێك نابێت جگە لە جۆرە گۆڕانکارییەکی رووکەش.

لەلایەکیدیکەوە، هەر هێندەی کە ئیتر نەتوانیت بەهەمان شێوازی پێشوو کەدەربارەی شتەکان بیرت دەکردەوە دیسان بیربکەیتەوە، گۆڕانکاری دەبێ بەزەرورەتێکی خێرا، و لەگەڵ ئەوەشدا کە پرۆسەیەکی دژوارە، بەلاّم بەدیهێنانی مومکین دەبێت. کەوابوو بەو جۆرە نییە کەسەردەمێك کاتی رەخنەگرتن بێ و سەردەمێکیش کاتی گۆڕانکاری، یا کەسانێك خۆیان بۆ رەخنە تەرخان بکەن و کەسانیکی دیکەش بۆ بەڕێوەبردنی گۆڕانکاری، یان کەسانێك هەڵوێستی توندو سەرسەختانە بگرن و رێ‌ی هیچ کەسێك بەخۆیان نەدەن و کەسانێکیش ناچار بەئاشتی خوازییە پێویستەکان بن لەبەرامبەر واقعیەتی کاروباردا. لە واقیعدا، بەبڕوای من گۆڕانکاری قووڵ تەنها لەکەش و هەوای ئازاددا بەدیهێنانی مومکینە. کەرەخنەگرتنی هەمیشەیی بەبەردەوامی ئەو کەش و هەوایە دەبزوێنێ.

ئریبۆن: بەلاّم ئایا وێنا دەکەیت کە رووناکبیر دەبێ رۆڵی بەرنامەیی لەم گۆڕانکارییانەدا هەبێت؟

فۆکۆ: چاك سازی هەرگیز بەتەنها ئاکامی دژایەتیو بەرەنگارییو جەنگان و بەرگری پوخت نییە ...... چاکسازی ئەمەیە کە، کەسێك یەکەم لە خۆی بپرسێت: چ چاکسازییەك لەدەست من دێت؟ بەباوەڕی من ئەمە ئامانجێك نییە کە روناکبیر وەدوای کەوێت، روناکبیر بەتایبەتی لەپانتای فکردا کاردەکات، کەوابوو پێویستە بزانێت کەئازادکردنی بیروڕا تا کوێ دەتوانێت خێراییەکی وەها بەمەسەلەی گۆڕانکاریبدات کە خەڵکی بخوازن ئەوە پراکتیزەبکەن، وەتا کوێ دەتوانێ جێبەجێکردنی گۆڕانکاریهێندە بۆ خەڵکی دژواربکات کە گۆڕانکاری رەگ و ریشەیەکی قووڵ لە واقیعەت دا دابکوتێت.

پێویسته دژایەتی‌یەکان لەپێش چاو بگرێت، پێویسته سەرنج بدات کە ئەم دژایەتیانە بنەرەتی‌ترن لە لێکدانی بەرژەوەندی‌یە پوختەکان یا راوەستانی دەزگاکان. لە نێو دەرونی ئەم دژایەتی‌و بەری کەوتنەوە، پێویستە پەیوەندی‌یەک لەبواری دەسەڵات دا بەدی بێت کەیەکەمین دیاردەی کاتی چاکسازی‌یە. ئەگەر لە بنەماو بنچینەوە، فکر لە سیمای خۆیدا کاری نەکردبێت، وە ئەگەر شێوازی فکرەکان، واتە شێوازی رەفتارەکان، بەواقعی گۆرانیان بەسەردانەهاتبێت، دەزانین کە بەرنامەی چاکسازی‌یەکان هەرچی یەک بێت، نوقم دەبێت، وەهەمان ئەو رەفتارو دەزگایانەی کە هەمیشە هەبوون، ئەو بەرنامەیە قوت ئەدەن و هەرسی‌دەکەن.

**ئێریبۆن: تۆ لە چەند راپەرینێکدا بەشداربویت، بەڵام بەم دوایی‌یە کەمێک پەنات گرتووە، ئایا ئێستا دەخوازیت دیسانەوە لەم جۆرە راپەرینانەدا بەشداربیت؟**

فۆکۆ: من هەر کات ویستبێتم کارێک لەبواری تیۆری‌دا بکەم، بنەمای ئەو کارە ئەزموونی تایبەتی خۆم بووەو لەگەڵ ئەو رووداوانەی کەلە دەوروبەرم دا دەمبینی، پەیوەندی‌هەبووە، لەبەرئەوە سەرقاڵی فلانە لێکۆڵینەوە بووم کە بە ویناکردنی خۆم. لەو شتانەدا کە دەمبینن یا لەو دەزگایانەی کە لەگەڵیاندا سەروکارم هەبووە یا لە پەیوەندیمدا لەگەڵ خەلکی‌دا، بێ‌بایەخی‌یەکان و زەبرە خامۆش و شکستی‌یەکان و خەوشەکانم دەستنیشان دەکرد ...... هەمیشە کارەکانم وەک چەند بەشێک لە ژیان نامەکەم بە قەلەمی خۆم بووە. ئەز لەو چالاکانە نەبووم کە لە پێکدادان پەنایان گرتبێ و هەنووکە بخوازن بگەرێنەوە بۆ خزمەت. تەرزی کارکردنی من هێندە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، بەڵام هەروەها چاوەروانیشم کە گۆڕان بەسەر مندا بێنێت.

**ئریبۆن: خەلکی پێت دەڵێن رەشبینیت، بەڵام ئێستا کە گوێ لەقسەکانت دەگرم، دەبینم تائەندازەیەک تەنانەت گەشبینیت.**

فۆکۆ: جۆرە گەشبینی‌یەك بوونی هەیە وەك ئەمەی کە بلێیت هەلو مەرج لەمە باشتر مومکین نی‌یە، بەڵام گەشبینی من لەمەدایە کە دەلیم ئەم هەموو شتانەی کەهەن ئەگەر چی تیکشکینەرن، بەڵام زیاتر گیرۆدەی هەلومەرج و باروودۆخن تا ملکەچی حوکم بن، زیاتر دلخوازی‌یە تا دلنیایی‌و بەلگە نەویستی، زیاتر بەشیکن لە هەلومەرجیکی میژووی کاتی نەك شەتەك دراوی کاروباری جیگیرو نەگۆرین لە رووی ئەنترۆپۆلۆجی‌یەوە ....... . راستت دەوێ، وتنی ئەمەی کە ئیمە گەلی دواکەوتووترین لەوەی کە هەستی پێدەکەین، بەمانای ئەمەنی‌یە کە سەرجەم باری میژوو بدەین بە کۆلمانا.

بەم مانایەیە کەلەو شتانەی کە پیشکەش بە ئیمە دەکرین و پیمان دەوترێ و بەدەر لە تیگەیشتنی ئیمەن، زۆرترین بەش بۆکاریك تەرخان بکەین کە خۆمان لە دەستمان بیت ئەنجامی بدەین.

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوە: فرد در سیاست

گزیدە و نوشتە و ترجمە: عزت الله فولادوند